PEACE
PARADIGMS

Berghof Foundation



# ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی کەش و هەوا لە عیراق

## خاڵاکانی دەستپێکی بۆ گفتوگۆ لەسەر ئاستی ناوخۆیی

ئەم ڕاپۆرتە لە چوارچێوەی پڕۆژەی بەهێزکردنی تواناکانی عێراق بۆ وەڵامدانەوەی مەترسییەکانی کەشوهەوا و کاریگەرییان لەسەر داینامیکی ململانێی هەنووکەیی بەرهەم هێنراوە کە لەلایەن دامەزراوەی بێرغۆف و ڕێگاکانی ئاشتی بە پاڵپشتی فەرمانگەی دەرەوەی فیدراڵی ئەڵمانیا جێبەجێ دەکرێت و بەشێکە لە مەترسییەکانی کەشوهەوا پایەی ئاشتی بە سەرۆکایەتی ئەدێلفی.

adelphi

german cooperation
DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT

**سوپاس و پێزانین.**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەبێ پشتیوانی زۆرێک  لە تاک و قەوارەکان نەدەکرا. سەرەتا سوپاسی تایبەتی خۆمان ئاراستەی توێژەران و چاوپێکەوتنکاران دەکەین کە چاوپێکەوتنەکانیان ئەنجامداوە هەروەها بۆ هاوبەشەکانی چاوپێکەوتن لە عێراق کە کاتیان بۆ ئامادەبوون و هاوبەشکردنی بۆچوونەکانیان و دیدگاکانیان تەرخان کردووە. کە جێی پێزانینە. هەروەها تیمی پڕۆژەکە سوپاسی کۆمپانیای ئەدێلفی دەکات کە چوارچێوەی شیکارییەکەی داڕشتووە و شارەزاییەکانیان پێشکەش کردووە. لە کۆتاییدا تیمی پڕۆژەکە بە تایبەتی سوپاسی وەزارەتی دەرەوەی فیدراڵی ئەڵمانیا دەکات کە بە میهرەبانییەوە پشتگیریان لەم پڕۆژەیە کردووە کە لە چوارچێوەی ئەم ڕاپۆرتەدا بەرهەم هێنراوە.

**دیزاین:** ئامبەرپرەس، کاتیا کۆبەرلین، گۆسیا وارینک

**الترجمة:** ئاڤان طه کایانی

**بڵاوکراوەتەوە لە لایە ن**

PEACE PARADIGMS

Berghof Foundation

ڕێکخراوی ڕێگاکانی ئاشتی
شەقامی ئەلقادیسیە، ناوچەی ٦٠٦
کوچەی ١٤، خانووی ژمارە ٣٣,
بەغدا، عێراق

بەختیاری وەزیران، MNW
بینای B٣، نهۆمی ٨، شوقە ٤-١
هەولێر، عێراق
www.ppo-iq.org

دامەزراوەی مرۆیی بێرگۆف
لیندێن ستراس ٣٤
بەرلین ١٠٩٦٩
ئەڵمانیا
www.berghof-foundation.org

٢٠٢٣© . ئەم کارە دابەش دەکرێت بەپێی مەرجەکان License ٤,٠ Creative Commons Attributions.

# ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی کەش و هەوا لە عیراق

## خاڵاکانی دەستپێکی بۆ گفتوگۆ لەسەر ئاستی ناوخۆیی

# پوختەی ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| **١.پوختەی جێبەجێکردن** | **٤** |
| **٢.ئامانج و شێوازیی توێژینەوە** | **٩** |
| **٣. تێڕوانینێکی گشتی بۆ داینامیکی ململانێکان و گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق** | **١١** |
| داینامیکی ململانێ لە عێراق | ١١ |
| گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق | ١٢ |
| **٤. دەرئەنجامە هاوبەشەکانی نێوان قەزاکان لەسەر کەشوهەواو ململانێ** | **١٩** |
| دەرئەنجامەکانی پەیوەست بە قەزاکان | ٢٤ |
| قەزای عەفەک (پارێزگای قادیسییە) | ٢٤ |
| قەزای بێجی (پارێزگای سەلاحەدین) | ٢٨ |
| قەزای چەمچەماڵ (پارێزگای سلێمانی) | ٣١ |
| قەزای حەمزەی ڕۆژهەلات (پارێزگای قادیسیە) | ٣٣ |
| قەزای حەویجە (پارێزگای کەرکوک) | ٣٦ |
| قەزای کەلار (پارێزگای سلێمانی) | ٣٩ |
| قەزای کفری (پارێزگای سلێمانی) | ٤١ |
| شەت العرب (پارێزگای بەسرە) | ٤٤ |
| قەزای ئەلزوبەیر (پارێزگای بەسرە) | ٤٧ |
| **٥.پێشنیارە سەرەکییەکان** | **٥٠** |

# ١. پوختەی جێبەجێکردن

عێراق خەریکە هەست بە قورسایی گۆڕانی کەشوهەوا و زیادبوونی مەترسییە ئەمنییەکانی پەیوەست بە کەشوهەواوە دەکات. لاوازی وڵاتەکە بەرامبەر گۆڕانی کەشوهەوا دەرئەنجامی سێ هۆکاری سەرەکین: ڕێژەیەکی بەرزی بەرکەوتن لەگەڵ هۆکارەکانی گۆڕانی کەش و هەوا، ئامادەباشییەک بۆ بەرکەوتن و کاریگەربوون بە گۆڕانەکانی کەش و هەوا، وە هەروەها کەمی توانای گونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە ڕێگای لاوازی دەستەکانی بەڕێوەبردن و میکانیزمەکانی وە زۆربوونی ڕووداوە توندەکانی کەشوهەوا لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا – لە گەرمای پڕوکێنەرو وشکەساڵی و بە بیابانبوونەوە، بۆ لافاو و زریانی تۆزوخۆڵ بارین – چەندین دەرئەنجامی زیانبەخشی هەبووە. کە چواریان بەهۆی توندیانەوە جێگەی سەرنجن و لێرە ئاماژەیان پێدەکەین: کەمی ئاو؛ لەدەستدانی بژێوی ئابووری، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی وابەستەی کەرتی کشتوکاڵن، کە بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەناوچووە؛ ئاوارەبوون و کۆچکردن بەهۆی کەشوهەواوە؛ و بەرزبوونەوەی نائاسایشی خۆراک. کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا ئەو ئاستەنگە قورسانەی کە ڕووبەڕووی وڵاتەکە بووەتەوە بەهێزتر کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە ململانێی ئەم دواییەی لەگەڵ بەناو دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش)، هەروەها دوو بزوێنەری سەرەکی گرژی و ململانێ لە قۆناغی پاش ٢٠٠٣: وەدەرنانی سیاسی و خراپی حوکمڕانی.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات قووڵتر بچێتە ناو پرسی گۆڕانی کەشوهەوا و پەیوەندیی لەگەڵ و کاریگەرییەکانی لەسەر داینامیکی ململانێکان لەسەرتاسەری وڵاتەوە. بە تایبەتی لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر نۆ قەزا، کە دەوروبەری پارێزگاکانی بەسرە و کەرکوک و قادسیەو سەڵاحەدین و سلێمانی دەگرێتەوە، بەدواداچوون بۆ ئەو ڕێگایانە دەکات کە گۆڕانی کەشوهەوا بەشدارە لە ململانێ و نائاسایشیی لەم قەزایانەدا لە ڕێگەی شیکردنەوەیەک بۆ ڕێڕەوەکانی مەترسی ئاسایشی کەشوهەوا. ئەم ڕێڕەوانە، کە لە خوارەوە باسکراون و کە لەتوێژینەوە و بۆچوونەکانیەدێلفیەوەسەرچاوەیانگرتووە [1]، یارمەتیدەر دەبن بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان کەشوهەواو ئاسایش و تێگەیشتن لەوەی کە چۆن کەشوهەوا و ململانێکان وابەستەی یەکن لە عێراقدا.

- **سامانە سروشتییەکان.** کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا وەک گۆڕانی پلەی گەرمی و بارانبارین دەتوانێت دەسپێڕاگەیشتن و بەردەستبوونی سەرچاوە سروشتییەکانی وەک ئاو و زەوی بگۆڕێت. ئەمەش دەتوانێت کێبڕکێ و گرژی لە نێوان گروپ یان پێکهاتە جیاوازەکاندا زیاد بکات. ئەگەر زیادبوونی کێبڕکێ لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان پەرە بسێنێت بۆ توندوتیژی یان ململانێ.
- **نائاسایشی بژێوی ژیان.** لافاو، زریان یان ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان یان ئەو مەترسیانەی بە خاوی دەستپێدەکەن وەک وشکەساڵی یان کەمبوونەوەی ڕێژەی بارانبارین کاریگەری نەرێنیان لەسەر بژێوی خەڵک هەیەبە تایبەتی لە ناوچە گوندییەکان. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی ئاوارەبوون و کۆچکردن. لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، لاوازی دەوڵەت و توانای کەمی شارەکان بۆ میوانداریکردنی تازەهاتووان، لەنێو هۆکارەکانی تردا، زۆرجار خەڵک بژاردەیەکی کەمیان لەبەردەمدا دەمێنێ جگە لەوەی کە ڕوو لەو چالاکیانە بکەن کە

١ بۆ زانیاری لەسەر ئەدێلفی و ڕێبازەکەی، بڕوانە،
https://adelphi.de/en and Rüttinger et al: A New Climate for Peace, 2015 and the Weather Risk methodology: Methodology | Weathering Risk.

بە شێوەیەکی بەرفراوانتر ژینگە دەپووکێننەوە لەوانەش چالاکی خراپ خۆگونجاندن و ئابوورییە نایاساییەکان. هەروەها دەکرێت ئەمەش کێبڕکێی گرژ لە نێوان دانیشتووان و کۆچبەرانی تازە ئاوارەدا دروست بکات.

- **نائاسایشی خۆراک.** کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر بژێوی ژیان، وەک کشتوکاڵ، بەشدارن لە ناجێگیری نرخ و دابینکردنی خۆراک کە دەکرێت وەک هاندەرێك بۆ نارەزایەتی و ناسەقامگیری سیاسی کاربکات. ئەمە و پشت بەستنی تا ڕادەیەک زۆر بە بازاڕە بەرز و نزمە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت ببنە هۆی نائارامی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا توندوتیژی دەوڵەت بەرامبەر بە هاووڵاتیان دروست ببێت.

- **لاوازی حوکمڕانی.** توێژینەوەکان دەریانخستووە کە مەترسییە ئەمنییەکانی پەیوەست بە کەشوهەوا بە تایبەتی لەو شوێنانە گرنگن کە میکانیزمەکانی حوکمڕانی لاوازن یان شکستیان هێناوە لە لایەنەکانی ئامادەبوون و ڕەوابوون وە هەروەها توانا و دەسەلاتیان . گۆڕانە ڕاستەقینەکانی تایبەت بە کەشوهەوا و ڕووداوە بە تینەکانی کەش و هەوا کاریگەرییان هەیە لەسەر کۆمەڵگا و ئاسایشی مرۆیی و هەروەها سیستەمەکانیش کە پەیوەستن بە چەندین هۆکارەوە کەوا دیسانەوە کاریگەرییان لەسەر لاوازی کەسانی زیانلێکەوتوو و ئابووری و سیستەمی سیاسی هەیە. توانای گونجاونی لاواز بۆ وەڵامدانەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و لاوازی یان نەبوونی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی، زیاتر داینامیکی ململانێکان خراپتردەکەن.

- **کارەساتی لێکەوتوو لە کەش و هەوا.** کاتێک وەڵامدانەوەی ناتەواوی حکومەت و وەدەرنانی هەستپێکراو کۆدەبنەوە، ڕووداوە کەشوهەوا توندەکان و کارەساتە لێکەوتووەکانی کەش و هەوا وەک لافاو، ئاگرکەوتنەوە یان بوومەلەرزە دەتوانن یارمەتیدەری نارەزایەتی و ناسەقامگیری سیاسی بن. مەترسییەکانی کەشوهەوا دەتوانن دەسەلاتداران تێکبدەن، تواناکانی دەوڵەت بشێوێنن، یان تەحەدای کۆنترۆڵی دەوڵەت بکەن کە دەکرێت ببێتە هۆی نائارامی کۆمەڵایەتی، سەرکوتکردنی حکومەت و توندوتیژی دەوڵەت دژی هاوڵاتیان.

- **دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی سیاسەت.** کاتێک سیاسەتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا شکست دەهێنن یان دەسەڵاتە ناوەندییەکان یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سیاسەتگەلێک دادەنێن کە هەستیار نین بە ململانێ، هۆکارەکانی کەشوهەوا دەتوانن بەشداربن لە دەستپێکی توندوتیژی یان نائارامی کۆمەڵایەتی. ئەگەر ئەم سیاسەتانە بە شێوەیەکی خراپ داڕێژراو بن و/یان لەگەڵ بڕیاردانی لەسەرەوە بۆ خوارەوە تێکەڵ بکرێن، دەتوانن کۆمەڵگاکان پەراوێز بخەن یان نارەزایەتییەکانی هەنووکەیی لە کۆمەڵگە لاوازەکاندا خراپتر بکەن.

- **پەیوەندیی ناڕاستەوخۆی بێ هۆ.** هێشتا ئەو میکانیزمە هۆکارە تایبەتانەی کە گۆڕانی کەشوهەوا بە نائەمنی و ململانێی (توندوتیژانە) ەوە دەبەستنەوە، ماوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. لە کاتێکدا هیچ پەیوەندییەکی هۆکارانەی سادە لە نێوان گۆڕانی کەشوهەوا و ململانێدا نییە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرفراوان بەڵگەدار کراوە کەوا گۆڕانی کەشوهەوا وەک هەڕەشە یان بەهێزکردنی مەترسی کاردەکات.

| قەزاکان / ڕێڕەو | عەفەک | بێجی | چەمچەماڵ | حەمزەی خۆرهەڵات | حەویجە | کەلار | کفری | شەتولعەرەب | زوبەیر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرچاوە سروشتییەکان | x | x | x | x | x | x | x | x | x |
| نائەمنی بژێوی | x | x | x | x | x | x | x | x | x |
| نائاسایشی خۆراک | x | x | x | | x | x | x | x | x |
| لاوازی حکومڕانی | x | | x | | x | x | x | x | x |
| کارەساتی لێکەوتوو لە کەش و هەوا | | x | | | | | | | |
| دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی سیاسەت | | | | | | | x | | |
| پەیوەندیی ناڕاستەوخۆی بێ هۆ | | | | x | | | | | |

وێنەی ١- پوختەی ڕێڕەوە دەستنیشانکراوەکان بۆ هەر قەزایەک

بە گشتی توێژینەوەکە دەریخستووە کە ڕێڕەوی جۆراوجۆر تا ڕادەیەک لە قەزاکاندا هەن، کە سەرچاوە سروشتییەکان، نائاسایشی بژێوی، نائاسایشی خۆراک و حوکمڕانی لاواز دیارترینیانن. هەرچەندە دینامیکی ڕێڕەو و ئەنجامەکان لە هەریەکێک لەو قەزایانەی کە توێژینەوەیان لەسەرکراوە جیاوازن، بەڵام دەرئەنجامی هاوبەش دەردەکەون. ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

**گۆڕانی کەشوهەوا نەک هەر بزوێنەری ململانێی ئێستای خراپتر کردووە بەڵکو گرژییەکانی لە دەوری پرسە نوێیەکان ورووژاندووە.** توێژینەوەکە دەریخستووە کە بزوێنەرە پێکهاتەییەکانی ململانێی هەنووکەیی - دەسپێراگەیشتنی نایەکسان بە خزمەتگوزارییەکان، لەوانەش دەسپێراگەیشتن بە ئاو و خاوەندارێتی زەوی، پەراوێزخستنی سیاسی، خراپی حوکمڕانی و دامەزراوە لاوازەکانی دەوڵەت - لە هەموو ئەو قەزایانەی کە بە پلەی جیاواز سەیری کراون، زیادیانکردووە. بۆ نموونە، کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بووەتە هۆی ئەوەی کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئاو کە لە ئێستادا لە خوار ئاستی پێویستەوەیە لە زۆربەی قەزاکاندا خراپتر ببێت. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک بزوێنەری نوێی نزیک لە ململانێ و گرژی لە شێوەی ململانێی ئاو و زەوی (لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان و بژێوی ژیان) دەرکەوتوون. ململانێ لەسەر گۆڕینی ڕێڕەوی ئاو، بیر و ئاوی ژێرزەوی و بەشێوەیەکی گشتی خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە زۆرێک لە قەزاکاندا دروست بووە. هەروەها ناکۆکی لە نێوان خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکان و مەڕوماڵاتدارەکاندا هەیە: بەهۆی کەمبوونەوەی گژوگیای سروشتی، خاوەن مەڕوماڵاتەکان پەنایان بردۆتە بەر شێوازی لەوەڕاندنی نایاسایی بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان کە زۆرجار دەستدرێژی دەکەنە سەر ئەو زەوییانەی خاوەندارێتی تایبەتیان هەیە. لە کۆتاییدا، کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دابەشبوونی خێڵەکییەکان لە زۆربەی ئەو قەزایانەدا کە تەماشایان کراوە ،کە ناسنامەی خێڵەکی لەو شوێنانەدا بەرچاوە، چڕتر دەکاتەوە.

**سێ دەرئەنجامی سەرەکی بژێوی ژیان لەو قەزایانەی کە ڕاپۆرتەکە دەیانگرێتەوە بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە دەرکەوتوون.** یەکەمیان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کەرتی کشتوکاڵ بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا زیانێکی زۆری بەرکەوتووە و بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەرچاوی بەروبووم و ئاسایشی دارایی. ئەمەش لە بەرامبەردا وای کردوە کە ئەوانەی پشت بە کەرتی کشتوکاڵ دەبەستن بۆ بژێوی ئابووری – جووتیاران، خاوەن ئاژەڵان و مەڕوماڵاتدارەکان، لەنێو ئەوانی تردا – کە واز لە کارەکانیان بهێنن و کۆچ بکەن بۆ ناوچە شارییەکان بۆ گەڕان بەدوای هەلی کاری جێگرەوەدا. هاتنی کۆچبەرانی نوێ بۆ ناوچە شارییەکان لەگەڵ بوونی دامەزراوە حکومییە ناوخۆییەکان کە لە خۆیدا لەرزۆکن، وە بازاڕە ئابوورییە قەرەباڵغەکان، تەنیا گرژییەکانی زیاتر کردووە. دووەم و پەیوەست بە کێشەی پێشوو، کەمبوونەوەی بەروبووم بەو مانایە بووە کە خستنەڕوو داواکاری خەڵکی دابین ناکات، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراکە سەرەکییەکان لە قەزاکاندا. ئەمەش کاریگەری لەسەر توانای کڕین و توانای پاشەکەوتکردنی لەسەر هەموو دانیشتوانی قەزاکان هەبووە بەڵام بەتایبەتی ئەوانەی زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە بەرامبەر کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا: ئەوانەن کە وابەستەی کەرتی کشتوکاڵن بۆ مانەوەیان، کە زیاتر کۆمەڵانی گوندنشینن. سێیەم: تەندروستی دانیشتووان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە دەکەوێتە مەترسییەوە. سەرچاوەکانی ئاو تا دێت پیستر دەبن و دەوترێت نرخی ئاوی خواردنەوە بەرزبووەتەوە، ئەمەش وایکردووە دانیشتوانی هەژار نەتوانن دەستیان بە ئاوی پاک و گونجاو ڕابگات. لە ئەنجامدا زۆرێک پەنایان بۆ بەکارهێنانی ئاوی پیسبوو بردووە، ئەمەش وایکردووە کێشە تەندروستییەکان زیاتر بن. ئەم نائاسایشییانەی بژێوی ژیان کەلێنی نێوان دانیشتوان و دامەزراوەکانی دەوڵەتی فراوانتر کردووە، چونکە دانیشتوان خەریکە متمانەیان بە توانای حکومەت بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانیان نامێنێت.

**کۆمەڵە لایەنێکی سەرەکی لە قەزاکاندا هەن کە وەک ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری دەستنیشانکراون.** لەوانە: سەرکردەکانی هۆزەکان، دەسەڵاتدارانی حکومی، لایەنە ناوخۆیی، پارێزگایی و نیشتمانییە ئەمنییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، وەک بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP)، و ڕێکخراوە ناحکومییە نیشتمانییەکان. یەکێک لە ڕەوتە سەرەکییەکان کە لە هەموو قەزاکاندا سەرهەڵدەدات ئەوەیە کە تێڕوانینێک لە نێو دانیشتووان ) وەک لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ زانیاریدەرانی سەرەکیدا ڕاپۆرت کراوە (هەیە کە وەڵامدانەوەی لایەنە حکومییەکان بۆ ئەو ئاڵنگاری و قەیرانانەی کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا دروست دەبن کەم و ناکاریگەرە. ئەمەش بۆ دوو سنووردارکردنی سەرەکی دەگەڕێتەوە: کەمی سەرچاوە – وا هەستپێدەکرێت کە بودجەی قەزاکان لە ئاستێکی پێویست نین بۆ ڕێگریکردن لە شەپۆلی ئاڵنگاری کەشوهەوا – و سنووردارکردنی تواناکان. تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بەوەی دووەمیانەوە هەیە، ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە پێیان وایە ئەو دەسەڵاتدارانەی حکومەت کە لە قەزاکاندا چالاکن، بەتایبەتی ئەوانەی لە هێڵی پێشەوەی پرسەکاندان، ستراتیژییەکی یەکگرتوویان نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە دروست دەبن و خراپتر دەبن. ئەم دەسەڵاتانە بریتین لە قایمەقام (کۆمسیاری قەزا)، بەڕێوەبەری ناحیەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ کە لیژنەی لاوەکی هەیە لە هەندێک قەزا بۆ ئەرکی هێورکردنەوەی ململانێی سامان و زەوی، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و بەڕێوبەرایەتی ئاو (سەر بە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان).

## پێشنیارە سەرەکییەکان:

- پێشنیاری یەکەم: بەهێزکردنی پرۆسە گشتگیرەکان. ئاسانکاری بۆ پرۆسەکانی گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکان کە لایەنە ناوخۆیی و پارێزگایی و نیشتمانییەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە و بەشدارییان تێدا دەکەن.

- پێشنیاری دووەم: بەهێزکردنی هاوبەشی و هەماهەنگی لە ناو وە لە نێوان ئاستە ناوخۆیی و نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان. پێکەوەبەستنەوەی پرۆسە ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی.

- پێشنیاری سێیەم: ڕەچاو کردنی وەڵامەکانی کەش و هەوا بۆ ناو پلانەکانی بودجە. داکۆکیکردن لە زیادکردنی تەرخانکردنی بودجە بۆ قەزاکان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە کە بەلایەنی کەمەوە ڕەنگدانەوەی لایەنە هەرە دیارەکانی پلانی وەڵامدانەوەی کەشوهەوا بێت.

- پێشنیاری چوارەم: پەرەپێدانی توانای کاربەدەستە سەرەکییەکان و کارامەیی تەکنیکییان. بەرزکردنەوەی توانای لایەنە حکومییەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان و وەڵامدانەوەی سیاسەتی خۆڕاگری کەشوهەوا، شتێک کە پێویستە هاوشان لەگەڵ هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئیداری ئەنجام بدرێت.

- پێشنیاری پێنجەم: بەرزکردنەوەی حوکمڕانی کاریگەر. پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی نێوەندگیری بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکانی حوکمڕانی کە بەهۆی پرسی ناوچە جێناکۆکەکانەوە دروست بووە کە هەروەها ڕێگری لەو چارەسەرو و کردارانە دەکەن کە یارمەتیدەر دەبوون لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی قەیرانی کەشوهەوا.


- پێشنیاری شەشەم: پشتگیریکردن لە هەولەکانی نێوەندگیری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. پشتیوانی و داکۆکیکردن لە نێوەندگیری حکومەتی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئێران و تورکیا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە عێراق وەرگری لای خوارەوەی ئاوی ڕووبارەکانە.

- پێشنیاری حەوتەم: پەرە پێدان بە توێژینەوەی گشتگیر. پاڵپشتیکردن لە جەختکردنەوەیەکی بەهێزتر لەسەر مەترسییە ئاساییشییەکانی ئێستا و داهاتوو کەوا پەیوەستن بە گۆڕانەکانی تایبەت بە کەشوهەوا، لێکۆڵینەوە لە بابەتە زیاتر بەیەکەوەبەستراوەکان وەکو کارلێککردنی نێوان کەشوهەوا، ململانێ، وە ڕەگەز یاخود سامان، وە هەروەها فەراهەمکردنی ڕێگا شیکارییە بەردەستەکان بە میتۆدۆلۆژیای زیاتر بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتنێکی گشتگیر بۆ بابەتەکە.

# ٢.ئامانج و شێوازیی توێژینەوە

لە چوارچێوەی پڕۆژەی بەهێزکردنی تواناکانی عێراق بۆ وەڵامدانەوەی مەترسییەکانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانیان لەسەر داینامیکی ململانێی هەنووکەیی، دامەزراوەی بێرگهۆف و ڕێکخراوی ڕێگاکانی ئاشتی (PPO) توێژینەوەیەکیان ئەنجامداوە کە ئامانج لێی تێگەیشتنێکی باشترە لە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر داینامیکی ململانێ هەنووکەییەکان و هەروەها بۆ دیاریکردنی خاڵەکانی چوونەناو دەستکردن بە ڕاوێژکاری و ئاڵوگۆڕ و گفتوگۆ لە دەوری بابەتەکە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ناوخۆییەکان و حکومەتە ناوخۆیی و هەرێمی و فیدراڵییەکان، و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. توێژینەوەکە لەم نۆ قەزایەی خوارەوەدا ئەنجامدراوە:

- قەزای شەتولعەرەب و زوبەیر لە پارێزگای بەسرە
- قەزای عەفەک و حەمزە لە پارێزگای قادسیە
- قەزای بێجی لە پارێزگای سەڵاحەدین
- قەزای کفری و کەلار و چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی
- قەزای حەویجە لە پارێزگای کەرکوک



نۆ قەزاکە پێشوەختە هەڵبژێردران بە پشتبەستن بە چەند پێوەرێک کە ئاوێتەی هۆکارە جیاوازەکانی مەترسی کەشوهەوا/ژینگەن (ئاستی جیاوازی بارانبارین، ڕوودانی کارەساتی لێکەوتوو لە کەش و هەوا، کەمی ئاو) و بەربەستەکانی پەیوەست بە ئاشتی/ئاسایش (گرژییەکانی ناوکۆمەڵگا و نێوان کۆمەڵگاکان، ناوچەکانی بنیاتنانەوەی دوای داعش، حوکمرانی کێبڕکێکار/ناوچە جێناکۆکەکان،خەڵکانی ئاوارەی ناوخۆیی (IDP)/ئاڵنگارییەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ و هتد) بە مەبەستی شیکردنەوەی کە چۆن بزوێنەرە جیاوازەکان لە یەکتربڕینی مەترسییەکانی کەشوهەوا و داینامیکی کارلەیەك کردنی ململانێکان . هەروەها قەزاکان بە شێوەیەک هەڵبژێردران کە بتوانرێت لە ڕووی جوگرافی و دیمۆگرافی و سیاسییەوە هاوسەنگ بن بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی پێکهاتەو هەمەجۆریی ناوخۆیی عێراق بن. توێژینەوەکە لە ڕێی ڕێبازێکی چۆنایەتییەوە ئەنجامدراوە بە بەکارهێنانی چاوپێکەوتنی نیمچە-ڕێکخراو و قووڵ و گفتوگۆی فۆکەس گروپ. چاوپێکەوتنی نیمچە-ڕێکخراو و قووڵ لەگەڵ کەسانی زانیاریدەری سەرەکی لە نۆ قەزاکە ئەنجامدرا. بە گشتی ٤٦ چاوپێکەوتن تەواو کراوە: یەکی پێنج دانە لە هەشت لە قەزاکان، و شەش چاوپێکەوتن لە قەزای بێجی. چاوپێکەوتن لەگەڵ چل و سێ پیاو و سێ ئافرەت ئەنجامدرا. گفتوگۆی فۆکەس گروپ لەگەڵ دانیشتووان تەواوکەری چاوپێکەوتنەکان بوو: سێ دانە لە هەر قەزایەک ئەنجامدرا (کۆی گشتی: ٢٧)، کە بە گشتی ٢٦٥ ئەندامی کۆمەڵگا (٢٢٠ پیاو و ٤٥ ئافرەت) بەشدارییان کرد. بەشداریکردنی مێینەکان لە گفتوگۆکانی فۆکۆس گروپدا کەم بوو (٢٠٪) بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکی. یەکەم: سەخت بوو مێینە بدۆزرێتەوە کە نازناو یان پۆستی هەبێت لەناو پرۆفایلی بەشداربووانی ئامانجداردا ، وەک لایەنە کارگێڕی و ئەمنییەکان، سەرکردەکانی هۆزەکان، جووتیاران، موختارەکان و چالاکوانان. دووەم: نەریتە ناوخۆییەکان و نۆرمە خێڵەکییە باڵادەستەکانی هەندێک لە شوێنە ئامانجدارەکان بەشداریکردنی ژنان سنووردار دەکەن. ئەو بابەتانەی لە چاوپێکەوتنەکان و گفتوگۆکانی فۆکۆس گروپدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە بریتین لە داینامیک و ڕەوتەکانی ململانێی هەنووکەیی، و کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کە لە قەزاکەدا بینراون، دەرئەنجامەکانیان، و میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و وەڵامەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵاتداران.

توێژینەوەکە بە سێ بەش بەردەوام دەبێت. یەکەمیان تێڕوانینێکی گشتی لە داینامیکی ململانێکان و ڕەوتی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراقدا دەخاتە ڕوو. دووەمیان لە دەرئەنجامە گشتیەکان سەبارەت بە قەزاکان و یەکتربڕەکان کە سەریان هەڵداوە قووڵ دەبێتەوە. کورتەباس بۆ هەریەک لە نۆ قەزاکە کراوەو پێشنیار بۆ هەریەکەیان دابین کراوە. سەرنج بدەن کە دەرئەنجامەکانی قەزاکان کە خراونەتەڕوو دەقی کورتکراوەن کە لە ڕاپۆرتە تێروتەسەلەکانی قەزاکان وەرگیراون. توێژینەوەکە بە پێشکەشکردنی چەندین پێشنیاری گشتگیر بە بەئامانجگرتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لایەنە حکومییەکان کۆتایی دێت کە دەکرێت لە کەمکردنەوەی هەندێک لەو ئاڵنگاری و گرژیانەی کە پەیوەندییان بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە هەیە یارمەتیدەر بن.

# ٣. تێڕوانینێکی گشتی بۆ دینامیکی ململانێکان و گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق

ئەم بەشە تێڕوانینێکی گشتی لەسەر هۆکارە سەرەکییەکان دەخاتە ڕوو کە دینامیکی ململانێکان لە عێراقدا پێکدەهێنن. پاشان تیشک دەخاتە سەر کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر وڵات و ئەو ڕێگایانەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر دینامیکی ململانێکان هەیە.

## دینامیکی ململانێ لە عێراق

لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە دینامیکی ململانێکان لە عێراقدا بە چەند هۆکارێک دروست بوون، کە بەرچاوترینیان پەراوێزخستنی سیاسی و کارینەگەری حوکمڕانیین. سیستەمی سیاسی پاش ساڵی ٢٠٠٣ ناسنامەی ئیتنۆ-تایفی وەک نیشاندەری سەرەکی نوێنەرایەتی سیاسی بە دامەزراوەیی کرد. لە ئەنجامدا کێبڕکێی سیاسی و دەسپێڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان بە درێژایی هێڵە هەڵەکانی ئیتنۆ-ئاینی دابەش بوو، دیارترینیان لە نێوان پێکهاتەکانی عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە و کورددا بوو. دینامیکی کێبڕکێی سیاسی لەناو ئەم سیستەمەدا کە بەهۆی ڕەچاوکردنی ئیتنۆ-تایفەگەرییەوە ڕەنگکراوەو پێکهاتووە، هەستی دووبارەبوونەوەی پەراوێزخستنی سیاسی و وەدەرنانی لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی عێراقدا لە خاڵە جیاوازەکاندا بەدرێژایی قۆناغی پاش ٢٠٠٣ بەرهەمهێناوە.

هەروەها ئەو ناوچانەی کە ناکۆکییان لەسەرە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەکی هەمیشەیی ناکۆکین. ئەم ناوچانە دەکەونە پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکوک، سەلاحەدین و دیالەوە، کە دۆخی کۆتاییان بە پرۆسەیەک چارەسەر دەکرێت کە لە مادەی ١٤٠ی دەستووردا هاتووە. سەرەڕای دانانی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ وەک دوا وادە، بەڵام هێشتا مادەی ١٤٠ جێبەجێ نەکراوە. لە غیابی جێبەجێکردنیدا، ناوچە جێناکۆکەکان تووشی کێبڕکێیەکی توندتر بوون لە نێوان حکومەتی عێراقی و لایەنە هاوتەریبەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لایەنێک کێبڕکێی بەدەستهێنانی دڵسۆزی و پشتیوانی ئەم کۆمەڵگایانە دەکات بۆ ئەوەی بانگەشەکانیان بۆخاوەندارێتی ئەو خاکەی کە باسی لێوە دەکرێت بەهێزتر بکەن. ئەو ئامرازانەی کە ئەم لایەنانە بەکاریان هێناوە و ئەو کێبڕکێیە نەک گرژی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمدا دروستکرد بەڵکو لە نێوان پێکهاتەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانەو لە نێوان پێکهاتەکان و لایەنی باڵادەستی کۆنترۆڵکردنی خاکەکەدا.

هەروەها خراپی حوکمڕانی بزوێنەرێکی سەرەکی ململانێ و گرژییەکانی عێراق بووە لە کاتی شەڕی داعشەوە. دامەزراوە حکومییەکان بەردەوام شکستیان هێناوە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر و کارا، زۆرێک لە ناوچەکان بەدەست پچڕانی بێکۆتایی کارەبا و نەبوونی ئاوی خواردنەوەو خراپی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ وێرانبوونی ڕێگاوبانەکانەوە دەناڵێنن. خراپی ژێرخانی ئابووری و نەبوونی توانای تەکنیکی و زانیاری بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان وەک هۆکاری سەرەکی دەبینرێن[٢] عێراق پشت بە هاتنە ناوەوەی ئاو دەبەستێت لەو سەرچاوە ئاوییانەی کە لە تورکیا و ئێرانەوە هەڵدەقووڵێن. لەو کاتەی هەر یەک لەو وڵاتانە

٢ Dodge, Toby & Renad Mansour: Sectarianization and Desectarianization in the Struggle for Iraq's Political Field. The Review of Faith & International Affairs, ١٨:١, ٢٠٢٠; Al-Qarawee, Harith Hasan: Iraq's Sectarian Crisis: A Legacy of Exclusion. Carnegie Middle East Center, ٢٠١٤; Majeed, Hawkar J. & Hossain, Ishtiaq: Conflict Dynamics in Post-٢٠٠٣ Iraq: A Security Dilemma Perspective, ٢٠٢١.

بەنداو و پرۆژەی ئاویان لەسەر ئەو سەرچاوە رووباریانە بنیاد ناوە، ئەمە رێژەی ئەو ئاوەی کەم کردووەتەوە کە بۆ ناوەوەی عیراق دێت. لە ساڵی ٢٠٢٢، ئاوی هاتووە خوار لە تورکیاوە بۆ ناو وڵاتەکە بە رێژەی ٦٦٪ کەمی کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئاوی هاتوو لە ئێرانەوە بە شێوەیەکی توند دابەزیوە بۆ ٩٠٪. لە میانەی زیادبوونی گرژی لە نێوان عیراق و دراوسێکانی، هەر یەک لە ئێران و تورکیا گۆڕانەکانی کەش و هەوا تۆمەتبار دەکەن بە دابەزینی رێژەی ئاوی هاتووە خوار بۆ ناو عیراق.[٣]

## گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق

گۆڕانی کەشوهەوا لە ئێستادا کاریگەری لەسەر عێراق دروست دەکات، بەتایبەتی لەڕووی شێوازی باران بارینەوە. لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە، زیادبوونی بارانبارین بە رێژەی ٢.٤ ملم/لە مانگێکدا بۆهەر سەدەیەک لە باکووری رۆژهەڵات پێوانە کراوە، لە کاتێکدا بارانبارین لە ڕۆژئاوای وشکدا بە رێژەی ٥.٩٣ ملم/ لە مانگێکدا بۆ هەر سەدەیەک کەمی کردووە. پێشبینی دەکرێت ئەم ڕەوتانە بەردەوام بن، لەگەڵ بەرزبوونەوەی مامناوەندی پلەی گەرمی ساڵانە بە ٢ پلەی سەدی و ڕووداوی زیاتری شەپۆلی گەرما و ڕووداوەکانی بارانبارینی بەهێز لە سەرانسەری وڵاتدا تا ساڵی ٢٠٥٠.[٤] تەنانەت لێکۆڵینەوەکانی تر گریمانە دەکەن کە لە ژێر سیناریۆی بەرزی دەردانی گازی ژەهراویدا، ڕەنگە تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانە زیاتر لە ٥ پلەی سەدی لە کۆتایی سەدەدا بەرز بێتەوە.[٥] لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، پێشبینی دەکرێت زیانی کوشندەی زیاتر بەهۆی گەرماوە لە سەرتاسەری وڵات و زیادبوونی زریانی تۆز و خۆڵ ڕووبدات.[٦] سەرەڕای ئەوەش، پێشبینی دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا بەردەستبوونی ئاوی سەرتاسەری زۆر کەم بێتەوە، بەجۆرێک کە بارینی باران بۆ پارێزگاکانی باشوور بە رێژەی ٢٢٪ کەم بێتەوە؛[٧] پێشبینی دەکرێت بارودۆخی وشکەساڵی بەردەوام بێت و لە زیادبووندا بێت؛ و پێشبینی دەکرێت ئاستی دەریاکان بەرزببنەوە، ئەمەش تا ساڵی ٢٠٥٠ مەترسی لەسەر ناوچە سەرەکییەکانی پارێزگای بەسرە دەبێت.[٨]

٣ Al-Monitor: Iran, Iraq exchange accusations over water flow.
Link: https://www.al-monitor.com/originals/2022/01/iran-iraq-exchange-accusations-over-water-flow.


٤ United States Agency for International Development: Climate Change Risk Profile: Iraq. ٢٠١٧.

٥ World Health Organization, United Nations Framework Convention on Climate Change: Health and Climate Change Country Profile ٢٠٢١: Iraq.


٦ Binder, L., et al. ٢٠٢٢. Climate Risk Profile: Iraq. Potsdam Institute for Climate Impact Research, adelphi; World Bank: Iraq dashboard: Climate Future. Link: http://sdwebx.worldbank.org/climateportalb/home.cfm?page=country_profile&CCo de=IRQ&ThisTab=ClimateFuture.

٧ World Bank: Iraq dashboard: Climate Future.
Link: http://sdwebx.worldbank.org/climateportalb/home.cfm?page=country_profile&CCo de=IRQ&ThisTab=ClimateFuture.

٨ Binder, L., et al. ٢٠٢٢. Climate Risk Profile: Iraq. Potsdam Institute for Climate Impact Research, adelphi.




ڕێژەی باران بارین لە عێراق بۆ سیناریۆی جیاوازی دەردانی گازی گەرمخانەیی، بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٠ (گۆڕانکارییە ناوچەییەکان).[٩]




پێشبینییەکانی پلەی گەرمی هەوا لە عێراق بۆ سیناریۆی جیاوازی دەردانی گازی گەرمخانەیی (گۆڕانکارییە ناوچەییەکان).[١٠]

٩ Binder, L., et al. ٢٠٢٢. Climate Risk Profile: Iraq. Potsdam Institute for Climate Impact Research, adelphi. The maps and plots included in this section provide an overview of projected climate change parameters and related sector-specific impacts in Iraq until ٢٠٨٠ under two different climate change scenarios (RCPs): RCP٢,٦ represents a low emissions scenario that aims to keep global warming below ٢ °C above pre-industrial temperatures, and .represents a medium to high emissions scenario RCP٦,٠

١٠ .Binder, L., et al. ٢٠٢٢. Climate Risk Profile: Iraq. Potsdam Institute for Climate Impact Research, adelphi

نەتەوە یەکگرتووەکان لەم دواییانەدا ڕایگەیاند کە عێراق پێنجەم وڵاتی مەترسی لەسەرە لە جیهاندا لە ڕووی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.[11]

لە چوارچێوەی ND-GAIN، عیراق دەکەویتە ریزی ٨١امین لاوازترین وە ٥٤ەمین وڵاتی ئامادە لە سەرتاسەری جیهاندا.[12]

لەڕاستیدا وڵاتەکە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا چەندین ڕووداوی کەشوهەوای توندی بەخۆیەوە بینیوە، کە خۆی لە پڕوکێنەری پلەکانی گەرما و وشکەساڵی و بەبیابان بوون و لافاو و زریانی تۆز و خۆڵ دەبینێتەوە. ئەم ڕووداوانە بە چەندین شێوەی جیاواز کاریگەریی درێژخایەنیان لەسەر وڵات هەبووە. بۆ نموونە کەرتی کشتوکاڵیان، کە نزیکەی ٢٠٪ی دانیشتوانەکەی دامەزراندووە، کەمکردۆتەوە.[13]

کە گەورەترین کەرتی دامەزراندنە لە دوای نەوت. کەرتی کشتوکاڵ لە دوو چالاکیی سەرەکی پێکهاتووە: چاندنی بەرهەم (یان، کشتوکاڵ) و بەخێوکردنی ئاژەڵ، لەوانەش مەڕوماڵاتداری و شوانکارەیی. جوتیاری نزیکەی ٧٥٪ی هەموو چالاکییە کشتوکاڵییەکان پێکدەهێنێت و بە شێوەیەکی بەرچاو لە کێڵگە بچووکەکاندا ئەنجام دەدرێت کە لەلایەن خێزانەکانەوە بەڕێوەدەبرێن. بڕی تێکڕای زەوی کە گونجاوە بۆ چالاکییە کشتوکاڵییەکان، کە یان ڕاستەوخۆ هی جووتیارانە یان لە حکومەت بەکرێ گیراوە، تەنها بڕێک کەمتر لە ٣٠٪ی کۆی بارستەی زەوی وڵاتە.[14]

ئەم زەوییە کە نزیکەی شەش ملیۆن هێکتار زەوی کشتوکاڵی لەخۆدەگرێت، دەتوانرێت بەسەر یەکێک لە دوو پۆلێندا دابەش بکرێت: زەوییەک کە پشت بە باران دەبەستێت بۆ ئاودێری، کە بەشەکانی باکووری وڵات و نزیکەی ٣٦٪ی هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکان دەگرێتەوە، هەروەها زەوییەک کە پشت بە ئاودێری لە دوو ڕووباری سەرەکی وڵاتەکەوە دەبەستێت، ڕووباری دیجلەو فورات، هەروەها سیستەمی نۆکەند و زێکان کە ٦٤٪ی هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکان پێکدەهێنێت.[15]

جگە لەوەش، وا پەیوەستە جیاکاری بکرێت لە نێوان بەرزبوونەوەی درێژخایەنی پلەکانی گەرما وە بەردەوام بەرزبوونەوەی چەند بارەی ڕوودلوە لە ناکاوەکانی شەپۆلەکانی گەرما کەوا هۆکارن بۆ دروست بوونی تێکچوونی سەرەکی. بۆ نموونە، ڕوبەڕوبوونەوەی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی عیراق بۆ شەپۆلەکانی گەرما ئەگەری ئەوەی هەیە کە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات کە ئەمەش دوا بە دوا دەرئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە بۆ سەر ئابووری.[16]

دەرئەنجامەکانی بەرزی پلەکانی گەرما و وشکەساڵی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ ترسێنەر بوون: زەویەکان وشکتر و کەمتر بەپیت بوون، ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەروبووم و لەدەستدانی بژێوی ئەوانەی پشت بەم کەرتە دەبەستن. بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠٢١ بەرهەمهێنانی گەنم – بەرهەمی سەرەکیی پارەپەیداکردن بۆ زۆرێک لە جووتیاران – لە پارێزگای نەینەوا، کە بە سەبەتەی نانی عێراق دادەنرێت، پێشبینی دەکرا بەهۆی قەیرانی کەشوهەوا نزیکەی لەسەدا ٧٠ کەم ببێتەوە.[17]

توێژینەوەیەکی دیکە کە تیشک دەخاتە سەر ناوچە زیانلێکەوتووەکانی وشکەساڵی، باس لەوە دەکات کە نزیکەی ٤٠٪ی جووتیارانی گەنم و "٣٠٪ی جووتیارانی جۆ تووشی لەدەستدانی بەرهەم بوون بەلایەنی کەمەوە لە ٩٠٪ی دروێنەی چاوەڕوانکراو" و نزیکەی ٤٠٪ی ماڵەکانی ئەم ناوچانە مەڕوماڵاتەکانیان لەدەستداوە بەهۆی

١١ .IOM: Factsheet. The Impact of Climate Change on the Environment in IDP and Returnee Locations. August ٢٠٢٢
.Link: https://iraq.un.org/en/202663-factsheet-impact-climate-change-environment-idp-and-returnee-locations-integrated-location

١٢ University of Notre Dame: ND-GAIN Country Index. Link: https://gain.nd.edu/our-work/country-index/rankings

١٣ .WFP: Agricultural value chain study in Iraq – Dates, grapes, tomatoes and wheat. March ٢٠٢١
.Link: https://reliefweb.int/report/iraq/agricultural-value-chain-study-iraq-dates-grapes-tomatoes-and-wheat-2021-enarku

١٤ .WFP: Agricultural value chain study in Iraq – Dates, grapes, tomatoes and wheat. March ٢٠٢١
Link: https://reliefweb.int/report/iraq/agricultural-value-chain-study-iraq-dates-grapes-tomatoes-and-wheat-2021-enarku

١٥ .Von Lossow, T., “More than Infrastructures: Water Challenges in Iraq. Clingendael Policy Brief”, Clingendael Institute, ٢٠١٨

١٦ .Binder, L., et al. ٢٠٢٢. Climate Risk Profile: Iraq. Potsdam Institute for Climate Impact Research, adelphi

١٧ .NRC: Link: https://www.nrc.no/news/2021/august/water-crisis-iraq-syria

نەبوونی ئاو، کەمی لەوەڕ، یان نەخۆشی.[18] لە عێراقدا ئاستەنگەکان بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام کەم نین. هەندێک لە ئاستەنگەکانی ئاوی عێراق، وەک لافاو و وشکەساڵی وەرزی، بە شێوەیەکی سروشتی ڕوودەدەن. بەڵام زۆرێک لە کێشە تێکدەر و وێرانکەرەکان دەستکردی مرۆڤن: ژێرخانی ئاو بەهۆی دەیان ساڵ شەڕ و پشتگوێخستن لاواز بووە؛ شێوازە کشتوکاڵییە ناکارامە و بەسەرچووەکان؛ گەشەی خێرای دانیشتووان و شارسازی؛ ڕێبازە کێبڕکێکارەکانی بەڕێوەبردنی ئاو لە ناو سیستەمی ئەو ڕووبارانەی بە سنوری وڵاتانی جیاوازدا دەڕۆن؛ و پێشهاتی قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا. حکومەتی عێراق پلانی بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە هەیە، بەڵام ماوە بزانرێت ئایا چاکسازیی گەورە ڕوودەدات یان نا. بە شێوازێکی تایبەت، شێوازەکانی کۆچکردنی گوند بۆ شار ڕوو لە زیادبووندایە: سەرووی ٪٧٠ی دانیشتووان لە ناوچە شارنشینەکان دەژین وە ڕێژەی شارنشینی بریتییە لە ٪٢.٦[19] بۆیە فشاری سەر خزمەتی ناوچە شارییەکان و شارەکان تەشەنە دەکات و مەترسی و ئاستەنگەکان بەرز دەکاتەوە کەوا دەبێت لە لایەن هەوڵە حوکمڕانییەکان ئاراستە بکرێن.

هەروەها قەیرانی کەشوهەوا کاریگەری لەسەر دەسپێڕاگەیشتن بە ئاو و ئاسایشی خۆراک و سەقامگیری دارایی بۆ ملیۆنان کەس هەبووە. بەبێ بارانبارینی پێویست، کۆمەڵگاکان زیاتر ڕوو لە ڕووبارەکان دەکەن بۆ پێداویستییەکانیان بۆ ئاو. بەڵام ئەم ڕووبارانە بەهۆی وشکەساڵی و دروستکردنی بەنداو لە تورکیا و ئێران کە سیستەمی ڕووبارەکانی عێراق لێیەوە سەرچاوە دەگرێت و خراپی بەڕێوەبردنی ئاو لەنێو دەسەڵاتدارانی عێراقدا بچووک دەبنەوە.[20]

ئەوەی کە ڕۆیشتنی ئاو لە تۆڕی ڕووبارەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ەوە بە ڕێژەی ٪٣٠ کەمیکردووە، سەختی دۆخەکە دەردەخات و پێشبینی دەکرێت ئەم ڕێژەیە تا ساڵی ٢٠٣٠ بۆ ٪٥٠ بەرزبێتەوە.[21] لە ئەنجامدا عێراق خراپترین قەیرانی ئاوی خۆی لە نزیکەی سەدەیەکدا ئەزموون دەکات، بە بێ بوونی چارەسەرێکی نزیک.[22] بەبێ دەسپێڕاگەیشتن بە ئاو، کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراک دروست بووە هەروەک بەروبووم بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی تێچووی ژیانی هەزاران خێزان. کەمی ئاو و نائاسایشیی بژێوی ژیان، لەوانەش ئەو کێشە تەندروستییانەی کە بەهۆی نەبوونی ئاوی خواردنەوەوە دروست بووە، لە بەرامبەردا بووەتە هۆی ئاوارەبوونی زۆرەملێ و کۆچکردنی هەزاران خێزان لە ماڵەکانیان.

جگە لەوەش، گرژی و ململانێکان لەسەر دەسپێڕاگەیشتن بە ئاو زیادیان کردووە و سەرچاوەکانی گرژیی هەنووکەیی - پرسەکانی پەیوەست بە وەدەرنانی سیاسی و حوکمڕانی نا تەواو - بەهۆی کاریگەرییە لاوەکییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا خراپتر بوون. گرژی و ململانێ لەسەر ئاو لە نێوان جووتیاران خۆیان و هەروەها لە نێوان جووتیاران و دەسەڵاتدارانی حکومیدا لەسەر دەسپێڕاگەیشتن بە ئاو و بەشەخۆراک زیاتر ڕوودەدەن. هەروەها گرژی لە نێوان دەسەڵاتدارانی پارێزگاکان و کۆمەڵگاکان لەسەر بەڕێوەبردنی ئاو بەرز دەبێتەوە، بەوەی دەسەڵاتدارانی خوارەوە و کۆمەڵگاکان دەسەڵاتدارانی سەرەوە تۆمەتبار دەکەن بەوەی یان چاویان لە سنووردارکردنی بەکارهێنانی ئاو کوێر کردووە یان بە بێدەنگی دەسپێڕاگەیشتنیان بە ئاوی نایاسایی و لادانی ڕێڕەوی ڕووبارەکان بەهۆی

١٨ NRC: Link: https://www.nrc.no/news/2021/december/one-in-two-families-in-drought-affected-iraq-need-food-assistance.

١٩ World Bank: World Bank Open Data, ٢٠٢١. Link: https://data.worldbank.org/.

٢٠ Skelton, Mac: Competing Over the Tigris: The Politics of Water Governance in Iraq. IRIS, ٢٠١٨.

٢١ Binder, L., et al. ٢٠٢٢. Climate Risk Profile: Iraq. Potsdam Institute for Climate Impact Research.

٢٢ Kawa Hassan and Camilla Born, Iraq Climate-related security risk assessment, Expert Working Group on Climate-related Security Risks. August ٢٠١٨.

فشار و ڕەچاوکردنی سیاسییەوە قبووڵکردووە.[٢٣] ململانێی دیکە لە نێوان خاوەن زەوی و خاوەن ئاژەڵەکان لەسەر لەوەڕاندنی نایاسایی هەروەها لە نێوان جووتیاران، مەڕدارەکان و خاوەن ئاژەڵەکان کە کۆچ دەکەن بۆ ناوچە شارییەکان بەدوای هەلی کاری نوێ و دانیشتوانی ئەو ناوچە شاریانە لەسەر کێبڕکێ بەدەستهێنانی کار، خزمەتگوزارییە گشتیەکان و سەرچاوە کەمەکان سەرهەڵدەدەن.[٢٤]

## وەڵامدانەوەی دەسەڵاتدارانی حکومەت بۆ قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا:

لە کاتی دانپێدانانیان بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بۆ سەر عیراق، تا ئێستا وەڵامدانەوەی حکومەتی عێراق بۆ قەیرانی کەشوهەوا و کاریگەرییە لاوەکییەکانی تێکەڵ بووە. هەوڵەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و سیاسەتەکانی نزیکە تێکەڵ بە کەرتی سەلامەتی دەکرێت لێرەشەوە بەمەش دانپێدانان بە هەبوونی بەستەرەکانی نێوان گۆڕانی کەشوهەوا و گرژی. لە لایەکەوە حکومەت ستراتیژی سەرەکی بەرهەمهێناوە یان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانیدایە کە ئامانجیان ڕێگریکردنە لە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر کەرتە جیاوازەکان. ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە پلانێکی نیشتیمانی نەهێشتنی کاربۆن بۆ داماڵینی کاربۆنی ئابوری وڵات کە زۆر وابەستەی کەرتی نەوت و غازە. هەروەها حکوومەت ستراتیژێکی لەبارەی سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێوەبردنی زەوی دانا، بەشێوەیەکی شیاو ناونرا (ستراتیژی سەرچاوەکانی ئاو وزەوی لە عێراق)، کە هەوڵ دەدات لە نێوان شتگەلێکی تردا ژێرخانی ئاودێری وڵات بگەڕێنێتەوەو ببوژێنێتەوە و هانی باشتر بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی ئاو و زەوی بدات. جگە لەوەش، وەڵامەکانی حکومەت پلانی نیشتمانی گونجاندن (NAP) کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە لەخۆ دەگرن، کە بە هاوکاری لەگەڵ بەرنامەی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی پێدەدرێت و گرنگی بە بەرزکردنەوەی توانای لایەنە حکومییەکان دەدات بۆ وەڵامدانەوەی مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، بە دەستنیشانکردنی زەمینە بۆ ئەولەویەتدان لە ڕووی گەڵاڵەکردنی سەرچاوەکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری لە ستراتیژییەکە بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان.[٢٥]

هەروەها لە ڕێگەی (NAP) پلانی نیشتمانی گونجاندنەوە دوو دامەزراوەی سەرەکی دروستکران بۆ یارمەتیدان لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی کەشوهەوا، لیژنەی نیشتمانی هەمیشەیی گۆڕانی کەشوهەوا و سەنتەری نیشتمانی گۆڕانی کەشوهەوا. NAP بە پەرەپێدانی ستراتیژییەکی تر کە لە ڕووی کارکردنەوە چڕتر بێت، بە ناوی (کاغەزی سەوز) تەواو دەکرێت. ئەم ستراتیژە لە ئێستادا لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کاری لەسەر دەکرێت کە لەلایەن حکومەتەوە دامەزراوە و ئامانجی دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی ئەو کردار و پرۆژانەیە کە دەتوانن کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا هێورکەنەوە و یارمەتیدەر بن لە گواستنەوەی وڵات بۆ تۆڕی سفر لە دەردانی گازی ژەهراوی.[٢٦] هەرچەندە تەواو نەکراوە، بەڵام بەشێک لەم ستراتیژە لە وتارە گشتییەکانی ئەم دواییەی لایەنە حکومییەکاندا تیشکیان خراوەتە سەر، وەکو دەستپێشخەرییەکی مەزنی بەدارستانکردن کە دەیەوێت ٥ ملیۆن

٢٣ Skelton, Mac: Competing Over the Tigris: The Politics of Water Governance in Iraq. IRIS, ٢٠١٨; Adelphi: Climate Risk Profile Iraq, ٢٠٢٢.

٢٤ IOM: Migration, Environment and Climate Change in Iraq, ٢٠٢٢.
Link: https://environmentalmigration.iom.int/sites/g/files/tmzbdl1411/files/documents/Migration%2C%20Environment%20and%20Climate%20Change%20in%20Iraq.pdf.

٢٥ Green Climate and UNEP ,هەڵاوێردNAP رەسەل.
Link: https://www.greenclimate.fund/document/adaptation-planning-support-iraq-through-unep; and https://www.unep.org/news-and-stories/press-release/iraq-launches-national-adaptation-plan-process-climate-change.

٢٦ https://www.thenationalnews.com/mena/iraq/2022/03/07/iraq-lays-out-plans-to-tackle-climate-change-and-address-water-supply-problems/.

نەمام لە سەرتاسەری وڵاتدا بچێنێت.[27] هەروەها وەزارەتە سەرەکییەکان هەوڵیان داوە ئەو کاریگەرییە نەرێنییە کەم بکەنەوە کە گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ئاو و کشتوکاڵ هەیەتی. هەروەها وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان کە بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی ئاو لە وڵاتدا، بە زنجیرە کارێکەوە بەرەو پێشەوە چووە کە مەبەست لێی یارمەتیدانی کەمکردنەوەی کەمی ئاوە کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە دروست دەبێت. یەکەم، پشتگیری لە هەڵکەندنی زیاتر لە ٥٠٠ بیری لە سەرتاسەری وڵاتدا کرد، کە بۆ ئاودێریکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و دابینکردنی دەسپێڕاگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە بۆ خێزانەکان بەکاردەبرێن.[28] لە هەمان کاتدا وەزارەت هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی لێدانی بیرە نایاساییەکانی داوە، شتێک کە ئاستی ئاوی ژێر زەوی کەمکردووەتەوە و گرژی لەنێوان پێکهاتەکان و لەناوخۆی پێکهاتەکاندا دروستکردووە و بووەتە هۆی تێکچوونی ژینگە بەشێوەیەکی گشتی.[29]

لە هەوڵێکدا بۆ وەستاندنی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی، وەزارەت سنوور و کۆت وبەندی نوێی بۆ ڕۆیشتنی ئاوی ڕووبارەکان داناوە. لە کۆتاییدا وەزارەت لە نێوان شتەکانی تردا بە پڕۆژەیەک کە پاڵپشتیکراوە لەلایەن ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (FAO/فاو) بەرەو پێشەوە چوو، کە ئامانجی زیادکردنی توانای دەسەڵاتە وزاری و شارەوانییەکانە بۆ چاودێریکردن و باشترکردنی بەبەرهەمی ئاو و زەوی لە کشتوکاڵدا.[30]

هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ هەوڵیداوە سنووردارکردنی بەکارهێنانی ئاو لەنێو جوتیاراندا بسەپێنێت، کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیەوە، هەروەها ڕووبەری ساڵانەی بۆ چاندن لە ساڵی ٢٠٢٢دا بۆ نیوە کەمکردبووەوە بەهۆی کەمی ئاوەوە.[31]

هەروەها هەوڵی داوە جووتیاران بۆ گرتنەبەری شێوازی ئاودێری مۆدێرن هان بدات بۆ سنووردارکردنی بەفیڕۆدانی ئاو، هەوڵێک کە پلەی جیاوازی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە بەهۆی ئەوەی زۆرێک لە ناوچەکان دەستیان بە ژێرخانی ئاودێری پشتنەبەستوو بە باران ڕاناگات جگە لەو نرخە بەرزەی پەیوەست بە جێبەجێکردنی تەکنیکە نوێیەکانی ئاودێری.

بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەم هەوڵانە، بەهۆی ئاستەنگی دارایی و لاوازی دامەزراوەکان و حوکمڕانی ناکاریگەر کە بەهۆی چەندین ساڵەی ململانێ و گەندەڵی ئیداری و خراپی پلاندانان و پرۆسەی بودجە و بۆشایی لە زانستی حوکمڕانیدا دروست بووە، لاواز بوون.[32]

هەروەها بەهۆی ناکۆکی و گرژیی نێوان دەسەڵاتە فیدراڵی و پارێزگاکانەوە لاواز بوون: بۆ نموونە، ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی ئاو کە لەلایەن وەزارەتی سامانەکانی ئاوەوە دەرچووە، لەلایەن بەشێک لە پارێزگارەکان و دەسەڵاتدارە شارەوانیی و قەزاییەکانی دیکەوە پشتگوێ خراوە کە حەزیان بە ڕێزگرتن لەو سنووردارکردنە نوێیانەی کە لەلایەن وەزارەتەوە سەپێنراون نایەت.

27 AP News: Iraqi PM promises action to tackle crippling climate change. March ٢٠٢٣. Link: https://apnews.com/article/iraq-basra-climate-change-a110e41a9f1c70b61ab5fa363992a624.

28 Kurdistan ٢٤: Iraq digs ٥٠٠ wells to combat water scarcity. July ٢٠٢٢. Link: https://www.kurdistan24.net/en/story/28967-Iraq-digs-500-wells-to-combat-water-scarcity

29 France ٢٤: For water-stressed Iraq, wells threaten race to the bottom. October ٢٠٢٢. Link: https://www.france24.com/en/live-news/20221030-for-water-stressed-iraq-wells-threaten-race-to-the-bottom.

30 FAO, Govt. Iraq, Govt. Netherlands: New agreement between Ministry of Water Resources and FAO introduces innovative tools to monitor water productivity in Iraq. August ٢٠٢٢. Link: https://reliefweb.int/report/iraq/new-agreement-between-ministry-water-resources-and-fao-introduces-innovative-tools-to-monitor-water-productivity-iraq-enar.

31 Skelton, Mac: Competing Over the Tigris: The Politics of Water Governance in Iraq. IRIS, ٢٠١٨.

32 بۆ زیاتر لەسەر ئەم ئاستەنگانە، بڕوانە World Bank Country, Climate, Development Report: Iraq.

سـەرەڕای ئـەم ئاڵنگارییانـە، حکومەتـی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق محەمـەد سـودانی، بەرەنگاربوونـەوەی کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوای کـردووە بـە ئەولەیەتـی سـەرەکی سیاسـەت، ئەمـەش بـە بەڵگـەی کۆنفرانسـێکی دوو ڕۆژەیـی لـە سـاڵی ٢٠٢٣ لەسـەر ئـەو پرسـە و پلانـی ئەنجامدانـی کۆنفرانسـێکی ناوچەیـی بـە ئامانجـی دروسـتکردنی هاوکاریـی ناوچەیـی لەسـەر ئـەو پرسـە. هەروەهـا لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٢٣ عێـراق یەکـەم وڵات بـوو لـە ناوچەکـەدا کـە پەیوەنـدی بـە ڕێککەوتننامـەی پاراسـتن و بەکارهێنانـی ڕێـڕەوی ئـاوی سـنووربەزێن(نێودەوڵەتی) و دەریاچـە نێودەوڵەتییەکانـەوە کـرد (کـە بـە ڕێککەوتننامـەی ئـاوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان نـاسراوە). بەهـۆی ئـەو فشـارە زۆرەی لەسـەر کەمبوونـەوەی سـەرچاوە ئاوییەکانـی دروسـت بـووە، عێـراق زیاتـر پشـت بـە بەڕێوەبردنـی بـەردەوام و هـاوکاری لەگـەڵ دراوسـێکانی دەبەسـتێت سـەبارەت بـە ڕووبـارە سنووربەزێنەکان و سـەرچاوەکانی ئـاو.[٣٣]

"سـەرچاوەکانی ڕووبارەکانـی دیجلـە و فـورات گرنگتریـن سـەرچاوەی ئـاوی سـەرزەوین بـۆ نزیکـەی ٢٣٧ ملیـۆن کـەس، لە عێراق (٤٣.٥ ملیـۆن)، ئێران (٨٨ ملیـۆن)، سـوریا (٢١ ملیـۆن)، و تورکیـا (٨٥ ملیـۆن)". بەیاننامەکـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـەم شـێوەیە ڕوونـی دەکاتـەوە، "پێداویسـتییە کێبڕکێکارەکانـی ئـاو بـۆ ئاودێـری، دابینکردنـی ئـاوی خواردنـەوە، پیشەسـازی، بەرهەمهێنانـی وزەی ئـاو و ژینگە، لەگەڵ کەمبوونـەوەی بـڕی ئـاو و تێکچوونـی کوالیتـی ئـاو، ئاڵنـگاری سـەختی بەڕێوەبـردن دروسـت دەکـەن."[٣٤]

٣٣ UN Iraq: Press Release, March ٢٠٢٣.
Link: https://iraq.un.org/en/224896-iraq%E2%80%99s-accession-un-water-convention-opens-new-opportunities-strengthen-transboundary-water.

٣٤ UN Iraq: Press Release, March ٢٠٢٣.
Link: https://iraq.un.org/en/224896-iraq%E2%80%99s-accession-un-water-convention-opens-new-opportunities-strengthen-transboundary-water.

# ٤. دەرئەنجامە هاوبەشەکانی نێوان قەزاکان لەسەر کەشوهەواو ململانێ

ئەم بەشە سەرەتا بە سەیرکردنی ئەو دەرئەنجامە هاوبەشانە بەردەوام دەبێت کە لە دەرئەنجامەکانی قەزاکانەوە سەرهەڵدەدەن. پاشان لە نزیکەوە لە هەریەکێک لەو قەزایانە دەڕوانێت کە لەم ڕاپۆرتەدا باسکراون و باس لە پێشینەیان دەکات، لەوانەش بزوێنەری ململانێی هەنووکەیی، دەرئەنجامەکانی ڕێڕەوی مەترسی ئاسایشی کەشوهەوا و لایەنە سەرەکییەکان و سیاسەت و بەرنامەی وەڵامدانەوە دەستنیشانکراوەکان.[٣٥]

## دەرئەنجامە هاوبەشەکان

**گۆڕانی کەشوهەوا هۆکاری ناکۆکییە هەنووکەییەکانی زیاتر کردووەو گرژی و ئاڵۆزیی لەسەر کێشەی نوێ دروستکردووە.** لەو ناوچانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدان، هەستێکی هاوبەش لەناو هەندێک لە کۆمەڵگاکاندا زاڵە کە خزمەتگوزاری و دامەزراوەکان هەندێک لە کۆمەڵگاکانیان بەلاوە باشترە وەک لە هەندێکی دیکە، ئەم خەمەش بەهۆی کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەواوە زیاتربووە. لە هەندێک دۆخەکاندا وەک ناوچەی عەفەک، نایەکسانییەکە لە سروشتەکەدا ڕەنگی داوەتەوە: بەپێی وتەی ئەوانەی لەوێ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، ناوچە شارستانییەکان سەرچاوە و بۆری ئاویی باشتریان لە لایەن حکومەتەوە بۆ دابین کراوە وەک لە دێیەکان. لە هەندێک باری دیکەدا، لە هەندێک حاڵەتدا وەک لە چەمچەماڵ هەستی پەراوێزخستن دەگەڕێنرێتەوە بۆ پاڵنەرە سیاسییەکان. قەزاکە هاوتەریبە لەگەڵ پارتێکی سیاسی دژبەر بە بەراورد بەو حزبە باڵادەستەی کە دەوترێت کۆنترۆڵی پرۆسەی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. لە ئەنجامدا، قەزاکە ڕووبەڕووی کەمی سەرچاوەی دارایی دەبێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی حوکمڕانی کە ڕێگا بە هیچ وەڵامدانەوەیەک نادات بەرامبەر بە مەترسییەکانی ئاسایشی کەشوهەوا. لەڕاستیدا، ئاژاوەگێڕی لەسەر تەرخانکردنی بودجەی پێویست، تەوەرێکی بڕبڕەیە، چونکە زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی قەزاکان هەست دەکەن حکومەتی فیدراڵی – یان لە نموونەی چەمچەماڵ، حکومەتی هەرێمی کوردستان، – شکست دەهێنێت لە تەرخانکردنی ئەو سەرچاوە سەرەکیانەی کە پێویستن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە بنەڕەتیانەی کە بەشدارن بۆ حوکمڕانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ناتەواو. بە گشتی، نەبوونی وەڵامدانەوەی کاریگەر لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتدارانەوە بۆ ئەو تەحەددیایانەی حوکمڕانی کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا خراپتر بوون، تەنیا گومانی زیاتری لەنێو خەڵکدا بەرامبەر بە دامەزراوە و لاینە کاراکان پەرەپێداوە.

کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا چەند هۆکارێکی دیکەی گرژی و ئاڵۆزی وروژاندووە. هەندێک لەو هۆکارە دەسبەجێیانە لە شێوەی ململانێی ئاوو زەوی و زاردا دەرکەوتوون. ململانێی یەکەم بریتییە لە ڕێکنەکەوتن لەسەر لادانی ڕێڕەوی ئاوەکان و هەڵکەندنی بیر بۆ دەستگەیشتن بە ئاوی ژێرزەوی و بە گشتی، باش بەڕێوەنەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم ململانێیانە بە ڕێژەی جیاواز لە شەش ناوچە لە کۆی نۆ ناوچەدا دەردەکەون، بە جۆرێک ململانێکانی پەیوەست بە دەستکەوتنی ئاو کەمتر لە ناوچەکانی حەویجە، کفری، ئاڤاق تۆمارکراون و ململانێی دەستکەوتنی ئاو زیاتر لە چەمچەماڵ، خۆرهەڵاتی حەمزە وکەلار تۆمارکراون.

٣٥ تکایە ئاگاداربن کە ئەو ئەنجامانەی قەزاکە خراوەتەڕوو، کورتکراوەن کە لە ڕاپۆرتە قووڵەکانی قەزاکانەوە وەرگیراون کە دەتوانرێت لەسەر داواکاری بەردەست بکرێن.

لەو ناوچانەش کە ململانێیەکی بەرچاو لەسەر دەستکەوتی ئاو تۆمارنەکراوە ( بێجی، شەتولعەرەب و ئەل زوبەیر)، کەمی ئاو هێشتا وەک سەرچاوەی ئاڵۆزی وکەم متمانەیی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکی و کاربەدەستانی حکومەتدا، لە ڕاستیدا ئەم هەستە لە گشت ئەو ناوچانەدا کە لە ڕاپۆرتەکەدا باسکراون هاوبەشە.

**«ناکۆکی لەسەر ئاودێریکردنی باخەکانی میوە هەیە، کە ئاوی کانییەکە بەکاردەهێنرێت. بەهەمان شێوەش ناوچەگەلێک هەن کە زیاد لە پێویست ئاوی کانیاوەکە بەکاردەهێنن، ئەمەش ڕێگری دەکات لەوەی بگاتە ناوچەکانی تر».**

(بەشداربوو لە گفتوگۆی فۆکەس گروپ، ئەیلوولی ٢٠٢٢، باکووری عێراق.)

ململانێی زەوی و زاریش بە هەمان شێوە سەریان هەڵداوە لەگەڵ کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا وەک هۆکارێکی سەرەکی گرژی. ئەم ململانێیانە بە زۆری لە ناوچەکانی چەمچەماڵ، کەلار، کفری و ئەلزوبەیر دەبینرێن. بەربڵاوترین ناکۆکی یاسایی لە نێوان خاوەنی زەوی و زارەکانی مەڕوماڵات و ئەو خاوەن مەڕوماڵاتانەدایە کە بە نایاسایی و بە مەبەستی خۆراکپێدانیان مەڕوماڵاتەکانیان دەبەنە ئەو زەوییانەوە. ئەم بارودۆخە بە هۆکاری کەمبوونەوەی گژوگیا و بە بیابان بوون و وشکەساڵییەوە کە بوونەتە هۆی بێ بەرهەمی و ڕوتەڵبوونی زەوییەکان ،زیادی کردووە و چەند هەڵبژاردەیەکی زۆر کەمی بۆ شوانەکان هێشتۆتەوە بۆ تەندروست هێشتنەوەی ماڵاتەکانیان. ئەو ڕاستییەی کە زۆرێک لە جووتیارەکان، خاوەنی زەوی و زار ومەڕوماڵاتەکان بە هۆی کاریگەری گۆڕانی کەشوهەواوە ناچاربوون موڵکەکانیان بفرۆشن و دەستبەرداری کارەکانیان ببن، گرژییەکانی لەو ناوچانەدا زیادکردووە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵانە زیاتر بەرەو ناوچە شارستانییەکان کۆچیان کردووە بۆ ئەوەی هەلی کاری نوێ بەدەست بهێنن و ئەمەش نەک تەنها بەربەرەکانێی بۆ دەستکەوتنی کار لەگەڵ خەڵکە خۆجێیەکەدا دروستکردووە ، بەڵکو پەستانی زیاتری لەسەر ئەو خزمەتگوزارییە گشتییانەی ناوچەکانیشدا دروستکردووە کە خۆیان لە خۆیاندا کەموکورتن.

کاریگەریی گۆڕانی کەش و هەوا دابەشبوونی هۆزەکانیش زیاتر دەکەن. جموجۆڵ وناسنامەی هۆزەکان تایبەتمەندیی گرنگیی ژیانی کۆمەڵایەتین لە زۆرینەی ئەو ناوچانەی کە باسکراون و گرژی لە نێوان هۆزەکاندا بەرەو خراپی چون، لە کاتێکدا قەیرانەکانی کەش و هەوا پاڵەپەستۆی لەسەر سەرچاوە گرنگە سنوردارەکان دروستکردووە. بە دیوێکی دیکەدا، ناسنامەی هۆزایەتیی لە کاتی قەیرانەکاندا چالاک و زەق دەبێتەوە، لە کاتێکدا ئەندامانی هۆزەکان چاوەڕوانی پشتگیریی گشتیی دۆستەکانیان دەکەن. کاتێک ململانێ کەسییەکان لەسەر خاک و ئاو دەبێتە تایبەتمەندییەکی دیاری ناوچەکە ئەویش بەهۆی قەیرانی کەش وهەواوە، ئەم ململانێیانە مەترسی گواستنەوەیان هەیە لە ئاستی کەسییەوە بۆ ئاستی هۆزەکان و هەڕەشەی هەڵتەکاندنی سەقامگیریی لە هەندێک ناوچەکان دەکات.

**بژێوی ژیان لە هەریەک لە ناوچەکان بە ڕێژەیەکی زۆر و بە چەندین شێوە کاریگەر بووە.** گۆڕانی کەش و هەوا بۆتە هۆکاری سێ دەرئەنجامی سەرەکیی بژێوی ژیان لەو ناوچانەدا کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە. یەکەم، کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان، کە کۆمەڵێکی ئابوری گرنگ لە زۆربەی ناوچە جەخت لێکراوەکان پێکدەهێنن، کەمبوونەوەیەکی زۆریان لە بەروبوومەکاندا بینیوەو بە دواشیدا داهاتیان کەمی کردووە. ئەمە جوتیارەکان، ئاژەڵدارەکان و شوانکارەکانی ناچارکردووە کە پیشە لەمێژەکانیان وازلێبێنن و بە دوای هەلی کاردا بۆ ناوچە شارنشینەکان کۆچ بکەن. لە ئەنجامدا،

پەستانێکی زیاتر لەسەر دامەزراوە خۆجێییە حکومییەکان و بازاڕە ئابورییەکان دروست بووە کە خۆیان لە خۆیاندا لاوازن.

**«دابەزینی ئاستی ڕووبارەکە کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی قەزاکەیە، بووەتە هۆی کۆچکردنی زۆرێک لە جووتیاران و ماسیگر و ئاژەڵدارەکان، کە توانای ئەوەیان نییە بەرووبووم و ئاژەڵەکانیان بە زیندووی بهێڵنەوە.»**

(بەشداربوو لە گفتوگۆی فۆکەس گروپ، ئەیلوولی ٢٠٢٢، باکووری عێراق.)

دووەم، کە هەر پەیوەندی بە کێشەی یەکەمیشەوە هەیە، کەمی بەروبووم بە مانای ئەوە دێت کە پێداویستیی کۆمەڵ کەمی کردووە، ئەمەش بۆتە هۆی زیادبوونی نرخی هەندێک لە خۆراکە سەرەکییەکان لە قەزاکاندا.[٣٦] ئەم دیاردەیە کاریگەری لەسەر توانای کڕین و هەڵگرتنی ئەو خۆراکانە کردووە لەلایەن دانیشتوانی قەزاکانەوە و بە تایبەتیش ئەوانەی کە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا زیاتر کاریان تێدەکات بۆ نموونە: ئەو کەسانەی کە بۆ مانەوەیان لە ژیاندا پشت بە کەرتی کشتوکاڵ دەبەستن، کە زیاتر ناوچەی لادێ نشینەکان دەگرێتەوە. سێیەم، تەندروستی دانیشتوانەکان بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواو لێکهەڵوەشانی ژینگەییەوە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەم خاڵە بە تایبەتی لە ناوچەی بایجی بەدیدەکرێت کە کەرتێکی نەوتی چالاکی هەیە. بە گشتی، سەرچاوە ئاوییەکان لە ناوچەکەدا بە ڕێژەیەکی زۆر پیس بوون بە پێی زانیارییەکانیش نرخی ئاوی خواردنەو زیادی کردووە، ئەمەش دانیشتوانە هەژارەکەی وا لێکردووە کە نەتوانن بە تێچوویەکی کەم ئاوی پاکیان دەستبکەوێت.

لە ئەنجامدا، زۆرێک لە خەڵکەکە پەنایان بۆ بەکارهێنانی ئاوی پیسبوو بردووە، کە ئەمەش کێشە تەندروستییەکانی زیادکردووە. ئەم نادڵنیایی بژێوییە بۆشایی نێوان دانیشتوان و دامەزراوەکانی حکومەتی زیادکردووەو دانیشتوانەکە متمانەیان بە توانای حکومەت بۆ دابینکردنی پێداویستییە زۆر گرنگەکانیان نەماوە.

لە کاتێکدا ئەم دیاردەیە لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی دیکەو چەند چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی پێدراوە،[٣٧] بەڵام ئەنجامی توێژینەوەکان لەو ناوچانەی ڕوماڵ کراون ئەوەی دەرنەخستووە کە ناسەقامگیری بژێویی زیادبونێکی زۆری لە دامەزراندنی هێزە ئەمنییەکان لە زۆرینەی ئەو قەزایانەی کە دەیانگرێتەوە.لە کۆی نۆ ناوچەکە، ئەم دیاردەیە وەک کێشەیەک تەنها لە سێ ناوچە تیشکی خراوەتە سەر، ئەوانیش کفری، بێجی و حەوێجەن. بەڵام لەو ناوچانەش جموجۆڵەکە جیاوازبوو، کفری تاکە ناوچە بوو کە تێیدا گۆڕانی کەش و هەوا جوتیارەکانی ناچارکردبوو کە بەدوای کار ودامەزراندندا بڕۆن لەناو هێزە ئەمنییەکاندا و بەشداربن لە پاراستنی باری ئاسایشی ناوچەکەدا کە بەهۆی سروشتی ناوچەکەوە تا ڕادەیەکی زۆر ناسەقامگیرە. لە بایجی و حەویجە، پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆی خەڵکی بە هێزە ئەمنییە ڕەسمییەکانەوە تۆمارنەکراوە، هەرچەندە هەندێک کەس لە چاوپێکەوتندا باسیان کردووەو هەندێک کۆمەڵیش تیشکیان خستۆتە سەر ئەوەی ئەگەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا باش نەکرێت ئەوە مەترسیی ڕوودانی ئەم دیاردەیە بەرزە. لە حەویجە مەترسی و نیگەرانییەکە بە پەیوەندیکردنی خەڵکی بە هێزە توندوتیژە توندڕەوەکانیشەوە بەستراوە. لە بنچینەدا، ترسەکە ئەوەیە کە هەرچەندە کاریگەرییە نەخوازراوەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە بۆ ماوەیەکی زۆرتر پشتگوێ بخرێت، کۆمەڵەکان زیاتر ملکەچی ڕاپێچان بەرەو دامەزراندن لە ناو هێزە ئەمنییە

---

٣٦ World Food Programme: Iraq Market Monitor Report, No. ٣٢, April ٢٠٢٢.
Link: o https://iraq.un.org/sites/default/files/2022-06/Iraq%20Market%20Monitor%20Report%20Issue32-%20Apr2022-Final.pdf

٣٧ SIPRI, NUPI: Climate, Peace and Security Fact Sheet. Iraq. April ٢٠٢٢. Link: https://www.sipri.org/sites/default/files/2023-10/22_fs_iraq.pdf.

ڕەسمییەکان و پشتگیریکردن لە لایەن گروپە توندڕەوەکان، و ڕێکخراوە تاوانکارییەکان.

**چەند لایەنێکی سەرەکی لە ناوچەکاندا وەک کەسانی کاریگەر لە هێورکردنەوەی ئەو ئاڵۆزییانە ناسێنراون کە بە هۆی گۆڕانی کەشو هەواوە دەرکەوتون و خراپتر بوون.** ئەمانەش پێکدێن لە سەرۆک هۆزەکان، دەسەڵاتدارانی حکومی، کەسایەتی ئاسایشی ناوخۆیی، ناوچەیی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ناحکومی . لەوانەش پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها ڕێکخراوە ناوخۆییە ناحکومییەکان. هەرچەندە ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەو لایەنانە لە هەر یەک لە ناوچەکان جیاوازە، بەڵام بۆچوونی سەرەکی ئەوەیە کە کاردانەوەکانی لایەنی حکومی بۆ ئەو ئاستەنگ و قەیرانانەی بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە ڕویداوە زۆر کەموکورت و ناتەواون. ئەمەش بۆ هەردوو هۆکاری کەمی سەرچاوەکان ( وەک باسکراوە، بودجەی ناوچەکان وەک تێبینی کراوە شیاو نییە بۆ ڕاگرتنی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا) و سنورداریی تواناکان. سەبارەت بە سنورداریی تواناکان، دەسەڵاتدارانی حکومی چالاک لە ناوچەکاندا، بە تایبەتی ئەوانەی لە هێڵی پێشەوەی کێشەکاندان وەک قایمەقام(کۆمیساری قەزاکان)، بەڕێوەبەرەکانی ناحییەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ کە کۆمیتەی بچوکتری لە قەزاکان هەیە بەڵام سنورداره لە یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی خاک و سەرچاوەکان، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان وبەڕێوەبەرایەتی ئاو(سەر بە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوە)، ستراتیژیی یەکخراویان نییە بۆ تاوتوێکردنی ئەو کێشانەی بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە خرۆشاون.

بە مانایەکی دیکە، وەڵامدانەوەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەکانەوە بە ڕێبازێکی هەڕەمەکی بەڕێوەدەبرێت کە خۆی لە خۆیدا بەهۆی سنورداریی تواناکان و سەرچاوەکانەوە هەڵتەکاوە و چیدی بۆ ئەو قەیرانی کەشوهەوایەی کە دوچاری وڵاتەکە دەبێتەوە کارپێکراو نییە. ئەمە مانای ئەوەیە کە هیچ ستراتیژییەکی درێژخایەن و هەڵوەستێکی گونجاو نییە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئاستەنگ وململانێیانەی گۆڕانی کەشوهەوا دروستی کردوون. هەرچەندە هەندێک ستراتیژی لە ئاستی نیشتمانیدان بەڵام ڕوون نیە کە چۆن و ئایە ئەم هەوڵانە دەگوێزرێنەوە بۆ ئاستی شارەوانییەکان یاخود نا؛ ئەو کارە مەیدانییەی لە کاتی ئەم توێژینەوەیەدا ئەنجامدراوە ئەوە دەردەخات کە هەوڵە ناوخۆییەکان لە ڕاداری دەسەڵاتدارانی قەزاکاندا نەبوون، هەرچەندە ڕۆیشتنی ئاوو سنوردارکردنی بەکارهێنانی لەلایەن وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانەوە لەم ناوچانەی لێکۆڵینەوەیان لێکراوە هەستیان پێکراوە. زیاد لەمانەش، دانیشتوانی چەند قەزایەکی جیاواز تێبینی ئەوەیان کردووە کە یاسا دانراوەکان پێشێل دەکرێن بەبێ ئەوەی کە لایەنە حکومییەکان هیچ ڕێوشوێنێکی ڕێکخەرەوەو سەپێنەر بگرنەبەر. زۆربەی جار جوتیارەکان ڕێکارەکان پشتگوێ دەخەن ئەگەر لەلایەن سەرۆک هۆزەکانەوە پێیان نەوترێت کە پابەندبن، هەروەها تواناکانی حکومەت بۆ سەپاندنی یاساکان زۆربەی جار لە ناوچە لادێ نشینەکاندا لاوازترە و پێشێلکردنەکانیش ئەگەری ڕوودانیان زیاترە.

کاتێک ململانێیەک دروستدەبێت، ئەو لایەنانەی کە باسکران بە سێ ڕێگەی جیاواز وەڵام دەدەنەوە. لە هەندێک لە قەزاکان، سەرۆک هۆزەکان لە ڕێگەی نەریتی باوی هۆزەکانەوە پێشڕەوی دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، بەبێ بەشداریپێکردنی لایەنە بەرژەوەندیدارەکانی دیکە. لە هەندێ قەزای دیکە، سەرۆک هۆزەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتدا بە تایبەت سەرۆک قەزا و بەڕێوەبەرانی شارەوانییەکان، بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکان یەکدەگرن. لە هەندێکی دیکە، لایەنەکانی پاراستنی دادوەری و ئاسایش ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕن و لە بەرەی پێشەوەی نێوەندگیریی ململانێکاندان، بە تایبەت لەو کاتانەدا کە هەوڵەکانی دیکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی هۆزەکان ودەسەڵاتی حکومی ناوچەکەوە شکست دەهێنن.

**هۆکارەکانی مەترسیی کەشوهەوا ناهاوسەنگییە هەنوکەییەکانی دەسەڵات خراپتر دەکات و بە تایبەتیش کار لە ژنان دەکات.** بە گشتی، کاریگەرییەکانی کەشوهەوا لە ڕوی ڕەگەزەوە هاوسەنگ نین، چونکە زۆرجار بە شێوەی جیاواز کاریگەری لەسەر ژنان و پیاوان دادەنێن ئەویش بەهۆی ئەو نایەکسانی ڕەگەزی و ناهاوسەنگییەی دەسەڵاتەوەیە کە هەنوکە بونیان هەیە. ژنان بە تایبەتی لەژێر هەڕەشەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوادان لە چەند دەقێکی جیاوازدا، کاتێک ڕۆڵی ڕەگەزی و نایەکسانیی کار دەکاتە سەر دەستگەیشتن بە سەرچاوەکان و ئەو جوڵانەی کە پێویستن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاریگەرییەکانیدا. لە هەمان کاتدا، ململانێی توندوتیژ دەتوانێت یەکسانییە ڕەگەزییەکان خراپتر بکات و کاریگەری جیاوازی لەسەر ژنان و پیاوان هەبێت. خاڵی یەکتربڕی نێوان گۆڕانی کەشوهەواو ململانێ چەندین لاوازیی جیاواز بەرهەم دەهێنێت کە پێویستییان بە شیکاریکردنێکی تایبەت هەیە بە گوێرەی دوو ڕەگەزەکە بۆ ئەوەی ستراتیژی پلان و هەڵوێستی گونجاو بگیرێتەبەر.[٣٨]

لە نێو چەندین ململانێدا، ژنان لە شاری بەسرە لێدوانیان داوە کە دوای ئاوارەبوونیان بە هۆکاری گۆڕانی کەشوهەوا، توشی مەترسیی سەلامەتیی بوونەتەوە بەهۆی زیادبونی حاڵەتی گێچەڵپێکردن و نەبوونی ئامادەکاریی سەلامەتی و ڕێکارەکانی پاراستن لە دەوروبەری ناوچەکانی تایبەت بە ئاوارەکاندا. بەڵگەی زیاتر لەسەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا هەیە وەک ژنانی کەلار لێدوانیان داوە کە پەیوەندیی هەیە لە نێوان وشکەساڵی و ئەو بەرزبوونەوە لەناکاوەی لە نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک خواردن و کەرەستەی کاری دەستیدا هەیە. ئەم بارودۆخە بەتایبەتی کاری لەو ژنانە کردووە کە بۆ دابینکەدنی بژێوییان پشت بە فرۆشتنی کارە دەستییەکانیان دەبەستن. بە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی کەرەستەکانەوە، ژنان ناتوانن بەرهەمەکانیان لە بازاڕدا بفرۆشن.

> «من و ژنانی دیکە پێشتر ئیکسسواراتمان دروست دەکرد و لە بازاڕدا دەمانفرۆشت. ئێستا، بەهۆی گرانیی ئەو کەرەستە هاوردەکراوانەی کە بەکاریان دەهێنین، ناتوانین بیانفرۆشین».
>
> (بەشداربوو لە گفتوگۆی فۆکەس گروپ، ئەیلوولی ٢٠٢٢، باکووری عێراق.)

لە ئەنجامدا، کاریگەرییە ئاوێتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، لەوانەش هەڵبەزینودابەزینی نرخەکانی خۆراک و بە گشتیش نائاسیشی خۆراک، ئەو ململانێ و ونیگەرانیانەی بابەتی سەلامەتی لەلای ژنان خراپتر دەکات. لە قەزای ئافاق لەدەستدانی بژێوی و نائاسایشی خۆراک کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە ئاڵۆزتر بووە بارگرانیی باری ئابوری ژنانی زیاترکردووە. توانای ژنان بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ خێزانەکانیان، کە تێیدا منداڵەکانیان بە دڵنیایی دەستیان بە خوێندن ڕابگات زۆر ئاستەنگی بۆ دروستبووە. بەم شێوەیە کاریگەرییە پەیوەستەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر بژێوی لە ڕێگەی چەندین ئاراستەوە ڕەنگدەداتەوە و نائاسایشی خۆراک و بژێوی ژیان لە نێو دانیشتوانە لاوازەکانی وەک ژناندا قوڵتر دەکاتەوە.

لە عێراق، ژنان لە بوارەکانی ڕامیاری یاخود بڕیاردەرکردندا زۆر کەم ڕۆڵیان دراوەتێ و بە تایبەتیش لە ناوچە لادێنشینەکاندا، ڕوانگەی ژنان ودەنگی ژنان زۆربەی کات بوونی نییە. هەروەها لەو ناوچانەی پێشوتر لەلایەن داعشەوە داگیرکرابوون وەک بایجی و حەویجە، ژنان بۆیان دەرکەوتووە کە سەرەڕای پشتگیرییان لە شەڕکردن دژی داعش، بوارەکانیان بەرتەسکتر بووەتەوە. بەشداریکردنی چالاکانەیان لە

---

٣٨ Zeinab Shuker: The Gender Dimensions of the Climate Crisis in Iraq.
Link: https://1001iraqithoughts.com/2023/05/21/the-gender-dimensions-of-the-climate-crisis-in-iraq/.

کۆمەڵگەدا بەرەودواوە چووە و وەلاخستنیان زیادیکردووە.بە دانپێدانانی سەختیی بەدەستهێنانی بەشدارییپێکردنی کارا و بەردەوامی ژنان، گرنگە کە لەکاتی گەڕان بەدوای چارەسەری ئاشتیخوازانە بۆ ململانێکان و مەترسییەکانی ئاسایشی کەشوهەوا ژنان بەشداربن. ئەمەش نەک تەنها لەبەر ئەوەی ژنان بە ڕێژەیەکی نایەکسان کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوایان لەسەرە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە زۆر گرنگە ڕوانگەی چینە پەراوێزخراوەکان لەبەرچاوبگیرێت بۆ ئەوەی بە دڵنیایی چارەسەری هاوسەنگ ودادپەروەر فەراهەم بکرێت. لە ناوچەکانی ئەل زوبەیر، حەویجە و چەند شوێنێکی دیکە، ژنان توانیان بیسەلمێنن کە ڕۆڵێکی کارایان هەیە لە ڕێگرتن لە توندوتیژی و دەستیان هەیە کە پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە ویتەوکردنی لایەنە کۆمەڵایەتیەکاندا. ئەمەش لەڕێگەی ئەو پرۆژانەوە بەدیهاتوون کە ژنان ڕێبەرایەتیان دەکەن وئەو سنورانە دەبڕن کە لە نێوان ناوچەی ململانێکانی نێوان ناوچە خانەخوێیەکان و کۆمەڵگە ئاوارەکان، یاخود نێوان هۆزە جیاوازەکاندا هەیە و هەندێ جاریش لە ڕێگەی ئەنجامدانی خولی هونەرییەوە بووە دژ بە توندڕەویی توندوتیژیی. لە کاتێکدا هەندێکجار ژنان سەرنجیان لەسەر ڕۆڵەکانیانە وەک دایک و هاوسەر، هەروەها جەخت لەسەر ڕۆڵ و ئەرکەکانیان دەکەنەوە بۆ فێرکردنی ئەخلاق وپرەنسیپەکان و بەمجۆرەش هانی چارەسەری ململانێکان لە ڕێگەی گفتوگۆو ئاشتییەوە دەدەن. بەهێزکردنی ژنان و بوارپێدان و بەشداری پێکردنیان لە پرۆسە بڕیاردانەکاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی بەرگری دژی کەشوهەوا لە ناوچە هەستیارە ململانێدارەکان و گونجاندن لەگەڵ کەشوهەوادا.

## دەرئەنجامەکانی پەیوەست بە قەزاکان

### قەزای عەفەک (پارێزگای قادیسییە)

کورتەباس و باکگراوندی قەزاکە

قەزای عەفەک کە دەکەوێتە پارێزگای قادسییەی باشوری عێراق، شوێنی نیشتەجێبوونی ١٠٠،٠٠٠ هاوڵاتییە. لایەنگیریی هۆزەکان لەم قەزایە بەهێزە، هەندێک لە هۆزە زاڵەکانی ئەم قەزایە بریتین لە ئەل شەیبی، ئەل حەمزە، ئەل موخازەرە، ئەل حیزامات،ئەل حەسەن، ئەل جەبور وئەل عەبید. قەزاکە لەگەڵ ڕوباری ئافاق یەکتر دەبڕن کە بە ڕوباری فوراتەوە بەستراوە. ئابورییەکەی بەزۆریی لەسەر دانەوێڵەیە و زۆرینەی دانیشتوانی قەزاکە بۆ پێداویستی بژێویان پشت بە کەرتی کشتوکاڵ دەبەستن. ئاژەڵداری، بە تایبەتیش بەخێوکردنی گامێشی ئاویی و ڕاوەماسیی کە لە ناو هۆزی موخازەرەی قەزاکەدا وەک پیشەیەک زۆر باوە ڕێگەی سەرەکی بژێویی ئابوریین. قەزاکە هەڵاوسانی لە ڕێژەی ئاوارەکاندا بەخۆیەوە بینیوە کە لە شارەکانی بەغداد، موسڵ، ڕەمادی، تەلەعفەر و حیللەوە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٤و٢٠١٩ وە ڕویان کردۆتە عەفەک بە هۆی ململانێکانیانەوە لەگەڵ داعش. ئەمڕۆکە، زۆربەی ئاوارەکان قەزاکەیان جێهێشتووە، هەرچەندە ژمارەیەکی کەمیان ماونەتەوەو کاریان لە کەرتەکانی کشتوکاڵدا دەستکەوتووە.

بەهۆی پشتبەستنی بە کشتوکاڵ، ئاژەڵداریی وڕاوەماسییەوە، گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەرییەکی زۆری لە قەزاکە کردووەو وشکەساڵی و ڕوتەڵبوونی زەوییەکانی بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی. ئەمەش پێشبڕکێی لەسەر دەستکەوتنی ئاو دروستکردووە و وەک هۆکارێکی سەرەکی ململانێ باسی لێوەدەکرێت. بەهۆی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە هۆزئاساکەی قەزاکەوە، گرژییەکانی نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵەکان هەندێ جار کاری کردۆتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان بەشێکی فراوانتری کۆمەڵانی خەڵکی. هەروەها گرژییەکان بەهۆی

لاوازی دامـەزراوە حکومییـەکان و هەسـتپێکراوی بێکاریگـەری حکومەتـەوە گەورەتـر بـوون ، وەک ئـاو، زێـراب، ڕێگاوبـان وکارەبـا کـە لـە باشـترین حاڵەتـدا بە شـێوازی پچڕپچـر دابیندەکرێـن و لـە هەندێـک شـوێن هـەر بوونیـان نییـە. بەپێـی چاوپێکەوتنـەکان، ناوچـە لادێنشـینەکانی قەزاکـە کـە هەژارتریـن ناوچەکانـن، بـە لاوازتریـن چیـن دادەنرێـن بـۆ کاریگەربـوون بـە قەیرانەکانــی کەشــوهەوا.

## ڕێڕەوەکانی ئاسایشی کەشوهەوا

**سـەرچاوە سروشـتییەکان.** کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا لـە شـێوەی وشکەسـاڵی و ڕوتەڵبوونـی زەوییەکانـدا کاری لـە بـوون و دەسـتکەوتنی ئـاو کـردووەو بوەتـە هـۆی دابەزینـی ژمـارەی ئـەو زەوییـە بەپیتانـەی کـە بـۆ هـەردوو بـواری کشـتوکاڵ وبەخێوکردنـی ئـاژەڵ بەکاردەهێنرێـن. زۆربـەی زەوییە کشـتوکاڵییەکان لەلایـەن حکومەتـەوە خاوەندارێتیـی دەکرێـن و بـۆ ماوەیەکـی دیـاری کـراو بـە گرێبەسـت دەدرێـن بـە جوتیـاران. گرێبەسـتەکان هەندێـک مـاف و ئەرکیـان تێدایـە سـەبارەت بـە ڕێـڕەوە ئاوییـەکان و ئـەو ئاوانــەی لەڕێگــەی بۆرییــە حکومییەکانــەوە دابینکــراون؛ بــەڵام وشکەســاڵییەکە بــە تەواوەتــی ئــەم خزمەتگوزارییانــەی نەهێشــتووە. دانیشـتوانەکە ڕایانگەیانــدووە کــە کاریگەرییەکانــی گۆڕانــی کەشـوهەوا دووسـاڵ لەمەوپێـس دەسـتیان کـردووە بـە دەرکەوتـن. پێـش ئـەو ماوەیـە قەزاکـە بڕێکـی زۆر سـەرچاوەی ئاویـی هەبـووەو ڕوبـارەکان پڕبـوون و ئـاوی ژێرزەویـش بەردەسـتبووە. بـەڵام لـەم دوو ساڵەی کۆتاییـدا ڕێـژەی بارانباریـن زۆر کەمبۆتـەوەو ئەمــەش بۆتەهــۆی کەمبوونــەوەی ســەرچاوەکان و پێشـبڕکێی تونـد وئـاژاوە لەسـەر دەسـتکەوتنی ئـاو، بـە تایبەتیـش لـە نێـو جوتیـار و ئاژەڵـدارەکان و لـە نێـوان ئەندامـی هۆزەکانـدا. بـۆ نموونـە، ناکۆکیـی لـە نێـوان هۆزەکانـی ئـەل موخـەدەرەو شـیبی، لـە نێـوان هۆزەکانـی ئـەل حیزامـات و ئـەل جەبـور ڕویـداوە لەسـەر کەمـی ئـاو.

لـە هەمـان کاتـدا کێشـە گشـتییەکان یاخـود ململانێ لەسـەر هەبـوون و دەسـتکەوتنی ئـاو لـە ناوچـە دووره دەسـتەکان و ئـەو ناوچانـەدا ڕوودەدات کـە لـە نێوەنـدی بەڕێوەبردنـی قەزاکانـەوە دوورن. بـۆ نموونە، لـە شـارۆچکەی بدەیـر کـە لـە نێوەنـدی بەڕێوەبردنـی قەزاکـەوە دوورە، لـە وەرزی هاوینـدا بڕێکـی کـەم ئاویـا پێـدەگات، لـە کاتێکـدا شـارۆچکەی سـۆمەر کـە نزیکـترە لـە ناوەنـدی بەڕێوەبردنـەوە بڕێکـی زۆر ئاویـان پێـدەگات. هـۆکاری ئەمـە ئەوەیـە کـە ڕێـکاری کەمـتر گیراوەتـە بـەر بـۆ بەڕێوەبردنـی ئـەو ئـاوەی لـە بۆرییـە سـەرەکییە حکومییەکانـەوە بەدەسـتدێت و پچـڕان لـەو بـڕە دابینکـراوەدا هەیـە. لە ئەنجامـدا، ناوچـە نزیکـەکان لـە سـەنتەری بەڕێوەبـردن بـە شـێوەیەکی بنەڕەتـی بڕێکـی زیاتـر ئاویـان پێـدەگات و بڕێکـی کـەم دەگاتـە ئـەو ناوچانـەی کـە دورتـرن. بـە هەمـان شـێوە، هەندێـک لـە ناوچەکانـی قەزاکـە زیاتـر کاریگـەری بـوون بـە وشکەسـاڵی وەک لـە هەندێکـی دیکـە. بـۆ نموونـە، ئـەو جێیـەی کـە هـۆزی ئـەل حەمـزە تێیـدا دەژیـن زیاتـر کاریگـەر بـووە بـە کەشێکی وشـک وەک لـەو جێگەیـەی کـە ئەندامانـی هـۆزی ئـەل شـیبی تێیـدا دەژیـن چونکـە ناوچـەی دووهەمیـان بیـری زیاتـری تێدایـە کـە یارمەتـی جێگرتنـەوەی کەمیـی ئـاوی بارانـی داوە. نایەکسـانیی دەستگەیشـتن بـە ئـاو هەسـتێکی پشـتگوێخراویی لــەلای ئــەو کۆمەڵانــە دروســتکردووە کــە ئاوێکــی کەمتریـان پێـدەگات.

لـە کاتێکـدا گرژییەکانـی پەیوەسـت بـە ئـاو زیادیـان کـردووەو ناکۆکیـی ناوبەنـاو بەرزبوونـەوەی بەخـۆوە بینیـوە، بـەڵام بـۆ ئێسـتا بابەتێکـی لاوەکییـەو نەبۆتـە شـتێک کـە بـە توندوتیژیـی لێکبدرێتـەوە. هـۆکاری ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە زۆربـەی ناکۆکییـەکان لەنـاو هۆزێکـداو یاخـود لـە نێـوان ئـەو خزمانـەدا ڕوودەدات کـە لـە هەمـان ناوچـە دەژیـن. هەندێـک لەوانـەش لـە نێـوان هۆزەکانـدا ڕوودەدەن، بـۆ نموونـە لەسـەر ڕاکێشـانی ئـاو لـە حـەوزە ئاوەکانی نێـوان هۆزەکانـی ئـەل شـیبی، ئـەل حیزامـات و ئـەل جبـوردا. هەرچەنـدە ئـەم ناکۆکییانـە لاوەکیـن، هێشـتا پێویسـتیان بـە دەسـتێوەردانی سـەرۆک هـۆزەکان و دەسـەڵاتدارانی حکومـی هەیـە ( سـەیری بەشـی

دەرئەنجـام بکـە لـە خـوارەوە بـۆ زانیـاری زیاتـر لەسـەرلایەنەکان). سـەرباری ئەمـەش، نیگەرانـی ئـەوە هەیـە کـە زیادبونـی ڕێـژەی ڕودانـی ئـەم ناکۆکییانـە لەوانەیـە گـرژی زیاتـری بـەدوادا بێـت لـە داهاتـوودا ئەگـەر هـۆکارە سـەرەکییەکان نەخرێنـە بەربـاس.

**نائاسایشـی بژێوی.** زەوی و زارەکانی چاندن، شـوانی و لەوەڕانـدن بەهـۆی وشکەسـاڵیی بەردەوامـەوە وشـک و بێسـوود بـوون، ئـەم بارودۆخـەش بـۆ ئاژەڵـدارەکان زۆر سـەخت بـووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو کەسـانەی کـە بژێـوی ژیانیـان بـە ڕاوەماسـیی دابیـن دەکـەن بەهـۆی دابەزینـی بەرچـاوی ئاسـتی ئاوەکانـەوە زەبرێکـی قورسـیان بەرکەوتـووە. لـە دەرئەنجامـدا زۆرێـک لـە خەڵکـی زەوییەکانیـان بەجێهێشـتووە یاخـود فرۆشـتوویانەو و کۆچیـان کـردووە بـۆ ناوچـە شارسـتانییەکان و بـەدوای دامەزراندنـدا چـوون لـە کەرتەکانـی دیکـەدا. ئـەو هۆزانـەی کـە زۆرتریـن کاریگەرییـان لەسـەرە بریتیـن لـە هۆزەکانـی ئـەل شـیبی، ئـەل حیزامـات، ئـەل حەمـزە، ئـەل عوبەیـد و ئـەل موخـازەرە. کێشـەی دیکـەش کـە پەیوەندییـان بـە کەمـی دەستگەیشـتن بـە ئـاوی خاوێنـەوە هەیـە هەندێـک لـە خێزانەکانـی ناچارکـردووە کـە پەنـا بـۆ ئـاوی پیسـبوو بـەرن، ئەمـەش بۆتەهـۆی زیادبوونـی کێشـەی تەندروسـتی. زۆربـەی خەڵکـی ناوچەکەیـان جێهێشـتووە لەبـەر ئـەوەی نەیانتوانیـوە ئـاوی پێویسـت بـۆ ئـاژەڵ و زەوییەکانیـان دەسـتبخەن. پـاش فرۆشـتنی گشـت زەوییەکانـی یاخـود ئاژەڵەکانیـان، پەنایـان بردۆتـە بەرئـەو ناوچـە دراوسـێیانەی کـە لـە سـەرچاوەی ئـاوەوە یاخـود لـە شـارەوە نزیکـن. زۆرینـەی دانیشـتوانی هۆزەکانـی ئـەل موخـازەرە و ئـەل شـیبی بەهـۆی کەمـی ئـاوو وشـکە سـاڵییەوە ماڵەکانیـان بەجێهێشـتووە. ئەوانـەی کـە ماونەتـەوە هەوڵیـان داوە کـە لەگـەڵ وشکەسـاڵی و کەمیـی بارانـدا هەڵبکـەن، بـەڵام ژیانیـان کاریگەربـووەو و گشـت هۆکارەکانـی پاراسـتنی بژێـوی ژیانیـان لەدەسـتداوە.

**نائاسایشـی خـۆراک.** دەرئەنجامێکـی دیکـەی گۆڕانـی کەشـوهەوا پابەنـدە بـە ئاسایشـی خۆراکـەوە، کە پێش دەسـپێکی ڕەوشـی وشکەسـاڵیش وەک کێشـەیەکی سـەرەکی دەبینـرا. ئـەم کێشـەیە لـە بنەڕەتـدا بەهـۆی نەبوونـی ناوەنـدی کۆکردنـەوەی شـیر و سـپیایی بـوو لـە قـەزاکان، کـە بەپێـی لێدوانـەکان بۆتەهـۆی زیادبوونـی نرخەکانـی خـۆراک، ئـەم دۆخـەش بـە شـێوەیەکی ناهاوسـەنگ کاریگەریـی لەسـەر ئـەو تـاک و خێزانانـە دروسـتکردووە کـە داهاتیـان کەمـە. ئـەم کێشـەیەش بـە کەمبوونـەوەی بـڕی ئـاو، کەمیـی بەردانـەوەی ئـاو و کەمیـی بـاران لـەم سـاڵانەی دواییـدا زیاتـر خرۆشـاوە. ئـەم بابەتـە کاریگەریـی بەرچـاوی لەسـەر جوتیـاران، شـوانەکان وماسـیگرەکان هەبـووەو زۆرینەشـیان لـە هـۆزی ئـەل موخـەدەرەن. هەروەهـا ئـەو کۆمـەڵ و هۆزانـەش کـە لـە کەنـاری ئـاوەکان دەژیـن و پشـت بـە کشـتوکاڵ دەبەسـتن بـە تایبەتـتر کاریگەربـوون.

بـە شـێوەیەکی وردتـر، وشکەسـاڵییەکە بەرهەمهاتنـی دەخڵودانـی قورسـترکردووە: بـە شـێوەیەکی ڕێژەیـی یـەک هێکتـار لـە زەویـی کشـتوکاڵیی ١٠٠٠کیلۆگرام بەروبوومـی لـە سـاڵێکدا بەرهەمهێنـاوە، کـە ئـەم ڕێژەیـەش لـە چـاو سـاڵی پێشـودا کـە ٢٠٠٠ کیلۆگـرام بـووە دابەزیـوە. دابەزینـی ڕێـژەی بەرهەمـی دەخڵـودان بۆتـە هـۆی زیادبوونـی نرخەکانیـان. بـۆ نموونـە بـڕی یـەک تـۆن لـە گەنـم نرخەکـەی نزیکـەی ١٧٠ دۆلاری ئەمریکـی بـووە لـە کاتـی پێـش دەسـتپێکردنی گۆڕانـی نەرێنییەکانـی کەشـوهەوادا. ئەمڕۆکـە، هەمـان بـڕ لـە گەنـم نرخەکـەی لـە ٨٥٠ دۆلاری ئەمریکیدایـە. کەمبوونـەوەی بەرهەمـی دەخڵـودان هاوکاتـە لەگـەڵ هەڵاوسـانی نرخـی ئاڵوگـۆڕی دینـاری عێراقـی کـە تێچـووی ژیانـی بـۆ هەمـوو دانیشـتوانی ناوچەکـە زیادکـردووە.[٣٩]

**لاوازی حکومڕانـی.** دانیشـتوانەکان تێبینـی ئەوەیـان کـردووە کـە گەندەڵیـی لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی و جیاکاریـی کـردن بـە شـێوەیەکی بەرچـاو ئاسـتەنگی بـۆ کوالیتـی و بەردەسـتیی ئـەو خزمەتگوزارییانـە

٣٩ World Economic Forum: Climate change-related losses are driving the migration of farmers in Iraq, April ٢٠٢٢.
Link: https://www.weforum.org/agenda/2022/04/iraq-farmers-drought-and-heat-food-security-climate-change/.

لـەو ناوچەیـەدا دروسـتکردووە کـەوا وەک وەڵامێـک دێـن بـۆ کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا و چەندیـن پێداویسـتی تـر. وا دیـارە کـە کـە کاری کەرتـە گشـتییەکانیش بـە شـێوەیەکی نادادپەروەرانـە دابەشکراون و بڕیارەکانیـش لەسـەر بنەمـای خواسـتی کەسـیی دەسـەڵاتدارە حکومییـەکان دەدرێـن. تـا ڕادەیەکـی زۆر ئـەو کەسـانەی لێدوانیـان داوە ڕۆڵـی حکومەتیـان بـە سـنوردار بینیـوەو تەنهـا بونیـان بـۆ ئەوەیـە کـە ئـەو پێشـنیارانە بدەنـە حکومەتـی فیدڕالـی کـە زۆرجـار گوێیـان پێنادرێـت. بـۆ نموونـە، حکومەتـی خۆجێـی شکسـتی هێنـاوە لـە دابینکردنـی قەرەبـووی گونجـاو بـۆ ئـەو جوتیارانـەی کـە بـە وشکەسـاڵی کاریگەربـوون یاخـود جێگرەوەیـەک بدۆزێتـەوە بـۆ کەمیـی بەردانـەوەی ئـاو، وەک دابینکردنـی تەکنیکەکانـی هاندانـی ئـاودان بـە دڵۆپانـدن بـۆ جوتیـارەکان سـەرباری بەڵێنەکانیـان. لـە دەرئەنجامـدا، دانیشـتوانی قـەزای ئـەل ئافـاق پەنایـان بـردووە بـۆ کۆکردنـەوەی کۆمـەک لـە نـاو هۆزەکانـدا بـۆ پڕکردنـەوەی خێـرای ئـەو بۆشـاییانەی لـە خزمەتگوزارییەکانـدا هەیـە. بـەڵام ئـەم هەوڵانـە بـۆ پێداویسـتییەکانی شـارۆچکەکان بـەس نیـن وزۆر لـە ئاسـتی پێویسـتەوە دوورن وبـەردەوام نابـن. ئـەو کەموکورتییـەی لـە ڕێـژەی ئـاودا هەیـە لـە قەزاکـە بەهـۆی پشتگوێخسـتنی حکومەتەوەیـە، بەهـۆی پەتـای کۆڤیـد-١٩ وە خراپتربـووە، خەڵکـی ناوچەکـەی بـە تایبەتیـی نیگـەران کـردووە.

## لایەنـە کاریگەروسـەرەکییەکان و سیاسـەت و بەرنامـەی وەڵامدانـەوە

سـەرکردەکانی حکومەتـی خێڵەکـی و شـارەوانییەکان، واتـە دەسـەڵاتە خۆجێیـەکان وەک کۆمیسـاری قـەزا (قایمەقـام)، بەڕێوەبەرانـی ناحیـەکان و لایەنـە ئەمنـی و دادوەرییـەکان، ئـەو لایەنـە سـەرەکیانەن کـە ئەندامانـی کۆمەڵـگا بەمەبەسـتی قسـەکردن لەسـەر حوکمڕانـی و ئاڵنگارییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا ڕوویـان تێدەکـەن. لیژنـەی لاوەکـی کشـتوکاڵ کـە سـەر بـە وەزارەتـی کشـتوکاڵە و ئەرکـی چارەسـەرکردنی ململانێکانـی پەیوەسـت بـە کشـتوکاڵی پێسـپێردراوە، لـە قەزاکـەدا چالاکـە و ڕۆڵێکـی سـەرەکی لـە کەمکردنـەوەی ناکۆکیەکانـدا دەگێڕێـت. بـۆ نموونـە ململانێیەکـی ئـەم دواییـەی نـاو هـۆزی ئەلحیزامـات لەسـەر دەسپێڕاگەیشتن بـە کانییـەک هێنرایـە لیژنەکـە بـۆ چارەسـەرکردن، کـە بـە سـەرکەوتوویی ئەنجامیـدا. هەروەهـا قایمقامـی قەزاکـە ڕۆڵێکـی سـەرەکی بینیـوە لـە چارەسـەرکردنی ململانێکانـی پەیوەسـت بـە ئـاوەوە، وەکـو ئەوانـەی لـە هۆزەکانـی ئەلحیزامـەت و ئەلعوبەیـد و ئەلشـیبە ڕوویـدا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، بـە گشـتی سـەرکردەی خێڵـەکان بەرپرسیارێتی دەسـتبەجێی چارەسـەرکردنی هـەر ناکۆکییـەک لـە ئەسـتۆ دەگـرن. لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا ئـەم ناکۆکییانـە بـە خێرایـی چارەسـەر دەکرێـن. لـە حاڵەتـە چڕترەکانـدا، دەسـەڵاتە ناوخۆییـەکان – قایمقـام و لیژنـەی لاوەکـی کشـتوکاڵ – ڕۆڵـی پێشـەنگ دەگێـڕن. ئەگـەر هەوڵـەکان بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم ناکۆکیانـە شکسـتیان هێنـا، ئـەوا لایەنـە ئەمنـی و دادوەرییـەکان پێشـەنگ دەبـن لـە دۆزینـەوەی چارەسـەری کۆتایـی.

سـەرەڕای ئـەم هەوڵانـە، هەسـتێکی گشـتی بێـزاری لەنێـو دانیشـتووان بەرامبـەر بـە لایەنـە حکومییـەکان هەیـە. ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کـە زۆرێـک هەسـت دەکـەن کـە لایەنـە حکومییـەکان پێداویسـتییە ڕاسـتەقینەکانی کۆمەڵـگە لەسـەر ئاسـتێکی فراوانـتر لەبەرچـاو ناگـرن بەڵکـو لەجیاتـی ئەمـە یـان بێباکـن بەرامبـەر بـە ئاڵنگارییـەکان یـان بڕیـار لەسـەر بنەمای لایەنگیریـی و/یـان کاریگـەری دەرەکـی دەدەن. ئەمـە بـە تایبەتـی کاتێـک ڕاسـتە کـە بـاس لـە جوتیارانـی قەزاکـە دەکرێـت، کـە سـەرۆکی ڕێکخسـتنی جوتیارانـی ناوخۆیـی داکۆکـی لـە چارەسـەر بـۆ یارمەتیدانـی قەرەبووکردنـەوەی کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا لەسـەر بژێـوی جووتیـاران کـردووە– وەک قەرەبووکردنـەوەی ئـەو زیانانـەی کـە بەهـۆی وشکەسـاڵییەوە هاتوونەتـە ئـاراوە و ڕاهێنـان و ئامێـر بـۆ تەکنیکـە ئاودێرییـە زیاتر هاوچەرخـەکان – ئەمـەش تەنهـا ڕووبـەڕووی بێکردەوەیـی و بێباکـی حکومـەت بوویـەوە.

## قەزای بێجی (پارێزگای سەڵاحەدین)

کورتەباس و باکگراوندی قەزاکە

قـەزای بێجـی یەکێکـە لـەو هەشـت قەزایـەی کـە پارێـزگای سـەڵاحەدین پێکدەهێنـن. قەزاکـە دەکەوێتە دووری ٢٠٠ کـم لـە باکـووری بەغـداد و ژمـارەی دانیشـتووانەکەی پێـش ململانـێ لەگـەڵ داعـش بـە کەمێـک زیاتـر لـە ١٧٠ هـەزار کـەس مەزەنـدە دەکـرا. دانیشـتوانی قـەزای بێجـی بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لە دانیشـتوانی پێکهاتـەی عەرەبـی سـوننە پێکهاتـووە و پەیوەنـدی خێڵەکـی و داینامیکـی تایبەتمەندییەکـی سـەرەکی کۆمەڵگاکەیـە. گەڕەکـە سـەرەکییەکانی قەزاکـە بریتیـن لـە گەڕەکەکانـی تەئمیـم، ڕیسـالە، عـەسری، نیفـت، عەسـکەری، سـیکە، و سـیناعییە. گرووپـە سـەرەکییەکانی هۆزەکانـی ناو قەزاکـە بریتین لـە هۆزەکانـی ئەلقەیسـی، ئەلعـەززە، ئەلجەبـور، ئەلجەنابییـن، ئەلعوقەیـدەت و ئەلتەعینیـن. ئابـووری قەزاکـە زیاتـر پشـت بـە کشـتوکاڵ دەبەسـتێت، کـە هەروەهـا چاندنـی نەمـام بـۆ ڕۆنـی ڕووەکیـی و بەرهەمهێنانـی نـەوت (پاڵاوگەیـەک لـە قەزاکەدایـە)، و کارگەیەکـی پەیـن، و وێسـتگەی بەرهەمهێنانـی کارەبـا لەخۆدەگرێـت.

قەزاکـە لـە نێـوان سـاڵەکانی ٢٠١٤ بـۆ ٢٠١٧ لـە لایـەن داعشـەوە داگیـر کرابـوو. جەنگـی دژی داعـش نـەک تەنهـا ژێرخانـی ئابـووری قەزاکـەی تێکشـکان، بەڵکـو زۆرینـەی دانیشـتوانی قەزاکەشـی ئـاوارە کـرد. هەرچەنـدە زۆربـەی ئـەم ئاوارانـەی ناوخـۆ گەڕاونەتـەوە، بـەڵام نزیکـەی ٣٠- ٤٠٪ی دانیشـتووان بـە ئاوارەیـی ماونەتـەوە. هۆکارەکانـی ئاوارەبوونیـان لـە نەبوونـی قەرەبـووی حکومەتـەوە بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی ژیانیـان دەسـت پێـدەکات، تـا دەگاتـە نیگەرانییـە ئەمنییـەکان – بـاس لـەوە دەکرێـت کـە نزیکـەی ٢٥ هـەزار کەس لەلایـەن دەزگا ئەمنییەکانـەوە داواکـراون لـە ئەنجامـی ململانـێ لەگـەڵ داعـش – و خراپـی ژێرخانـی خزمەتگوزارییـە سـەرەتاییەکان. گەڕانـەوە و دامەزراندنـەوەی ئـەو خێزانانـەی کـە وا دادەنرێـت پەیوەندییـان بـە داعشـەوە هەیـە بەگشـتی لەلایـەن سـەرکردەکانی هـۆزەکان و دەسـەڵاتدارانی قەزاکـەوە پشـتگیری دەکرێـت و پرۆسـەکە هەنووکـە بـە گەڕانـەوەی زۆرێـک لـەو خێزانانـە گەیشـتوەتە سـەرکەوتوو بـووە. لـە ڕووی لایەنـە ئەمنییەکانـەوە، دەزگای ئەمنـی لـە قەزاکـەدا لەلایـەن هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی و هێـزی پۆلیسـی ناوخۆییـەوە زاڵـە.

هـۆکارە سـەرەکییەکانی ململانـێ لـە قەزاکـەدا پەیوەندییـان بـە هەسـتی پەراوێزخسـتن و وەدەرنـان و کێبڕکـێ لەسـەر سـامان و دەسـەڵاتەوە هەیـە. زۆرجـار ململانـێ لـە شـێوەی ڕکابەریـی خێڵەکیـدا دەردەکەوێـت بـە لەبەرچاوگرتنـی زاڵبوونـی داینامیکـی خێڵەکـی لـە قەزاکـەدا. لـە ڕووی پەراوێزخسـتن و دوورخسـتنەوە، هـۆزی ئەلقەیسـی لەلایـەن زۆرکەسـەوە وەک بەهێزتریـن هـۆزی قەزاکـە دەبینرێـت و بەهـۆی ئەمـەوە ڕێگەیـان پێـدراوە پۆسـتی دیـار لـە پێکهاتەی ئەمنـی قەزاکـەدا وەربگرن، ئەمـەش بـووە هـۆی تووڕەبوونـی هۆزەکانـی دیکـە. هەروەهـا هەسـتکردن بـە پەراوێزخسـتنی خێڵەکیـی لـەو ڕاسـتییەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە هەرچەنـدە زۆرێـک لـە هـۆزەکان یارمەتیـدەر بـوون لـە شـەڕی دژی داعـش، بـەڵام سـەرکەوتن بەسـەر داعشـدا بـە شـێوەیەکی سـەرەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ هـۆزی ئەلقەیسـی. هەروەهـا زۆرێـک لـە دانیشـتووان هەسـتدەکەن کـە لەلایـەن حکومەتەوە پشتگوێخراون بەهـۆی خراپـی دۆخـی خزمەتگوزارییـە گشـتیەکانی قەزاکـە و نەبوونـی ئاوەدانکردنـەوە و گەشەسـەندن دوابـەدوای ململانـێ لەگـەڵ داعـش.

گۆڕانـی کەشوهەوا هەموو ئـەم هۆکارانـەی ململانێی خراپـتر دەکات، هـەروەک بەرزبوونـەوەی پلەکانـی گەرمـا و وشکەسـاڵی و بەبیابانبـوون و خۆڵبارین قەزاکـەی گرتۆتـەوە. ئەمـە لـە بەشـی داهاتـوودا بـە وردتـر باسـی لێـوە دەکرێـت.

ڕێڕەوەکانی ئاسایشی کەشوهەوا

**سەرچاوە سرووشتییەکان.** گۆڕانی کەش و هەوا کاریگەری لەسەر بەردەستی و چۆنییەتی ئاو لە قەزاکەدا دروست کردووەو ئەو زەوییانەی کە ڕۆژانێک بە پیت بوون و بەکار دەهاتن بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری خراپ کردووە. باس لەوە دەکرێت کە قەزاکە تووشی کەمیی ئاو بووە، هەم بەهۆی کەمبوونەوەی بارانبارین و هەم بەهۆی وشکبوونەوەی ئاوی سەرزەوی بەهۆی لێراکێشانی نایاسایی و لەناوبردنی لە کاتی شەڕی داعشدا. لە ئەنجامدا جوتیاران و ئەوانەی پەیوەستن بە کەرتی کشتوکاڵەوە، قورس بووە بۆیان پشت بە کشتوکاڵ ببەستن بۆ بژێوی ژیانیان (بڕوانە بەشی داهاتوو). ئەم کێشانە زۆرتر لە ناوەند و ڕۆژئاوای قەزاکەدا هەستیان پێدەکرێت، لەنێویاندا لە ناوچەکانی ئەلسینیەو جەزیرەت بێجی و ئەلعەسریە. لە ئەنجامدا هەستدەکرێت کە دەسپێڕاگەیشتن بە ئاو لە سەرانسەری قەزاکەدا دادپەروەرانە نییە، ئەمەش ئەو نارەزایەتییانەی کە پەیوەندیدارە بە پەراوێزخستن و پشتگوێخستنەوەو کە پێشتر هەبوون زیاتر دەکات.

گرژیی لە دەوری ئەو پرسە بە تایبەتی لە ئەلسینیە لە نێوان دانیشتووان و دەسەڵاتدارانی حکومەتدا تێبینی دەکرێت. ناوچەکە دوورە لەو ڕووبارەی کە زۆرینەی ئاو بۆ قەزاکە دابین دەکات. بەهۆی ئەمەوە پەمپی ئاو پێویستە بۆ پاڵنانی ئاو لە ڕووبارەکەوە بۆ ناوچەکە. سەرەڕای ئەوەش، دانیشتووان گلەیی ئەوە دەکەن کە حکومەت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پەمپە ئاوییە خراپەکانی بەکارهێناوە ، کە بووەتە هۆی بەردەستبوونی ئاو بە شێوەیەکی نارێک. ئەمەش لە بەرامبەردا گرژی و متمانە نەبوونی دانیشتووان بەرامبەر بە لایەنە حکومییەکان زیاد کردووە، شتێک کە لە پێشترەوە بەهۆی بەڵێنە جێبەجێ نەکراوەکانی دیکەی لایەنە حکومییەکانەوە زۆرە.

**نائاسایشی بژێوی و خۆراک.** گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە بۆتە هۆی نائاسایشیی بژێوی لە چەند لایەنێکەوە. یەکەم: کەمی ئاو بە مانای کەمبوونەوەی ئەو زەوییە بەپیتانە بووە کە جوتیاران و مەڕدارەکان بەکاریان دەهێنن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی جوتیاران و ئاژەڵدارەکان زەویەکانیان بفرۆشن و بەدوای کاردا بگەڕێن لە کەرتی گشتی یان دەست بە کاری بازرگانی نوێ بکەن کە ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی کێبڕکێ لەسەر هەلی کار و بازرگانی. دووەم: لە ئەنجامی کەمبوونەوەی بەروبووم و کەمی ئاو، نرخی کاڵاکان بەرزبووەتەوە. بۆ نموونە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەهۆی کەمبوونەوەی بەروبووم، نرخی گەنم نزیکەی سێ هێندە زیادی کردووە. بەرزبوونەوەی نرخەکان بە تایبەتی زیانێکی زۆری بە خاوەن ئاژەڵەکان گەیاندووە، چونکە توانای کڕینی بەرهەمە سەرەکییەکانی وەکو خۆراکی دروستیان نییە و ناچار بوون ڕوو لە بژاردەی هەرزان و ناتەندروست بکەن بۆ ئەوەی ئاژەڵەکانیان بلەوەڕێنن.[٤٠] سێیەم: گۆڕانی کەشوهەوا لەگەڵ زیادبوونی ئاستی پیسبوون کاریگەری لەسەر تەندروستی ئەو کەسانە هەیە کە لە قەزاکەدا دەژین. ئەمەش لە شێوەی سووتاندن و فڕێدانی پاشماوە لە ڕووبارەکەدا و دوکەڵی دەردانی پاڵاوگە نەوتێکەدا دەردەکەوێت، بەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کوالێتی ئاو و هەوای قەزاکە دەبێت. ئەمەش بەگوێرەی زانیارییەکان بووەتە هۆی زیادبوونی کێشە تەندروستییەکانی وەکو شێرپەنجە، لە نێو دانیشتوواندا، بەتایبەتی لە ناوچەکانی نزیک پاڵاوگەکە، وەک ئەلبوجەواری و ئەلهینشی، نیگەرانیی لەسەر نەبوونی لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتی لەلایەن حکومەت و ئەوانەی پاڵاوگەکە بەرێوەدەبەن دروستکردووە. جگە لەوەش، پیسبوون بەهۆی سووتاندنی پاشماوەکانەوە بە کێشەیەکی گشتیی لە گەڕەکەکانی ئەلئەسمەدە و ئەلکەهرەبا و ئەلحرەیجیە دەزانرێت.

٤٠ لە چاوپێکەوتنێکدا باس لەوە کرا کە ئەندۆمی ماوە بەسەرچوو وەک بەدیلێکی هەرزان بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵان بەکارهێنراوە.

بـە سـەرنجدان لـەم بارودۆخانـە، کۆمەڵگاکـە سـکاڵای جۆراوجـۆری لـە دژی دەسـەڵاتدارە ناوخۆییـەکان وروژانـدووە بەهـۆی گۆڕانـی کەشـوهەوای چارەسـەرنەکراو کـە کاریگـەری لەسـەر دابەزینـی دابینکردنـی خزمەتگوزارییـەکان، خراپتربوونـی بارودۆخـی ژینگەیـی، و زیادبوونـی ڕێـژەی تووشـبوون بـە نەخۆشـی لـە قەزاکـەدا هەیـە. بـەڵام چاوپێکەوتووەکانـی قەزاکـە واهەسـتیان کـرد کـە حکومـەت بڕیـاری پشتگوێخسـتنی کاریگەرییـە نەرێنییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوای لەسـەر بژێـوی خەڵـک داوەو نەیتوانیـوە پشـتگیری و سـەرچاوە و جێگـرەوەی پێویسـتیان بـۆ بەردەوامبوونـی بژێـوی ژیانیـان بـۆ دابیـن بـکات.

**دامەزرانـدن لەلایـەن گروپـە چەکدارەکانـەوە.** لـە کاتێکـدا هیـچ پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ لـە توێژینەوەکـەدا نەدۆزراوەتـەوە کـە زیادبوونـی دامەزراندنـی گروپـە چەکـدارەکان بـە کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـەوهەواوە لـە قـەزای بێجـی ببەسـتێتەوە، دۆخـی ئێسـتا بـە نەبوونـی خزمەتگوزارییـە پەروەردەیـی و تەندروسـتییەکان و بژێـوی ژیـان و هەلـی کارەوە تایبەتمەنـدە – کـە ئەمـەش بـە لەدەسـتدانی هەلـی کار لـە کەرتـی کشـتوکاڵدا گرێـدراوە. بـەم پێیـە، هەندێـک لـە چاوپێکەوتـووەکان نیگەرانـی خۆیـان دەربـڕی لـەوەی ڕەنگـە ئەوانـەی کـە کارەکانیـان لەدەسـت دەدەن، زیاتـر بـەدوای دامەزرانـدن لـەلای لایەنـە ئەمنییـەکان بگەڕێـن.

کارەسـاتی لێکەوتـوو لـە کەشـوهەواوە. توێژینەوەکـە ڕۆشـنایی خستۆتەسـەر ئـەوەی کـە بـاس لـەوە دەکرێـت کـە قـەزای بێجـی تووشـی بەبیابـان بوونێکـی زۆر بـووە. ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ گۆڕانـی کەشـوهەوا و ململانێـی ئـەم دواییـە لەگـەڵ داعـش: لـە کاتـی ململانێکـەدا، لایەنـە حکومییـەکان، بەتایبەتـی وەزارەتـی کشـتوکاڵ و ڕێکخراوەکانـی دیکە دوودڵبـوون لـەوەی لـە هەندێـک ناوچـەی قەزاکـەدا کاربکـەن کـە تووشـی بەبیابانبـوون بـوون. ئەگـەر کاریـان بکردایـە، ئـەم هەوڵانـە یارمەتیـدەر دەبـوون بـۆ ڕێگریکـردن لـە شـەپۆلی بەبیابانبـوون. بـەڵام لـە نەبوونـی ئەوانـدا، ڕێگـە بـە بیابانبـوون دراوە بەبـێ وەسـتان بـەردەوام بێـت لەگـەڵ ئـەوەی دەوترێـت تەپۆڵکـەی لم لەسـەر زەوییـە کشـتوکاڵییەکان و ناوچـە شـارییەکان و ڕێگاوبانـەکان درووسـت بـوون. دەوترێـت کـە تەپۆڵکـە لمینـەکان بـە خێرایـی بـەرەو ئـەو ناوچانـە دەڕۆن کـە دامـودەزگا پیشـەسازییەکانی تێدایـە.

ئـەو ناوچانـەی زۆرتریـن کاریگەریـی ئـەو تەپۆڵکـە لمانەیـان بەرکەوتـووە بریتیـن لـە ناوچـەی بێجـی و درێژدەبنـەوە بـەرەو دۆڵـی سەرسـار، لـە باشـووری ڕۆژئـاوای بێجـی تـا ناوچـەی سـوکەریە و ئەلبـاج لـە باکـووری ڕۆژئـاوا. لـە ئێسـتادا ٦٧٧ هـەزار و ٥٤٠ دۆنـم زەوی لـەم ناوچانـە وەک بیابـان پۆلێـن کـراوە کـە دەکاتـە ٥٥٪ی کـۆی زەوییـە بیابانییەکانـی پارێزگاکـە. زۆرێـک لـە گوندنشـینانی ئـەو ناوچانـە لـە ئەنجامـی وشکەسـاڵی و نەبوونـی سـەرچاوەی ئـاوی خواردنـەوە لـە ناوچـەی باشـووری ڕۆژئـاوا (ڕێـگای حەدیسـە-بێجی) و ناوچـەی باکووری ڕۆژئـاوا (ڕێگای سـێنیە- سـوکەرییە) کۆچیـان کـرد بـۆ شـارەکە، بـە مەزەندەکردنـی ٨ هـەزار کـەس بەهـۆی بەبیابانبـوون و نەبوونـی ئـاوەوە ئـاوارە بـوون.

## لایەنـە کاریگەروسـەرەکییەکان و سیاسـەت و بەرنامـەی وەڵامدانـەوە

ئـەو لایەنـە سـەرەکیانەی کـە دەستنیشـانکراون بـۆ یارمەتیدانـی کەمکردنـەوەی ئـەو ئاڵنگارییانـەی پەیوەسـتن بـە گۆڕانـی کەشـوهەوا و کاریگەرییەکانـی لەسـەر داینامیکـی ململانێکانـی قەزاکـە بریتیـن لـە سـەرکردەکانی هـۆزەکان، قایمەقـام (کۆمیسـیاری قەزاکـە)، و دەسـەڵاتدارانی دیکـەی حکومـی، لەنێویانـدا لیژنـەی لاوەکـی وەزارەتـی کشـتوکاڵ بـۆ کاروبـاری کشـتوکاڵ و بەڕێوەبەرایەتـی پۆلیسـی دارسـتان، و لایەنـە ئەمنییـەکان، لەوانـەش گروپەکانـی سـەر بـە حەشـدی شـەعبی. هەروەهـا لیژنەیەکـی خێڵەکـی لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا هەیـە بـە سـەرۆکایەتی پارێـزگار کـە کار لەسـەر کەمکردنـەوەی ناکۆکـی لـە سەرتاسـەری پارێزگاکـەدا دەکات. بـە

شـێوەیەکی گشـتی وەڵامدانـەوەی ئـەم لایەنانـە لەسـەر بنەمـای وەڵامـی سـتراتیژی گۆڕانی کەشـوهەوا یـان سـتراتیژییەک نییـە کـە گۆڕانـی کەشـوهەوا لـە کردارەکانـدا تێکـەڵ بـکات بـۆ چارەسـەرکردنی ململانێـکان.

هەوڵـەکان بـۆ وەڵامدانـەوەی کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا بەهـۆی لاوازی دامـەزراوەکان و خراپـی ژێرخانـی حوکمڕانییـەوە ئاستەنگیان لەسـەرە. بـۆ نموونـە: تـۆڕی ئـاو لـە قەزاکـەدا زۆر پێویسـتی بـە نوێکردنـەوە هەیـە چونکـە بـۆ دابینکردنـی ئـاو بـۆ دانیشـتووانێکی کەمـتر لـەوەی کـە ئەمـڕۆ لـە قەزاکـەدا هەیـە دروسـتکراوە. بـەم پێیـە، کێشـەکانی کەمـی ئـاو بەهـۆی هەڵـەی ژێرخانـی ئابوورییـەوە خراپـتر دەبـن. بۆچوونێکـی گشـتی هەیـە کـە لایـەن و دامـەزراوە حکومییـەکان بێتوانـان لـە چارەسـەرکردنی ئاسـتەنگەکانی حوکمڕانـی، ئەمـەش لـە بەرامبـەردا بۆشـایی متمانـە و شـەرعیەتی لـە نێـوان هاوڵاتیـان و دامـەزراوە دەوڵەتییەکانـدا لـە قەزاکـەدا دروسـتکردووە.

## قەزای چەمچەماڵ (پارێزگای سلێمانی)

### کورتەباس و باکگراوندی قەزاکە

قـەزای چەمچەمـاڵ دەکەوێتـە سـنووری پارێـزگای سـلێمانی و لـە نـۆ ناحیـە پێکهاتـووە کـە ٤١٤ گونـدی تێـدا هەڵکەوتـووە. ژمـارەی دانیشـتووانەکەی بـە نزیکـەی ٢٠٠ هـەزار کـەس دەخەمڵێنرێـت و دانیشـتووانەکەی بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە کۆمەڵگـەی کـورد پێکهاتـوون.

ناسـنامەی خێڵەکـی نیشـاندەرێکی سـەرەکی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـە. هەروەهـا قەزاکـە شـوێنی ئاوارەکانـی ئەنبـارە کـە پێـش شـەڕی داعـش کۆچیـان کـردووە، هەروەهـا ئاوارەکانـی کەرکـوک کـە لـە سـاڵی ٢٠١٤دا لـە قەزاکـەدا بـە مەبەسـتی دەربازبـوون لـەو گروپـە توندڕەوە نیشـتەجێ بـوون. بەشـێک لـە قەزاکـە بـە فەرمـی لـە ژێـر دەسـەڵاتی پارێـزگای کەرکوکـدا بـوون بـەڵام لـە کەرکوکـەوە گواسـترانەوە بـۆ سـلێمانی لـە چوارچێـوەی هەوڵەکانی ڕژێمـی بەعـس بـۆ گۆڕینـی پێکهاتـەی دیمۆگرافـی پارێـزگای کەرکـوک. لـە ئێسـتادا قەزاکـە بـە خاکێکـی جێناکۆکـی لەسـەر دادەنرێـت. بەهـۆی ئەمـەوە قـەزای چەمچەمـاڵ، هاوشـانی قـەزای کفـری و کـەلار کـە ئەوانیـش جێناکۆکـی لەسـەرن، بـە ئیدارەیـەک لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـە نـاوی ئیـدارەی گەرمیـان بەڕێوەدەبرێـن.

قەزاکـە بـە زەوییـە کشـتوکاڵییە بەپیتەکانیـەوە، بـە نزیکـەی یـەک ملیـۆن دۆنـم (هـەر دۆنمێـک هـەزار مەتـر چوارگۆشـەیە) بـە گونجـاو دادەنرێـت بـۆ کشـتوکاڵ و چالاکییـە کشـتوکاڵیەکانی تـر. کێبڕکـێ لەسـەر کۆنترۆڵکردنـی زەوی - و سـەرچاوە سروشـتییەکانی وەک ئـاو - بزوێنەرێکـی دیـار و درێژخایەنـی ململانێیـە لـە قەزاکـەدا. ئەمەش شـێوەی ململانـێ و گرژیـی گوازراوەی پەیوەسـت بـە زەوییـە کشـتوکاڵییەکان و دەسپێڕاگەیشـتن و بەکارهێنانـی ئـاو دەگرێتـەوە. گۆڕانـی کەشـوهەوا گـڕی بەرداوەتـە ئـەم گرژیانـەو و گرژیـی نوێـی دروسـتکردووە، بەتایبەتـی سـەبارەت بـە دەسپێڕاگەیشـتن بـە ئـاو. ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کـە قەزاکـە وەک ناوچەکانـی دیکـەی وڵات لـە مـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا ڕووبەڕووی بەرزبوونـەوەی پلەکانـی گەرمـا و وشکەسـاڵی و بەبیابانبـوون بووەتـەوە. ئـەم پرسـانە لـە بەشـی خـوارەوەی ڕێـڕەوی کەشـوهەوادا زیاتـر باسـیان لێوەکـراوە.

### ڕێڕەوەکانی کەشوهەوا

**سـەرچاوە سروشـتییەکان.** سـەرچاوەکانی ئـاو و زەوییـە کشـتوکاڵییەکان و لـەوەڕگاکان هەموویـان کاریگـەری گۆڕانـی کەشـوهەوایان لەسـەر بـووە. وشکەسـاڵی بـەردەوام بـە مانـای کەمـتر بەردەسـتی و دەستپێڕاگەیشـتنی سـەرچاوە ئاوییـەکان هاتـووە. باس لـەوە دەکرێـت کـە دوو هەفتـە جارێـک ئـاوی قەزاکە بەردەدرێتـەوە بـۆ ئـەوەی دانیشـتووان بـەکاری بێنـن و کواڵێتـی ئاوەکـە دابەزیـوە. لـە هەمـان کاتـدا کەمـی

ئـاو وایکـردووە کـە کەرتـی کشـتوکاڵ و مـەڕداری بکەونـە ژێـر مەترسـی ناشـیاوی و ناگونجـاوی. دانیشـتوان و جوتیـاران هەوڵیـان داوە وەڵامـی کەمـی ئـاو بـە وەبەرهێنـان لـە شـێوازە نوێیەکانـی ئاودێـری، وەک ئاودێـری دڵـۆپ دڵـۆپ، و هەڵکەندنـی بیـری نـوێ بـۆ دەرکردنـی ئـاوی ژێـر زەوی، بدەنـەوە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم شـێوازانە سـەلمێنراون کـە گـران دەکـەون و بەردەوامیـان پـێ نادرێـت. لەڕاسـتیدا، ڕاپـۆرت کـرا کـە نزیکـەی ١٦٠٠ کێڵگـە مەترسـی بەجێهێشـتنیان لەسـەرە بەهـۆی نەتوانینـی دەسپێڕاگەیشـتن بـە سـەرچاوە ئاودێرییـە متمانەپێکراو و کـەم تێچـووەکان. هەروەهـا مەڕومااڵتـدارەکان بینیویانـە کـە ئـەو زەوییانـەی بـۆ لەوەڕانـدن دەشـێن لـە قەزاکـەدا بچووکبوونەتـەوە (بـە ڕێـژەی ١٠٪ بچووکبوونەتـەوە)، ئەمـەش وایکـردووە دەسـتدرێژی بکەنـە سـەر زەوییـە تایبەتـەکان، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی گـرژی لەگـەڵ خـاوەن زەویـەکان، یـان کـۆچ بکـەن بـۆ شـارۆچکەکانی تـر، یـان مەڕومااڵتەکانیـان بفرۆشـن و لـە شـوێنێکی تـر بـەدوای هەلـی کارێکـی نوێـدا بگەڕێـن.

جگـە لـەو ناکۆکـی و گرژیانـەی کـە پێشـتر باسـمان کـرد لـە نێـوان مەڕومااڵتـدارەکان و خـاوەن زەویـەکان، ناکۆکـی لەسـەر دەسپێڕاگەیشـتن بـە ئاویـش سـەریهەڵداوە. بـۆ نموونـە دوو ڕووداو لـەم دواییانـەدا ڕوویانـداوە کـە تێیانـدا بیـرە ئـاوە تـازە هەڵکەندراوەکان هێرشـیان کراوەتە سـەر و لەناوبراون چونکـە مەترسـی ناسـەقامگیرکردنی یەدەگـی ئـاوی ژێـرزەوی بـۆ زەوییـە کشـتوکاڵییەکانی دراوسـێیان هەبـووە. جگـە لـەوەش گرژییەکانـی پەیوەسـت بـە ئـاوەوە چڕیـی ناکۆکییـە مێژووییەکانـی پەیوەسـت بـە خاوەندارێتـی موڵـک و ماڵـی لـە قەزاکـەدا ئاڵۆزتـر کـردووە. لـە کاتێکـدا قەزاکـە بەدەسـت کەمی ئـاوەوە دەناڵێنێـت، کێشـەی لافاویـش لـە دۆڵەکانـدا هەیـە. ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئاوارەبوونـی زۆرێـک لـە خەڵکـی زیانلێکەوتـوو. ناچـار بـوون بـە شـێوەیەکی یەکجارەکـی ناوچەکـە بەجێبهێڵـن چونکـە ئیـتر ئەسـتەم بـوو لـەوێ بژیـن، وە حکومـەت ڕێوشـوێنی بەڕێوەبردنـی مەترسـی کارەسـاتی نەخسـتە بـواری جێبەجێکردنـەوە کـە ڕێگـەی بـە خەڵـک دەدا بـە سـەلامەتی بگەڕێنـەوە بـۆ ناوچەکـە.

**نائاسایشـی بژێـوی ژیـان و خۆراک.** بەهـۆی کاریگەری گۆڕانـی کەشـوهەواوە لەسـەر قەزاکـە کاریگـەری لەسـەر پرسـەکانی بژێـوی ژیـان بـووە. زۆرێـک لـە جوتیـاران و مەڕومااڵتـدارەکان بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییە سـەرەتاییەکانیان پەنایان بۆ فرۆشتن یان وازهێنـان لـە زەوی و ئاژەڵەکانیـان بـردووە. هەروەهـا وایـان لێکـراوە کـە لـە حکومـەت و هێزەکانـی پۆلیسـی ناوخۆیـی (و ناوبەنـاو گروپـە چەکـدارەکان یـان هێـزە ئەمنییـەکان) و لـە دامـەزراوە بازرگانییـە بچووکەکانـدا بـەدوای دامەزراندنـدا بگەڕێـن. ئـەو گەنجانـەی پێشـتر لـە کەرتـی کشـتوکاڵدا کاریـان دەکـرد، بەدەسـتهێنانی هەلـی کارێکـی سـەقامگیر سـەخت بووە بۆیان، و بە شـێوەیەکی سـەرەکی پشت بـە کارە ناجێگیرەکانـی ڕۆژانـە دەبەسـتن. هەروەهـا نرخـی کاڵاکان بەرزبوونەتـەوە: لـە ئالیکـەوە، تـا پەین، تـا ئـاوی فرۆشـیارە تایبەتـەکان، نرخـەکان هەموویـان لـە دوو سـاڵی ڕابـردوودا بەهـۆی کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا، هاوشـانی گۆڕانـە ئابوورییەکانـی تـر کـە پەیوەندییـان بـە هەڵاوسـانەوە هەیـە، زۆر بەرزبوونەتـەوە. لەلایـەن دانیشـتووانەوە دەگوترێـت ئـەم گۆڕانکاریانـەی بژێـوی ژیان بەگشـتی بەژداربوون لـە زیادبوونـی گرژییـەکان و ڕێـژەی ناکۆکـی توندوتیـژ لـە قەزاکـەدا.

**لاوازی حوکمڕانـی.** لاوازی حوکمڕانـی لـە قەزاکـەدا کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوای زەقـتر و خراپـتر کردۆتـەوە بـە هـۆی سـنورداری کاردانـەوە و توانـای خۆگونجانـدن. تەحـەدای سـەرەکی لـە کەرتـی خزمەتگوزاریـدا نەبوونـی تەرخانکردنـی بودجەیـە، کـە بووەتـە هـۆی دەسـەڵاتە حوکمڕانییـەکان سـەرچاوەی پێویسـتیان بـۆ پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییـە سـەرەکییەکان یـان تەنانـەت سـووتەمەنی ئۆتۆمبێلەکانیـان نەبێـت. ئـەم دابەشـکردنە نایەکسـانەی سـەرچاوەکان بووەتـە هـۆی بێـزاری دانیشـتوانی چەمچەمـاڵ، کـە هەسـت بـە پەراوێزخسـتن لەلایـەن حکومەتـەوە دەکـەن. ئەمـەش متمانـەی هاوڵاتیانـی بـە حکومـەت لاواز کـردووە، چونکـە بەڵێنەکانیـان بـۆ نوێکردنـەوە

یـان بەرزکردنـەوەی ژێرخانـی ئێسـتا بـە دەگمـەن جێبەجـێ دەکرێـن، ئەمـەش هەسـتی پشـتگوێخراوی دانیشـتووان زیاتـر دەکات.

لایەنـە کاریگەروسـەرەکییەکان و سیاسـەت و بەرنامـەی وەڵامدانـەوە

ئـەو لایەنـە سـەرەکییانەی دەستنیشـانکراون بـۆ یارمەتیدانـی کەمکردنـەوەی گـرژی و کێشـەکانی حوکمڕانـی بریتیـن لـە دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی خۆجێیـی و سـەرکردەی هـۆزەکان. لەکاتێکـدا بەرپرسـانی حکومەتـی خۆجێیـی ئـاگاداری پرسـی کەمـی ئـاون ئـاگادارن کـە چـۆن کاریگـەری تێکدەرانـەی لەسـەر قەزاکـە هەیـە، دانیشـتووان ڕایانگەیانـدووە کـە کارێکـی کـەم لەلایـەن ئـەم لایەنانـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکە دەکرێـت. بودجـەی قەزاکـە لـە حکومەتـی هەرێمـەوە دێـت زۆر بـە کـەم دادەنرێـت بـۆ چارەسـەرکردنی ئاسـتەنگەکانی حوکمڕانـی و گۆڕانـی کەشـوهەوا کـە ڕووبـەڕووی قەزاکـە بووەتـەوە. ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە بودجـەی ئێسـتای قەزاکـە تەنهـا چـوار ملیـۆن دینـاری عێراقییـە، لەکاتێکـدا قـەزای زاخـو کـە بـە نزیکەیـی هەمـان قەبارەیـە و سـەر بـە پارتـی دیموکراتـی کوردستانە، بیسـت ملیـۆن دینـاری عێراقی وەرگرتـووە. لـە ئەنجامـدا، بەرپرسـانی قەزاکـە ناتوانـن هـاوکاری پارسـەنگکردنی ئـەو ئاڵنگارییانـە بکـەن کـە کاریگـەری گۆڕانـی کەشـوهەوا لەسـەر قەزاکـە دروسـتی کـردووە.

بـەزۆری ناکۆکییـەکان لـە ڕێگـەی دانوسـتانەوە چارەسـەر دەکرێـن و زۆرجاریـش بـە خۆبەدەسـتەوەدانی لایەنێـک لـە بەرامبـەر قەرەبووکردنـەوەی مـاددی کۆتایـی دێـت. کاتێـک ئـەم جـۆرە ڕێککەوتنانـە ڕوودەدەن، لەلایـەن هەردوو لایەنـەوە واژۆ دەکرێـن و ئەفسـەر و کەسـایەتییە پەیوەندیـدارەکان شـایەتحاڵی دەبـن. ڕوون نییـە کـە ئایـە تـا چەنـد ئـەم یەکەیـە چالاکـە و سـەرقاڵی چارەسـەرکردنی ئـەو بابەتانەیـە کـە لـەم ڕاپۆرتـەدا باسـکراون.

## قـەزای حەمـزەی ڕۆژهـەڵات (پارێـزگای قادیسـیە)

کورتەباس و باکگراوندی قەزاکە

قـەزای حەمـزەی ڕۆژهـەڵات دەکەوێتـە پارێـزگای ئەلقادیسـیە کـە دەکەوێتـە نزیکـەی ٢٠٠ کـم باشـووری بەغـداوە. قەزاکـە یەکێکـە لـەو چـواردە قەزایـەی کـە پارێزگاکـە پێکدەهێنـن و ژمـارەی دانیشـتووانی زیاتـر لـە ٢٦٠ هـەزار دانیشـتوانە. قەزاکـە بـە ڕووبـاری ئەلحیلـە کـراوە بـە دوو بەشـەوە. قەزاکـە دابـەش دەکات بـۆ نیوەیەکـی باکـوور، ناوەنـدی شار و ئیداری قەزاکە، نیوەیەکی باشـوور کـە چەندیـن گونـد و شـارۆچکەی تێدایـە. هەروەهـا ڕووبارەکـە سـەرچاوەی سـەرەکی ئـاوی قەزاکەیـە و سـەرچاوەیەکی گرنگی کەرتـی ئابوورییـە سـەرەکییەکەیەتی کـە کشـتوکاڵکردنە. بەپێـی خەمڵاندنـەکان نزیکـەی ٦٥٪ی دانیشـتوانی قەزاکـە پشـت بـە کشـتوکاڵ دەبەسـتن، بەتایبەتـی جوتیـاری و باخـداری، بـۆ پێداویسـتییەکانی بژێـوی ژیانیـان. داینامیـک و پەیوەندییـە خێڵەکییـەکان هۆکارێکـی سـەرەکین لـە پشـت پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و ئاسـتەکانی یەکگرتوویـی کۆمەڵایەتـی ناوچەکـە.

پاڵنەرەکانـی ململانێـی ئێسـتا لـە قەزاکـەدا بریتیـن لـە ناکۆکـی زەوی، کێبڕکـێ لەسـەر دەستڕاگەیشـتن بـە سـەرچاوەکان (سـامانە سەروشـتییەکان)، بەتایبەتـی ئـاو و زەوی لەوەڕاندنـی ئاژەڵ، کێشـەی خێڵەکییەکانی کـە لـە ململانـێ و ناکۆکـی خێزانییەکانـەوە سـەرچاوە دەگـرن، توندوتیـژی کـە بەهـۆی بەرزبوونـەوەی بەکارهێنـان و بازرگانـی مـادده هۆشـبەرەکانەوە دروسـت دەبێـت، هەروەهـا گرژییەکانـی نێـوان دانیشـتووان و ئـاوارەکان کـە بـەو شـتە دادەنرێـن کـە فشـاریان خسـتۆتە سـەر سـەرچاوەکانی ئێسـتا وایـان کـردووە کـە دەسـتکەوتنی هەلـی کار قورسـتر بێـت. هەروەهـا گلەیـی لـەوەش هەیـە کـە حکومـەت خزمەتگوزاری کەمـی لەناوچەکـەدا هەیـە، ئـەو تێڕوانینـە توندتـر دەبێـت لـەو هەسـتەوەی کـە قەزاکـە بـە مەبەسـت لـە ڕووی ئابـووری و سیاسـییەوە پەراوێزخـراوە لـە ڕابـردوو و ئێستاشـدا.

دۆخی ژێرخانی ئاو، ئاوەڕۆ و کارەبا بە تایبەتی زۆر خراپە و سەرچاوەی سەرەکی بێزارییە لەنێو دانیشتوانی قەزاکەدا. وەک لە بەشی ڕێڕەوەکانی کەشوهەوا لە خوارەوە وردەکارییەکانی دەخرێنە ڕوو، گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە، ئاگری بزوێنەرەکانی ململانێ و ناڕەزایەتیانەی زیاتر خۆشکردووە، بەتایبەتی لە پرسی دەستڕاگەیشتن و بەڕێوەبردنی ئاو، بەکارهێنانی زەوی و پرسەکانی بژێوی ژیان، وەک نائاسایشی خۆراک، کۆچکردن و ئاوارەبوون.

## ڕێگاکانی ئاسایشی کەشوهەوا

**سەرچاوە سروشتییەکان.** گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری لەسەر بەردەستبوون و دەستڕاگەیشتن بە ئاو هەبووە و بووەتە هۆی تێکچوونی زەوییە بەپیتەکان. یەکەمیان، بارودۆخی وشکەساڵی و خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان پێکەوە بەیەکەوە بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی ئاو کە لە ڕووبارەکەوە سەرچاوە دەگرێت – سەرچاوەی سەرەکی ئاوی قەزاکە – بەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو دەستڕاگەیشتن بە ئاو لە سەرانسەری قەزاکەدا سنووردارتر بووە. هەروەها دەتوانرێت کەمبوونەوەی ئاو بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو بەنداوانەی کە لە سەرچاوەی ڕوبارەکە لەلایەن حکومەتەوە دروستکراون، بەتایبەتی لە قەزای هیندییە، کە بە تایبەتی لەلایەن هەندێکەوە بە هۆکاری کەمبوونەوەی ڕۆیشتنی ئاو بۆ ناوچە فراوانەکەی ئەهوار کە قەزای ئەلحەمزەی ڕۆژهەڵاتی لەخۆدەگرێت دادەنرێت. ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و کەمی بارانبارین زیاتر بووە. بە گشتی کەم ئاوی بووەتە هۆی کەمبوونەوەی کشتوکاڵکردنی گەنم بەو پێیەی بەروبوومەکە پێویستی بە ئاودانی هەر دوو هەفتە جارێک هەیە.

لە بەرامبەر بەردەستنەبوونی ئاوی ڕووبارەکاندا، هاوڵاتیان پەنایان بردۆتە بەر هەڵکەندنی بیر – کە بەکەمی ڕەچاوی ڕێکارەکانی حکومەت دەکەن – بۆ ئەوەی بەدوای سەرچاوەی ئاوی ژێرزەویدا بگەڕێن. پێش وشکەساڵی، بیرێک بە قووڵی ١,٥ مەتر بەس بوو بۆ ئەوەی بگاتە ئاوی ژێر زەوی. ئێستا پێویستە قووڵایی ٢.٥ مەترە ئەم زانیاریەش بەپێی قسەی ئەو دانیشتووانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە. سەرەڕای ئەمەش، ئاستی سوێری ئاو هێشتا بەرزە، ئەمەش وایکردووە ئاوی ژێر زەوی بۆ ئاودێری زۆربەی دانەوێڵەکان گونجاو نەبێت. جگە لەوەش، هەڵکەندنی بیرە قووڵەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگەی گشتی قەزاکە هەبووە، ئەمەش تێکچوونی ژینگە و پیسبوونی قەزاکەی زیاتر کردووە. جگە لەوەش، کەمبوونەوەی باران نەک تەنها کاریگەری لەسەر دەستڕاگەیشتن بە ئاو هەبووە بەڵکو بووەتە هۆی زیاتربوونی پرۆسەی سوێربوونی خاک و بیابانبوون لە سەرانسەری قەزاکەدا. پێش وشکەساڵی، سوێری ئاو بە تێکڕا ١٠ میلیگرام/لیتر پێوانە کرابوو، ئاستێک کە گونجاوە بۆ ئاودێریکردنی بەرهەمەکان. لەگەڵ بەردەوامی وشکەساڵی، ئێستا ئاستەکە لە دەوروبەری ١٢ میلیگرام/لیتر دایە، ئاستێکە کە ژەهراویەو ناتوترێت بەرهەمێکی تەندوستی لێ بەرهەم بهێنرێت. جگە لەوەش پرۆسەی بیابانبوون وایکردووە کە کەمترن زەوی گونجاو بمێنێت بۆ لەوەڕی ئاژەڵان.[٤١]

ئەم ئاڵانگارییانە گرژییان لە نێوان جووتیاران دروستکردووە کە کێبڕکێ لەسەر دەستڕاگەیشتن بە ئاو دەکەن بۆ ئاودێریکردنی دانەوێڵەکانیان و لەنێو مەڕدارەکاندا کە بەدوای زەوی لەوەڕگادا دەگەڕێن بۆ ئاژەڵەکانیان. لادانی نایاسایی ئاوی کەناڵ و ڕووبارەکان و کێبڕکێ لەسەر سەرچاوەکانی ئاو، هۆکارێکی سەرەکی گرژییە لەنێو جووتیاراندا. بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی دینامیکی و پەیوەندییە خێڵەکییەکان، ئەم گرژییانە زۆرجار لە ئاستی

٤١ بەشدار بوو لە چاوپێکەوتنی زانیاری سەرەکی، تەموزی ٢٠٢٢، باشووری عیراق.

تاکەوە دەگۆڕدرێن بۆ ئاستی خێڵەکی، ئەمەش ململانێی گەورەتر بەدوای خۆیدا دێنێت. بۆ نموونە، ناکۆکییەک لەسەر لەوەڕاندنی ئاژەڵان، کە تێیدا ناوچە سنوورییەکانی موڵک و ماڵی تایبەتی لایەنێک لەلایەن مەڕدارەکانەوە پێشێل کرابوو، بە خێرایی بوو بە ناکۆکی لە نێوان هۆزەکانی ئەلشیبل و ئەلخەزعەل. بڕواوایە کە گوندەکانی باشووری ناوچەکانی قەزاکە زیاتر لە ئەنجامی کێبڕکێ لەسەر دەستڕاگەیشتن بە ئاو و سەرپێچیکردن لە زەویدا تووشی ناکۆکی ببن؛ نیوەی باکووری قەزاکە وەک شاری و دەوڵەمەندتر دەبینرێت، هەربۆیە سەرچاوە و پلانی چارەسەر بۆ ئەم ئاڵەنگارییە کەشوهەواییانە لە ئارادان.

**نائاسایشی بژێوی ژیان.** گۆڕانی کەشوهەوا – بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، وشکەساڵی، بیابانبوون، بەرزبوونەوەی سوێری خاک – کاریگەری نەرێنی لەسەر بژێوی هاووڵاتیان بە شێوازی جۆراوجۆر هەیە. یەکەم: بەرهەمهێنانی دانەوێڵە کەمیکردووە، کە ئەمەش لەگەڵ دابەزینی بەهای دراودا، وادادەنرێن کە بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی دانەوێڵە لە قەزاکەدا. بەرزبوونەوەی نرخەکان خراپتر بووە بەهۆی پرسی دابەزینی بەهای دراوی نیشتیمانی کە ئەوەیش پرسێکی گەورەترە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەڵاوسانی گشتی ڕووبدات. دووەم: زۆرێک لە جووتیاران و ئاژەڵدارەکان و ماسیگرەکان ئامرازە ئابوورییەکانی ژیانیان لەدەستداوە، ئەمەش لە بەرامبەردا پاڵی بەو خێزانانە ناوە کە پشت بەو کەرتانە ببەستن بۆ ئەوەی کە زیاتر کۆچ بکەن بۆ ناوچە شارییەکان بەمەبەستی گەڕان بەدوای هەلی کاردا. ئەمەش بە تایبەتی بۆ ئەو گوندنشینانەی کە دەکەونە باشووری ڕووبارەکەوە ڕاستە – بە تایبەت ئەوانەی لە ئەلشەنفیە، ئەلسیدر، ئەلتەبوو و ئەلمەرسولدان – چونکە ئەم ناوچانە بە هەژارتر دادەنرێن و لە ڕووی ئابوورییەوە و زیاتر پشت بە کشتوکاڵی بچووک و ماسیگرتن دەبەستن.

**نەبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هۆکارانە.** هەروەها پیسبوونی ژینگە زیادی کردووە و لە ئەنجامدا کێشەی تەندروستی دروست بووە، وەک تەنگەنەفەسی و نەخۆشییەکانی پێست. لە کاتێکدا کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەم کێشە تەندروستیانە و گۆڕانی کەشوهەوادا نییە، بەڵام کاریگەرییەکانی گۆڕانی ژینگە ئەم پرس و گرفتانە گەورەتر دەکەن.[٤٢] هەروەها ئەوەش دەوترێت کە قەیرانە تەندروستییەکان، لەوانەش بڵاوبوونەوەی کۆلێرا، لە ئەنجامی زیادبوونی خواست لەسەر ئاو و کەمتر بەردەستبوونی سەرچاوەی ئاوی پاکی خواردنەوە دروست دەبن.

## لایەنە کاریگەرو سەرەکییەکان و وەڵامدانەوەی بەرنامەیی و سیاسەت

سەرکردە عەشائیرییەکان (خێڵەکییەکان) و نیشتیمانییەکان وەک ئەکتەری گرینگ لە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و دەرئەنجامەکانی لە قەزاکەدا سەیر دەکرێن. تا ئێستا پێناچێت هیچ هەوڵێک لە نێوان ئەم ئەکتەرانەدا هەبێت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕەگوڕیشەی ئەو پرسە چارەسەر بکەن. بەڵکو وەڵامی ئەم ئەکتەرانە زیاتر لاوەکی بوون، لەبری کارە سەرەکییەکانیان، کاریان چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی زەوی و ئاو بووە، لەبری ئەوەی کە یارمەتی چارەسەری کێشەکانی بەڕێوەبردنی ئاو یان نەبوونی ناوچەی لەوەڕاندن بدەن. بە دڵنیاییەوە هەندێک لەو هەوڵانە لەلایەن خەڵکەوە وا بینراوە کە گرنگ بێت بۆ حوکمڕانی گشتی لە قەزاکەدا. بۆ نمونە وەزارەتی داد کاری کردووە بۆ بەرزکردنەوەی سیستەمی دادوەری لە پارێزگاکەدا، کە تێیدا گرنگییەکی تایبەت بە ناوچانە دراوە کە خزمەتگوزارییەکانیان کەم بوون ، وەک قەزای حەمزەی ڕۆژهەڵات، لە دەرەوەی دیوانییەی پایتەختی پارێزگاکە. ئەمەش بەو مانایە بووە کە ئەو سکاڵایانە کە لەلایەن جووتیارانەوە

٤٢ WHO: Climate Change. Link: https://www.who.int/news-room/fact-sheets/detail/climate-change-and-health.

تۆمـار کـراون لــە کاتــی خۆیــدا چارەســەر کــراون. جگـە لـەوەش حکومـەت بەرنامەیەکـی دامەزرانـدووە کـە پاڵپشـتی دروسـتکردنی سیسـتەمی ئاودێـری دەکات بـۆ ئـەوەی یارمەتـی جووتیـاران بـدات بـۆ تێپەڕاندنـی هەندێـک لـەو ئاستەنگانەی کە بەهـۆی کەمـی ئـاوەوە هاتوونەتـە ئـاراوە. تێبینـی ئـەوەش کـرا کـە ئـەم پلانـە یارمەتـی هەندێـک لـە جووتیارانی قەزاکەی داوە کـە ئـاو بـە باشـترین شـێوە بەکاربهێنـن و بەفیڕۆدانــی ئــاو کــەم بکەنــەوە.

ســەرەڕای ئــەم هەوڵانــە، هیــچ ســتراتیژییەکی درێژخایـەن لـە شـوێنی خۆیـدا نییە بۆ چارەسـەرکردنی ئــەو پــرس و گرژیانــەی کــە بەهــۆی گــۆڕانــی کەشـوهەوا دەهێنرێـن و توندتـر دەبنـەوە. بەشـێک لـەم هەوڵانــەش بەهــۆی بــڕی بودجــەی فیدراڵــی بــۆ پارێزگاکــە ڕێگــری لێدەکرێــت: هەرچەنــدە تەرخانکردنــی بودجــەی فیدراڵــی بــۆ پارێزگاکــە بــە گشــتی لــە ســاڵی ٢٠٢١دا دوو هێنــدە زیادکــراوە لــە چــاو ســاڵی پێشــووتردا، ســەرکردەکانی قــەزاکان پێیــان وایــە بــڕە پارەکــە هێشــتا لــە خــوار ئاســتی پێویســتەوەیە بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی کەمــی ئــاو و پرســەکەکانی زەوی و کاریگەرییــە نەرێنییەکانــی ســەریان.

## قەزای حەویجە (پارێزگای کەرکوک)

### پرۆفایلی قەزا و باکگراوندی

حەویجــە یەکێکــە لــەو چــوار قەزایــەی پارێــزگای کەرکــوک لێــی پێکدێــت، ناوچەیەکــە لەلایــەن حکومەتــی فیدراڵــی عێــراق و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتانەوە کێشــەی لەســەرە. قەزاکــە چەندیــن ناحیــە لەخۆدەگرێــت، لەوانــە ئەلــزاب، ئەلعەباســی، ئەلڕەشــاد، و ئەلریــاز. پایەتەختــی ئیداریــی قەزاکــە ســەنتەری حەویجەیــە و کــۆی دانیشــتوانی قەزاکــە بــە نزیکــەی ٢٥٠ هــەزار کــەس مەزەنــدە دەکرێــت کــە زۆرینــەی ڕەهایــان خۆیــان وەک ئەندامــی پێکهاتــەی عەرەبــی ســوننە دەناســێنن. داینامیکیــە خێڵەکییــەکان (عەشــائیری) لــە قەزاکــەدا بەرچــاوە و هــەردوو پەیوەنــدی نێوان-کۆمەڵــگا (کۆمەڵــگا و کۆمەڵــگا) و دەوڵەت-کۆمەڵــگا پێکدەهێنــن. هەندێــک لــە هــۆزە دیارەکانــی ناوچەکــە بریتیــن لــە ئەلجابــور، العوبێــد، شــەممار، الدولامــی و ئەلحەدیــدی.

لــە ئابــووری قەزاکــەدا کەرتــی کشــتوکاڵی زاڵــە و ســەرەکییە. زەوییــە تەختەکــەی و خاکــە بەپیتەکــەی کــە لــە هەندێــک شــوێن لەلایــەن ڕووبــاری زابــەوە ئاویــان پێدەدرێــت، وایکــردووە قەزاکــە ببێتــە دووەم بەرهەمهێنــەری بەرهەمهێنانــی دانەوێڵــە لــە وڵاتەکــەدا، بەتایبەتــی دانەوێڵەکانی وەک گەنمەشامی و پەتاتــە و گەنــم و جــۆ.

قەزاکـە لەلایـەن بەنـاو دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش) ەوە لــە ســاڵانی ٢٠١٥ - ٢٠١٧ حوکمڕانــی کــرا و دەســتی بەســەردا گیــرا، ململانــێ لەگــەڵ داعــش وایکــرد کــە قەزاکــە بــە هــەزاران کەســی ئــاوارەی شـارەکانی دیکە بێت و ژێرخانی خزمەتگوزاری گشـتی (ئــاو، ڕێگاوبــان، کارەبــا، ئــاوەڕۆی)ی ناوچەکــەش بەشــێکی یاخــود بــە تــەواوی لەناوبچێــت. ئــەم خزمەتگوزارییــە ســەرەتاییانە لەلایــەن حکومەتــەوە بــە تــەواوی جارێکــی دیکــە دروســتنەکراونەتەوە و دانەمەزراونەتــەوە. لــە ڕاســتیدا، پێشکەشــکردنی خزمەتگوزارییــە ســەرەتاییەکان کــە هەرخۆیــان لــە دۆخێکـی خراپدابـوون، بەهـۆی گەڕانـەوەی ئـاوارەکان بـۆ ماڵەکانیـان، تووشـی فشـارێکی بەرچاوتـر بـوون و خراپتـر بـوون. جگـە لـەوەش ململانـێ لەگـەڵ داعـش پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــی شــکاند و بــووە هــۆی دروســتبوونی لێشــاوێکی ململانێــی عەشــایەری و سیاســی لەســەر ئــەوەی کــێ پشــتیوانی ئــەو گروپــە تونــدڕەوەی کــردووە. هەروەهــا کێبڕکــێ و گرفــت لەسـەر سـامانە سروشـتییەکان و دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـوری کـە پێشـتر لـە قەزاکـەدا هەبـووە، توندتـر کــردەوە.

ســەرچاوەیەکی دیکــەی گــرژی بریتییــە لــە گەڕانەوەی ئــەو خێزانانــەی کــە وا گومانیــان لێدەکرێــت پەیوەندییـان بـە داعشـەوە هەیـە. زۆرێـک لـە قەزاکە ئـاگاداری گەڕانەوەیانـن، ترسـیان هەیـە لەوەی هێشـتا پەیوەندییــان بــە ئەندامانــی ئــەو هێــزەوە هەبێــت

سەرەڕای ئەوەی ئەم خێزانانە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژن و منداڵ پێکهاتوون، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە پاککراونەتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ حەویجە. زۆربەی ئەم خێزانانە لە ناحیەی ئەلریاز نیشتەجێن، ڕێوشوێنی ئەمنی توندیان بۆ گیراوەتە بەر، لەوانەش سنووردارکردنی جووڵەی خەڵک و کاڵا بۆ ناو قەزاکە و لەوێشەوە بۆ دەرەوە. ئەمەش لە بەرامبەردا وایکردووە کە هەستی پشتگوێخستن و پەراوێزخستن لە نێو ئەم خێزانانەدا زیاتر ببێت.

قەزاکە وەک ناوچە گەورەکانی دیکەی وڵات تووشی وشکەساڵییەکی توند بووە. بەپێی زانیارییەکان بە تێکڕا بارانبارینی ساڵانە لە ١٥٠٠ ملمەوە بۆ ٢٢٥ ملم دابەزیوە. لە ئەنجامدا هەردوو سەرچاوەی سەرەکی ئاوی قەزاکە، بارانی هەڵگیراوە لە بیرەکان و ڕووباری زاب، کاریگەری نەرێنییان لەسەر بووە. وەک لە بەشی ڕێگاکان لە خوارەوە نیشان دەدرێت، ئەمەش لە بەرامبەردا کاریگەرییەکی فراوانتری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان لە قەزاکەدا هەبووە، لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانەوە، تا بژێوی ژیان، و کارەساتە توندەکانی کەشوهەوا. ئابووری ناوخۆیی کە تاڕادەیەکی زۆر لە کەرتی کشتوکاڵییەوەیە، و بەم بودجەی تەرخانکراوەی حکومەتی فیدراڵی کە لەلایەن کارگێڕانی قەزاکە و سەرکردەکانی کۆمەڵگاوە بە کەم دادەنرێت، بە شێوەیەکی بەچاو چەقیبەستووە و زیادبوونی بەخۆیەوە نەبینیوە. لەم دواییانەدا دەسەڵاتدارانی حکومەتی پارێزگاکان بە پاڵپشتی وەزارەتی پلاندانان پلانی ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی قەزاکەیان پەسەندکرد کە مەبەست لێی یارمەتیدانی ناوچەکە بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە دوای ململانێکانی داعش ببوژێتەوە.

## ڕێگاکانی کەشوهەوا

**سەرچاوە سروشتییەکان.** گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری لەسەر بەردەستبوون و دەستڕاگەیشتن بە ئاو هەبووە. بە تایبەتی وشکەساڵی بووەتە هۆی کەمبوونەوەی دەستڕاگەیشتن بە ئاو بۆ هاوڵاتیان بە گشتی و جووتیاران و مەڕدارەکان بە تایبەتی. ئەو ناوچانەی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی ئەمەوە ئەو ناوچە گوندنشینانەن کە خۆیان هەر پێشوەختە لە ڕووی دەستڕاگەیشتن بە ئاوەوە بە دابڕاو وبێخزمەت دانراون، وەک گوندەکانی ئەلمەحمودیە، ئەلخان، ئەلمەرزوق و ئەلبتوش.

جووتیاران بە دوو شێوە هەوڵیانداوە وەڵامی قەیرانی ئاو بدەنەوە. یەکەمیان هەڵکەندنی بیری زیاتر بووە. ئەمەش بووەتە هۆی هەندێک سەرکەوتنی سەرەتایی، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئاستی ئاو دابەزیوە، لەبەر ئەوەش دەبوو بیری قووڵتر هەڵکەندرێت. ئەمەش تێچووی زۆری هەبوو، هەروەها لە کۆتاییداشدا بێهودە بوو چونکە ئەو ئاوەی کە دەگیرێت بووەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێی خاکەکە، ئەمەش وایکرد کە بۆ خواردنەوە نەگونجێت و بۆ ئاودانی دانەوێڵە بەکارنەهێنرێت. دووەم: جووتیاران هەوڵیان داوە شێوازی نوێی ئاودێری بخەنە ناو شێوازەکانی ئاودانەکانیانەوە، وەک ئاودێری دڵۆپ دڵۆپ و ئاوڕێژکەر، بە مەبەستی سنووردارکردنی بەفیڕۆدانی ئاو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەلمێنراوە کە بەردەوامیدان و چاکردنەوەی ئەم تەکنیکانە گرانە، ئەمەش لە بەرامبەردا نرخی بەرهەمە ناوخۆییەکان بەرزکردووەتەوە. جگە لەوەش وشکەساڵی بووەتە هۆی بە بیابانبوونی ئەو زەویانەی کە ڕۆژانێک بەپیتبوون. ئەمە نەک هەر کاریگەری لەسەر زەوییە تایبەتەکان هەبووە کە بۆ کشتوکاڵ بەکاردەهێنران، بەڵکو کاریگەری زیانبەخشی لەسەر زەوییە گشتیەکان هەبووە. سەوزایی و دارستان و پەرژینەکان وشکبوونەتەوە یاخود لەلایەن ئاژەڵدارەکانەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکارهێنراون.

لە ئەنجامی هەموو ئەم پرسانەدا زۆرێک لە جووتیاران و ئاژەڵدارەکان زەویەکانیان فرۆشتووە و ڕوویان لە ناوچە شارییەکان کردووە و بەدوای بژێوی نوێدا دەگەڕێن، ئەمەش وایکردووە

فشـاری زیاتـر بخاتـە سـەر ناوچـە شـاریەکان، لـە ڕووی پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری و زیادبوونـی گـرژی نێـوان تازەهاتـووان و دانیشـتووان لەسـەر بەدەسـتهێنانی هەلـی کار. لەگـەڵ ئـەم فشـار و گرژییـە، گرفتێکـی دیکـە ئامادەبوونـی ئاوارەکانـی ناوچەکانی دیکـەی نـاو حەویجـە بـوو کـە بەهەمـان شـێوە بەهـۆی ململانـێ لەگـەڵ داعـش لـە ناوچـە شـارییەکان نیشـتەجێ بـوون.

**حوکمڕانی لاواز.** دۆخی دەستڕانەگەیشتن و بەردەست نەبوونـی ئـاو بـە شـێوەیەکی یەکسـان خراپـتر دەبێـت بەهـۆی ئـەوەی توانـای بەڕێوەبردنـی سـەرچاوەکانی ئێسـتا لـە نێـوان دامـەزراوە حکومییـەکان لـە خـوار ئاستی پێویستدایە. لـە نێـو زۆرێـک لـە دانیشـتوواندا تێڕوانینێکـی گشـتی هەیە کـە بەرپرسـە حکومییەکانی بەرپـرس لـە لایەنـە جیاوازەکانـی بەڕێوەبردنـی ئـاو لـە ژێـر کاریگـەری ئـەو کەسـانەدان کـە دەسـەڵات و پارەیـان هەیـە تاوەکـو فەزڵـی دەسـتەیەک بەسـەر دەسـتەیەکی دیکـەدا بـدەن. لـە بنەڕەتـدا، کۆنترۆڵکردنـی دامـەزراوە سـەرەکییەکانی دەوڵـەت لەلایـەن گروپـە سیاسـییەکانەوە وادەبینرێـت کـە ببێتە هـۆی دابەشـکردنی نایەکسـانی خزمەتگوزارییـەکان، لەبـری ئـەوەش، دڵنیـای دەدات لـەوەی کە دڵسـۆزانی سیاسـی/خێڵەکییەکان و حزبییـەکان لـە پێـش هەمـوو کەسـێکەوە خزمەتدەکرێـن. لـە ئەنجامـدا، هەسـتی هەبوونی پەراوێزخستن و پشتگوێخستن لای هاووڵاتیان زیاتـر بـووە، هەروەهـا کەلێنـی نێـوان دەوڵـەت و هاووڵاتیانـی زیاتـر فـراوان کـردووە. هەندێـک لـە دانیشـتووان ترسـیان هەیـە کـە بەردەوامـی پشتگوێخسـتنی یـان بێکردەوەیـی حکومـەت – یـان تەنهـا ئـەو بـاوەڕە کـە ئەمـە ڕوودەدات – وادەکات بەشـێکی زیاتـری کۆمەڵگـە موعەرەزبـن بـەوەی ببنـە ئەندامـی گرووپـە توندڕەوەکان و کاریگـەر بـن بـە خیتابەکانیـان. ئـەم ترسـە بـە تایبەتـی لـە ناوچـەی لاوەکـی ئەلریـازدا بەرچـاوە، کـە هێشـتا پاشـماوەی ئـەو گرووپـە توندڕەوە لـە ناوچەکانـی دەوروبەریـدا چالاکـە. هەروەهـا بۆچوونێـک هەیـە کە بێهەڵوێسـتی حکومـەت بـۆ وەسـتاندنی پرۆسـەکانی بیابانبـوون دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئـەم ناوچەیـە زیاتـر ببێتـە زەمینەیەکـی دامەزراندنـی چالاکییـە توندڕەوەکان.

**نائاسایشـی بژێـوی ژیـان.** وەک بـاس کـرا، وشکەسـاڵی و بیابانبـوون، جووتیـاران و گروپەکانـی پشتبەسـتن بـە کشـتوکاڵ ناچـار کـردووە زەویەکانیـان بفرۆشـن یـان وازیـان لێبهێنـن و بـەدوای دەرفەتـی ئابووریـدا بگەڕێـن لـە ناوچـە شـارییەکانی نـاو قەزاکـەدا. ئـەم پرسـە دوو دەرئەنجامـی گـەورەی هەیـە. یەکـەم: کۆچکـردن بۆ شـارەکە کێبڕکێی لەسـەر دەستڕاگەیشتن بـە کار و خزمەتگوزارییـە گشـتیەکان لـە نێـوان کۆچبـەران و دانیشـتوانی شـارەکەدا زیادکـردووە، ئەمـەش هۆکارێکـی دیکـەی گرژییـە لـە نێـوان ئـەو دوو گروپـەدا. دووەم: قـەزای حەویجـە لـە ئێسـتادا شـوێنێکە کـە ئاوارەکانـی قـەزا یـان پارێزگاکانـی تـر تێیـدا نیشـتەجێ بـوون، هەروەهـا گـرژی و ئاڵـۆزی لـە نێـوان ئـەو خێزانانـەی کـە وا هەسـت دەکـرێ سـەر بـە داعشـن و ئـەو خێزانانـەی کـە لـە لایـەن داعشـەوە بوونەتـە قوربانـی، هێشـتا بوونـی هەیـە. زۆربـەی ئەوانـەی کـە وادەبینرێـت سـەر بەداعشـن لـە ناوچـە گوندنشـینەکان و دەرەوەی شـارەکاندا دەژیـن؛ بۆیـە کۆچکردنیـان بـۆ ناوەندەکانـی شـار نەخـوازراوە، ئەگـەر هـەر لـە سـەرەتاوە ڕەت نەکرێتـەوە. ئـەم داینامیکـە هەسـتی پەراوێزخسـتن و ڕەتکردنـەوە لـە لای ئـەو کەسـانەی کـە وادادەنرێـن کـە پەیوەندییـان بـە داعشـەوە هەیـە زیاتـر دەکات، و دەیانخاتـە دۆخێکـی سـەختەوە: یـان وایـان لێـدەکات لـە دۆخێکـی ترسـناکدا لـە گوندەکـەدا بمێننـەوە یاخـود کـۆچ بکـەن بـۆ ئـەو شـارەی کـە پێشـوازییان لێناکرێـت. بـۆ ئـەو خێزانانـەی کـە قوربانیـن و لـە ناوچـە گوندنشـینەکان نیشـتەجێن، وەرگرتنـی بڕیـاری کۆچکـردن بـۆ شـارەکە بـەو مانایەیـە کـە هەسـت دەکـەن زەویەکانیـان بـۆ ئـەو کەسـانە بەجێدەهێڵـن بـە پەیوەندیـداری داعـش دەیـان بینـن ، و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زیادبوونـی توانـای چەکدارانـی داعـش بـۆ دووبـارە بەشـداریکردنی خێزانەکانیـان لـە چالاکییـە توندڕەوەکانـدا. بۆیـە کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا گرژییەکانـی ئێسـتای نێـوان گروپـەکان زیاتـر دەکات.

**نائاسایشـی خـۆراک.** لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەو ڕاسـتییەی کـە جووتیـاران چیـتر کاڵا بەرهـەم ناهێنـن لـە هەمـان ئاسـتی پێشـووی دەسـتپێکردنی بارودۆخـی

وشکەساڵی، نرخی دانەوێڵەکانی لە قەزاکەدا بەرز کردووەتەوە چونکە بە بەراورد بە خواستی بەکاربەران، بەرهەمهێنان کەمی کردووە.لەگەڵ ئەمەش هەڵاوسانی دراوەکان بێزاری و بێهیوایی لەناو خەڵکدا دروستکردووە و بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی ژیان کە ناتوانن فەراهەمی بکەن.

### لایەنە کاریگەری و سەرەکییەکان و وەڵامدانەوەی بەرنامەیی و سیاسەت

غیابی بەرچاو هەیە لە دەستپێشخەری حکومەت بۆ چارەسەرکردنی دەستڕانەگەیشتن و بەردەستبوونی ئاودا لە ناوچەکەدا، پلانی بوژانەوە و چارەسەرردنی حکومەتی پارێزگاکە کە وەزارەتی پلاندانان پشتگیری دەکات، بەرواڵەت کاریگەرییە گەورەکانی نائەمنی کەشوهەوا چارەسەر دەکات، هەرچەندە وردەکارییەکانی پلانەکە لەبەردەستدا نییە. سەرەڕای ئەمەش، لایەنە سەرەکییەکانی قەزاکە – سەرکردە خێڵەکی و مەدەنییەکان و دەسەڵاتە حکومییە لاوەکییەکان – بە شێوەیەکی نافەرمی هاوکاری دەکەن (واتە لە ڕێگەی میکانیزمێکی فەرمییەوە نییە بەڵکو لە ڕێگەی کۆبوونەوە نافەرمیەکان و دانیشتنی گفتوگۆوە) بۆ دابینکردنی چارەسەر بۆ حوکمڕانی و ئەو پرسانەی کە ناکۆکی دروست بکەن، کە ئەمەش ئەوانەی پەیوەندییان بە گۆڕانی کەشوهەوا هەیە لەخۆدەگرێت. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە ئەم هەوڵانە بە شکستخواردوو دەبینن بەهۆی گەندەڵی حکومی و کاریگەری خزمخزمێنەی هەندێک بەرپرس و لایەنگیری کردنی گروپ و کۆمەڵەیەک لە بەرامبەر لایەنێکی دیکەدا. بەوەش، چارەسەرەکان وادەبینرێن لە بنەڕەتدا بە حزبیی کرابن و لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە گشتییە گەورەکەدا نییە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان یارمەتیدەر بوون لە پڕکردنەوەی هەندێک لەو بۆشایانەی حوکمڕانی کە بەهۆی سنووردارکردنی توانای حکومەت و سیستییانەوە بەجێیان هێشتووە. بۆ نمونە، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان بە دابینکردنی مۆلیدەی کارەبا و بنکە تەندروستییەکان پاڵپشتی قەزاکە دەکات، هاوکات ڕێکخراوی ناحکومی کۆمەڵەی ئەلئەمال هەڵمەتێکی گرنگی بە دارستان و چاندنی نەمام لە شوێنە جیاوازەکانی ناو قەزاکەدا دەستپێکردووە. لە کاتێکدا ئەم دەستپێشخەرییانە بە شایانی باس دادەنرێن، بەڵام مەرج نییە دەرئەنجامە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی گۆڕانی کەشوهەوا بکەنە ئامانج کە لە قەزاکەدا هەستیان پێدەکرێت.

## قەزای کەلار (پارێزگای سلێمانی)

### پرۆفایلی قەزا و باکگراوندی

قەزای کەلار کە لە پێشوودا سەر بە پارێزگای کەرکوک بوو، لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ پارێزگای سلێمانی زیادکرا، قەزاکە دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان، بەشێکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق و دەکەوێتە ژێر ئیدارەی ڕاستەوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان. قەزاکە لە چوار ناحییە پێکهاتووە کە بریتین لە ناوەندی کەلار، کرماک، خەلاکان و خدران. ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە ئەندامانی پێکهاتەی کورد پێکهاتووە و بە نزیکەی ١٧١ هەزار کەس مەزەندە دەکرێن کە زۆرینەیان لە سەنتەری کەلار نیشتەجێن. کۆمەڵگای قەزاکە لە دەوری پەیوەندی هۆزەکان پێکهاتووە، هۆزە پێشەنگەکانی بریتین لە گەلی، جاف، جەمهور، زەنگەنە، باگلان، باڵانی، داودی، کیز، زەند، و لەک. کشتوکاڵ چالاکیەکی سەرەکی ئابووری قەزاکەیە، دانیشتووانەکەی بەشدارن لە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵدا. وشکەساڵی و کەمی ئاو تەحەدای سەرەکین لە قەزاکەدا. جگە لە سیروان، دوو ڕووباری دیکە بەناو قەزاکەدا تێدەپەڕن کە بریتین لە ئەلوەند و قوورتۆ و هەر سێ ڕووبارەکە لە ئێرانەوە سەرچاوەیان گرتووە. کەمی ئاو لە قەزاکەدا بەهۆی ئەوەی ئێران بەنداوی لەسەر ڕووباری سیروان دروستکردووە،

کۆنترۆڵــی ئــەوەی کــردووە کــە چەنــد ئــاو بــەرەو خــوارەوە بــۆ قەزاکــە دەڕژێــت. کــەلار ناوچەیەکــی کێشـە لەسـەرە و بەشـێکە لـە دەڤـەری گەرمیـان، کـە ناوچەیەکـی نافەرمییـە و پێکهاتـووە لـە ناحیـە کێشـە لەسـەرەکانی وەک کـەلار و کفـری و چەمچەمـاڵ، کـە لەلایـەن ئیدارەیەکـەوە بەڕێوەدەبرێـت لەژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە دایـە.

هــۆکاری گــرژی و ململانێکانــی قەزاکــە بریتیــن لەمانــەی خــوارەوە: حوکمڕانــی ناکاریگــەر کــە بەهـۆی کـرداری نادروسـت و خـراپ بەڕێوەبردنـەوە دروسـتبووە، پەراوێزخسـتنی سیاسی – دەسـەڵاتدارانی قـەزاکان وادەبینرێـن کە خزمەتگوزاری و سـەرچاوەکان دەگەیەننــە هەندێــک خێــزان، بەتایبەتــی کەســوکار و لایەنــە سیاســییەکان، و فەزڵیــان دەدەن بەســەر هەندێکـی تـردا – کێشـەی زەوی و زار کـە لەهەڵمەتی تەعریبکردنـی ڕژێمـی بەعسـەوە سـەرچاوەدەگرێت و بووەتەهـۆی ئـەوەی بەسـەدان خێـزان بەزۆرەملـێ ئـاوارە بـن، لەسـەروو هەموویانـەوە، تادێـت، کەمـی ئـاو بەهـۆی وشکەسـاڵی و کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا هۆکارێکـی دەیکـەی ئـەو گرژییانەیـە.

## ڕێگاکانی کەشوهەوا

**سـەرچاوە سروشـتییەکان.** گۆڕانـی کەشـوهەوا کاریگـەری لەسـەر دەسترِاگەیشـتن و بەردەسـتبوونی ئـاو هەبـووە. کەمـی بـاران باریـن هـەم ئاسـتی ئـاوی سـێ ڕووبارەکـەی قەزاکـە کەمکردووەتـەوە و هــەم ئاســتی ئــاوی ژێــر زەوی کەمکردووەتــەوە. لـە ئەنجامـی کەمـی ئـاو، جووتیـاران لەسـەر مافـی دەستڕاگەیشـتن بـە ئـاو لەسـەر ڕووبـارەکان و پشـکی ئـاوی وەرگیـراو لـە بیرەکانـەوە گـرژی دروسـتبووە. هەروەهــا زەوییــە لەوەڕاندنــەکان کــەم بووەتــەوە چونکـە وشکەسـاڵی وایکـردووە ئـەم زەویانـە زۆر کەمتر بەپیت بـن. هەروەهـا ئەمـەش بووەتـە هـۆی زیادبوونـی گـرژی لـە نێـوان شـوانەکاندا کـە کێبڕکـێ لەسـەر زەوی لەوەڕانـدن دەکـەن بـۆ مەڕەکانیـان. بـە لەبەرچاوگرتنـی ئاسـتەنگەکانی دەستڕاگەیشـتن بـە ئاو و کاریگـەری لەسـەر زەوییـە بەپیتـەکان، زۆرێـک لـە جووتیـاران و مـەڕدارەکان کۆچیـان کـردووە بـۆ ناوچـە شـارییەکان بـۆ گـەڕان بـەدوای هەلـی کاری دیکـەدا، بەمـەش فشـاری زیاتریـان لەسـەر خزمەتگوزارییەکانی ئــەو ناوچانــە دروســتکردووە و گرژییەکانــی نێــوان کۆچبــەران و دانیشــتووانیان بەرزکردووەتــەوە.

**نائاسایشــی بژێــوی ژیــان.** گۆڕانــی کەشــوهەوا لــە چەندیــن ڕووەوە کاریگــەری لەســەر بژێــوی دانیشــتووان هەبــووە. توندتریــن کاریگــەری لەســەر بژێـوی ئابوورییـە چونکـە جووتیـاران و مـەڕدارەکان ناچاربــوون واز لــە پیشــەکانیان بهێنــن و کــۆچ بکــەن بــۆ ناوچــە شــارییەکان بــۆ ئــەوەی بــەدوای هەلــی کاری نوێــدا بگەڕێــن. هەروەهــا دەوترێــت کــە نەبوونــی هەلــی کار لــە کەرتــی کشــتوکاڵدا بووەتــە هــۆی ئــەوەی هەندێــک، بەتایبەتــی گەنجــان، ڕوو لــە مــادده هۆشــبەرەکان بکــەن وەک ئامرازێــک بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی دۆخەکــە، ئەمــەش دۆخــە خراپەکــەی خراپــتر کــردووە و ئەگــەری هەیــە کاریگــەری لەســەر ســەلامەتی ژیانیشــیان هەبێــت. هەروەهـا بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمـی زۆر بووەتـە هــۆی زیادبوونــی خواســت لەســەر کارەبــا بــۆ کارپێکردنـی فێنکـەرەوەکان لـە مانگـە پروکێنەرەکانی هاوینــدا. ئەمــەش پیســبوونی هــەوای لــە قەزاکــەدا زیـاد کـردووە بـەو پێیـەی زۆرێک لـە گونـدەکان، وەک تانکـێ وەرە، قەبـری مـەلا، کانـی زەرد، بوکـێ، ڕەمـزان مامکــە و ڕەمــزان شێشــا، ناچاربــوون تەنهــا پشــت بـە مۆلیـدە ببەسـتن بـۆ کارەبـای ماڵەکانیـان بەهـۆی نەبوونــی کارەبــای حکومییــەوە . هەمــوو ئەمانــە بوونەتـە هـۆی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی گشـتی بێـزاری لەنێـو کۆمەڵـگادا، ئەمـەش پچڕانـی پەیوەنـدی نێـوان هاوڵاتیـان و حکومەتـی زیـاد کـردووە و وادەبینرێـت حکومــەت خزمەتگــوزاری پێویســتی بــۆ هاوڵاتیانــی ناوچەکــە پێشکەشــنەکردووە.

**نائاسایشــی خــۆراک.** هەروەهــا بارودۆخــی وشکەسـاڵی کاریگـەری لەسـەر بەرهەمـی دانەوێڵـە و بەردەسـتبوونی گۆشـت هەبـووە، کەمبوونـەوەی بەرهەمهێنـان بووەتـە هـۆی بەرزبوونـەوەی نرخـی دانەوێڵــە ســەرەکییەکان، وەک گەنــم، جــۆ، ئــارد و عەلــەف و گۆشـت. ئەمـە بووەتـە هـۆی ئـەوەی

بازاڕێکی ڕەش بۆ بەرهەمهێنان و فرۆشتنی گۆشت دروست بکات، قاچاخچییەکان شانازیی بەوەوە دەکەن کە نرخی گۆشتیان بە شێوەیەکی تاڕادەیەک گونجاو لە قەزاکەدا هێشتووەتەوە سەرەڕای کاریگەرییەکانی لەسەر کەرتی ئاژەڵداری. هەروەها دەوترێت خاوەن ئاژەڵەکان ناچار بوون کاوجۆ بە نرخێکی زۆر بکڕن. هەروەها ئەو ناوچانەی لە ڕابردوودا بەکارهێنراون بۆ ئاودێری لە ئێستادا وشک بوونەتەوە.

**حوکمڕانی لاواز.** کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا فشارێکی زۆر دەخاتە سەر توانا سنوردارەکانی حکومەت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و وەڵامدانەوەی مەترسییەکانی ئاسایشی کەشوهەوا. دابینکردنی ئاو وەک نموونە وەربگرە: کێشە لە دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەدا هەیە چونکە هەندێک ناوچە بەتایبەتی گەڕەکە هەژار و تازەکان لە دەوروبەری کەلار، ئاوی ئاساییان نییە، زۆرجار بەهۆی ئەوەی ئەو ناوچانە لەلایەن حکومەت کاریان بۆ نەکراوە و ئەمە دۆخە نالەبارەش بەهۆی بارودۆخی وشکەساڵییەوە خراپتر بووە و بوونەتەهۆی ئەوەی ئاستی ئاوی بیر و ڕووبارەکان دابەزێت.

لە ساڵانی ڕابردوودا، قەیرانی بودجەی حکومەت کاریگەری لەسەر دابینکردنی ئاویش هەبووە، بەوەی ئاوەکە بڕاوە یان بە ڕادەیەکی پێویست کلۆر نەکراوە. جگە لەوەش سەرەڕای ئەوەی حەوت ساڵ لەمەوبەر چەندین بەنداوی نوێ فەرمانی دروستکردنیان بۆ دەرچووە ، بەڵام هیچیان دروست نەکراون، کە ئەگەر تەواو بکرانایە، دەیانتوانی خزمەتگوزارییەکانی ئاو لە قەزاکەدا زۆر باشتر بکەن. جگە لەوەش وادەبینرێت کە حکومەتی فیدراڵی خۆی دەدزێتەوە لە ڕۆڵی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی بەڕێوەبردنی ئاو لەگەڵ ئێراندا، کە زۆرێک لە ڕووبارەکانی ناو کەلار لەوێوە سەرچاوە دەگرن. بەگشتی وا نابینرێت حکومەت لەسەر هەرسێ ئاستەکانی وەک ئاستی قەزا و ناوچەیی و فیدراڵی وەڵامدانەوەی کاریگەرانەی هەبێت بۆبەربەستە حکومڕانییەکان و کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

لایەنە کاریگەر و سەرەکییەکان و وەڵامدانەوەی بەرنامەیی و سیاسەت

بەرپرسە حکومییەکانی وەک قائیمەقامی قەزاکە، بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و کشتوکاڵ، و ئەوانەی لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان بەرپرسن، هەروەها سەرکردە سیاسی و عەشایەرەییەکان وەک لایەنە سەرەکییەکان سەیر دەکرێن کە توانای بەرەنگاربوونەوەیان هەبێت بۆ ئەو گرژییانەی کە بەهۆی کەشوهەواوە دروستبوون. حکومەت لیژنەیەکی پێکهێنا لە لایەنەکانی قەزاکە لەگەڵ ئەوانەی خەڵکی بەلووجو، خانەقین، و کفری بۆ خۆپاراستن و ڕێگریکردن لە ڕوودانی سەرپێچی ئاو بەدرێژایی ڕووبارەکە،لیژنەکە داوای لە جووتیاران کردووە خۆیان لە کشتوکاڵکردنی بەروبوومەکانی وەک کونجی و برنج بەدووربگرن. جگە لەوەش، پلانی بەنداوی نوێ دانراوە بۆ یارمەتیدانی ڕێکخستنی ڕۆیشتنی ئاو بۆ ناو قەزاکە، هەرچەندە دروستکردنیان بەهۆی کێشەی بودجەوە خاو بووەتەوە. جگە لەوەش، دانیشتن و گفتوگۆی زۆر لە نێوان سەرکردەکانی کۆمەڵگاکە و قائیمەقام هەیە بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسانەی کە دەبنە هۆی گرژی تاوەکو چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەم هەوڵانە، بێزاری لەنێو دانیشتووان و سەرکردەکانی کۆمەڵگادا زۆرە چونکە بەپێی زانیارییەکان ئەم باسانە ئەنجامی بەرچاویان لە قەزاکەدا نەبووە و سودیان نەبووە.

## قەزای کفری (پارێزگای سلێمانی)

پرۆفایلی قەزا و باکگراوندی

قەزای کفری دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی و هاوشانی کەلار و چەمچەماڵ دەڤەری گەرمیان لە کوردستان پێکدێنێت. قەزاکە لە باکووری زنجیرە چیای حەمریندایە و زەوییە کشتوکاڵییە

بەپیتەکانی تێدایە کە پێچەوانەی بارودۆخی بیابانەکانی باشووری زنجیرە چیاکەیە. قەزاکە لە ئەندامانی پێکهاتەی عەرەب و کورد و تورکمان پێکهاتووە: ناوەندی کفری زۆرینەی کوردە، ژمارەی دانیشتووانی تورکمانی کەمە، ناوچە لاوەکییەکانی باشووریش بەشێوەیەکی سەرەکی عەرەبی سوننە و تا ڕادەیەکی کەمتر پێکهاتەکانی تورکمانی شیعەی تێدا نیشتەجێن. کۆی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بە ٤٣ هەزار کەس مەزەندە دەکرێت. چالاکییە کشتوکاڵییەکان، واتە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ، لەگەڵ دامەزراندنی حکومی، بەتایبەتی کەرتی ئەمنی، پیشەی سەرەکی دانیشتوانی قەزاکەن. لەقەزاکەدا، هێزێکی ئەمنی زۆر هەیە کە لە هێزە ئەمنییەکانی وەک پێشمەرگە، ئاسایش، و هێزەکانی دژە تیرۆری فیدراڵی و گروپەکانی هاوپەیمانی ڕێکخراوی بەدری حەشدی شەعبی پێکهاتوون. لە کاتێکدا ئەم هێزانە هاوکاری سەقامگیرکردنی ناوچەکەیان کردووە، بەڵام بەو پێیەی کە قەزاکە لە سروشتدا ناکۆکی تێدایە، ئەو هێزانە گرژییان لە نێوان پێکهاتەکاندا دروستکردووە (بڕوانە خوارەوە). لەگەڵ ئەوەی جموجۆڵی پاشماوەکانی داعش تا ڕادەیەک کۆنترۆڵ کراوە، بەڵام هەر جموخوڵیان لەو ناوچەیەدا هەر ماوە. تا ئێستاش لە هەندێک ناوچەی دووزخورماتوو و سلێمان بەگ گروپەکانی داعش هەن، کە هەندێکجار ئەمە وایکردووە کە جووتیارانی ناوچەکە گرفتیان بۆ دروستببێت بۆ گواستنەوەی دانەوێڵەکانیان و دەستەبەرکردنی کەرەستە پێویستییەکانی ڕۆژانەیان وەک بەنزین. بەشیك لە قەزاکە، بە تایبەتی باشوری قەزاکە سەر بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە. ئەمەش وایکردووە کە پێکهاتەکانی ناو قەزاکە هەست بە پەراوێزخستنی سیاسی و پشتگوێخستن بکەن. بۆ نموونە لە هەرێم و ناوچە زۆرینە کوردییەکان، عەرەبی سوننە و تورکمانە شیعەکان هەست بە پەراوێزخستنی سیاسی و پشتگوێخستن دەکەن؛ لە ناحییەکانی باشووردا، کە لەلایەن هێزە هاوپەیمانییەکانی حکومەتی فیدراڵەوە کۆنترۆڵ کراون، لەوانەش هێزەکانی حەشدی شەعبی، کورد و عەرەبی سوننە هەست بە دوورخستنەوەیان دەکەن لەلایەن ئەم دەسەڵاتدارانەوە، چونکە پێیان وایە کە ئەوان هەلی ئابووری زیاتر و دامەزراندن دەدەنە تورکمان و عەرەبە شیعییەکان وەک لەوانی دیکە.

جگە لەوەش دۆخی ناکۆکی لەسەر قەزاکە وایکردووە ئیدارەی حوکمڕانی لەت و پەرت بێت: قائیمەقام سەر بە حکومەتی هەرێمە و لەگەڵ ئەودا کاردەکات، لە کاتێکدا بەڕیوەبەری ناحییەکانی باشوور ڕاستەوخۆ لەگەڵ پارێزگاری پارێزگای دیالە کاردەکەن. لە ئەنجامدا، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کاریگەری نەرێنی درووستبکات لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و ڕەخساندنی هەلی کار و هاوکات و بێزاری و ناڕەزایی لەنێو دانیشتووانی قەزاکەدا دروستکردووە. جگە لەوەش، بەهۆی ئەوەی قەزاکە لە بنەڕەتدا ناوچەیەکی کێشە لەسەرە، گرفتی ناکۆکی لەسەر زەوی یەکێکە لە سەرەکیترین گرژییەکانی نێوان پێکهاتەکانی ناوچەکە. وەک لەم بەشەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، وشکەساڵی، بیابانبوون، کەمی ئاو، و لەدەستدانی بژێوی ژیان، ئەم پرسانەی قەزاکە قووڵتر و گەورەتر دەکەن.

## ڕێگاکانی کەشوهەوا

**سەرچاوە سروشتییەکان.** کەمبوونەوەی بارانبارین و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و دەستپێکردنی بارودۆخی وشکەساڵی، کێشەی کەمی ئاوی دروستکردووە و بووەتە هۆی دروستبوونی بارودۆخی نیمچە وشک کە زەویەکانی بێ بەرهەم کردووە و وایکردووە کەڵکی کشتوکاڵ نەیەن. کەمی ئاو لەلایەن دانیشتووانەوە وەک زەقترین ئاڵانگاری سەیر دەکرێت، ئاڵانگارییەک کە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، دەکردێت ببێتە هۆی پەرەسەندنی گرژییەکان. پێشتر هەندێک ململانێی بچووک لەسەر هەڵکەندنی بیری نایاسایی و تەجاوز هەبووە کە بەگشتی بەهۆی کەم ئاوی سەریان هەڵداوە.جگە لەبەکاربردن و بەکارهێنانی

ماڵەوە، کەمی ئاو کەرتی کشتوکاڵی تووشی شۆک کردووە: بەرهەمهێنانی دانەوێڵە کەمترە لەوەی چاوەڕوان دەکرێت و بۆ پاراستنیشی پێویستی بە وەبەرهێنانی زیاترهەیە لەکاتێکدا سەرچاوەی ئاوی گونجاو بەردەست نییە. وەک لە قەزاکانی دیکەدا کە لەم ڕاپۆرتەدا باسکراون، گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری لەسەر بەردەستبوونی زەوی لەوەڕگا بۆ ئاژەڵدارەکانیش هەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی کێبڕکێ لە نێوان مەڕدارەکان و گرژی لەگەڵ خاوەن زەویەکاندا.

**نائاسایشی بژێوی ژیان.** کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لە قەزاکەدا درێژدەبێتەوە بۆ پرسەکانی بژێوی ژیان. کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و زەوییە وشکەکان وایکردووە زۆرێک لەوانەی وابەستەی کەرتی کشتوکاڵن، واز لە پیشەکانیان بهێنن و کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی دیکە و بەدوای هەلی کاردا بگەڕێن. بۆ نموونە لەلایەن دانیشتووانەوە ئاماژە بەوە کرا کە، لە بانکێت شانتار، یەکێک لە گەورەترین شارۆچکەکانی قەزاکە و دانیشتووانەکەی نزیکەی ٣٥ خێزانیان بە تەواوی بژێویان لەسەر کەرتی کشتوکاڵە، ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە بۆ نیوە کەمبووەتەوە بەهۆی بەردەوامی بارودۆخی وشکەساڵی. هەروەها بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی گوندی عومەربەلیلە کە ئاژەڵدارن، لەگەڵ ئاژەڵەکانیان ماڵەکانیان بەجێهێشتووە و ڕوویان لە پێنجوێن و هەڵەبجە و ناوچەکانی نزیک سنووری ئێران کردووە، کە لەو شوێنانە لەوەڕگاکان بە ئاسانی دەستدەکەوێت. بەپێی زانیارییەکان کاریگەریەکان لەسەر کەرتی کشتوکاڵ وایکردووە کە زۆرێک کە پێشتر کاری کشتوکاڵییان کردووە، بچنە ناو هێزە ئەمنیەکانی قەزاکە کە گوایە موچەیەکی باشیان پێدەدەن.

هەروەها گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە کاریگەریشی لەسەر تەندروستی و خۆشگوزەرانی دانیشتوانی قەزاکە هەیە. ڕەفتار و هەڵوێست و تەندروستی دەروونی دانیشتووان گۆڕاوە بەهۆی هەڵئاوسانی پلەی گەرمی هاوین، ئەمەش وایکردووە کە بەهۆی گەرماوە خەڵکی بۆ خۆ فێنکردنەوە لە ماڵەکانیان بمێننەوە. بە پێی ڕاپۆرتەکان گەنجان زیاتر لەوانی دیکە بەرکاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا کەوتوون، ئاماژە بەوەش دەکرێت کە ئەمە بووەتەهۆی گرفتە خێزانییەکان و گرژی بە گشتی. سەرەڕای ئەوەش، ئەو ئاوەی کە لە قەزاکەدا بەردەستە پیسە و بووەتەهۆی گرفتی تەندروستی گورچیلە و میزڵدان بەوپێیەی کە ئەوانەی ناتوانن فلتەری ئاو بکڕن یاخود ئاوی پاک بەدەست بهێنن، هیچ بژاردەیەکی دەیکەیان نابێت جگە لەوەی کە ئاوە پیسەکە بخۆنەوە. دەرئەنجامەکانیشی بووەتەهۆی زیادکردنی توڕەیی و ناڕەزایی زیاتری هاوڵاتیان بەرامبەر کاربەدەستانی حکومەت و دەسەڵاتداران.

**نائاسایشی خۆراک.** هەروەها گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری لەسەر نرخی خۆراک لە کفریش دروستکردووە. کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بووەتە هۆی کەمبوونەوەی کەلوپەلی بەرهەم هێنراوی ناوخۆیی، وەک هەنگوین، میوە، سەوزە و گۆشت. بۆیە قەزاکە زیاتر پشتی بەو کاڵایانە بەستووە کە هاوردە دەکرێن بۆ قەزاکە، کە ئەمەش شانبەشانی هەڵاوسانی بەهای دراودا، بووەبەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و کاڵا سەرەکییەکان لە قەزاکەدا. هاوکات ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دروستبوونی کاری قاچاخچێتی ئاژەڵ و هەروەها هەندێک خێزانیش بۆ کڕینی پێداویستییەکان بە نرخێکی کەمتر دەچنە شارۆچکەکانی نزیک کفری. بەرزبوونەوەی نرخەکان بێزاری هاوڵاتیانی لە حکومەت زیاتر کردووە.

**حوکمڕانی لاواز.** بەهۆی ئەوەی سروشتی قەزاکە وایە بەردەوام ململانێ و کێبڕکێی تێدایە، ئەمە وایکردووە کە هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کە بەهۆی کەشوهەواوە دروستبوون بەربەستی بۆ دروست بێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە ناوەندێکی بڕیاردانی سەرەکی بوونی نییە، بەشێکی قەزاکە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدایە و بەشەکەی دیکەی سەر بە حکومەتی

ناوەندییە و فەرمان لە پارێزگای دیالە وەردەگرێت و پەیوەندییەکی ڕێک و دیاریکراو لە نێوان ئەو دوانەدا نییە. ئەمەش وایکردووە کە دوو دەرئەنجامی نەرێنی دروست بێت، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو بەنداوەی کە قەراربوو بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئاو دروستبکرێت، بەهۆی ناکۆکی و کێشەی بودجەوە بە تەواونەکراویی ماوەتەوە، دووەمیشیان، یەدەگێکی ئاو هەیە کە دەکەوێتە ناوچەکانی شەقلاوە و قەرەداغ کە دەتوانێت بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئاوی زیاتر بهێنێتە ناو قەزاکە، بەڵام ناهێلرێت ئەو ئاوە بگاتە قەزاکە چونکە یەدەگەکە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەوە. لە بنەڕەتدا دوو ئیدارەیی و نەبوونی هەماهەنگی هەوڵەکانی باشترکردنی حوکمڕانی گشتی لە قەزاکەدا تێکداوە. لە ئەمجامدا دانیشتوانی کفری هەست بە پشتگوێخستن و پەراوێزخستن دەکەن لە لایەن هەردوو ئیدارەکەوە، لە لایەک ئیدارەی گەرمیان کە سەر بە هەرێمە و دانیشتوانی کفری پێیان وایە کە فەزڵی کەلار دراوە بە سەریاناو، هەروەها لە لایەن ئیدارەی حکومەتی ناوەندی عێراقەوە کە بەشی باشوری قەزاکەیان بەدەستە.

**دەرئەنجامی سیاسەتە نەخوازراوەکان.** هەستێکی گشتی هەیە کە ئەگەر چارەسەری گرفتەکان نەکرێت، لە کۆتاییدا وشکەساڵی دەبێتە هۆی چۆڵکردنی تەواوەتی گوندەکانی قەزاکە. زیاتر باس لەوەدەکرێت کە هەندێک کەس پێیان وایە لایەنە حکومییەکان بە ئەنقەست خۆیان لە چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بەدوور دەگرن، چونکە کفری نەوتی نەوتی تێدایە کە حکومەت دەیەوێت دەستی بەسەردا بگرێت و لێی بکۆڵێتەوە.

لایەنە کاریگەر و سەرەکییەکان و وەڵامدانەوەی بەرنامەیی و سیاسەت

ئەو لایەنە سەرەکیانەی کە لە قەزاکەدا پێویستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگاکان بە گشتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی، بریتین لە حکومەتی فیدراڵی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرکردە هۆزەکان، خاوەن زەویەکان، موختارەکان ، قائیمەقام، مدیر ناحییەکان، و هێزە ئەمنییەکان کە سەر بە حکومەتی فیدراڵین. بەشێک لەو لایەنانە وەڵامی ئەو پرسانەیان داوەتەوە کە پەیوەستن بە گۆڕانی کەشوهەوا. بۆ نموونە، بەنداوێکی نوێ لەلایەن هەردوو حکومەتەوە دروستکراوە کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دابینکردنی ئاو بە شێوەیەکی باشتر و سەقامگیرتر. هەروەها کۆبوونەوەی بەردەوام لە نێوان سەرکردەکانی ناوچەکە و بەرپرسانی حکومی هەیە بۆ باسکردنی ئاستەنگەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان. جگە لەوەش بە پێی زانیارییەکان شارەوانی کفری بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی دارستان بەنیازە پشتێنەیەکی سەوز بە بە دەوری کفریدا دروستبکەن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی خۆڵبارین و بە بیابانبوون. بەڵام ئەم هەوڵانەی حکومەت وەک کاری ناتەواو سەیر دەکرێت چونکە تاوەکو ئێستا حکومەت نەیتوانیووە ئاوی پێویست بگەیەنێتە ماڵەکانی قەزاکە و ئەم گرفتەش خۆی لەخۆیدا ئاڵانگارییەکەی گەورەیە لە ناوچەکەدا.

## شەت العرب (پارێزگای بەسرە)

پرۆفایلی قەزا و باکگراوند

شەت ئەلعەرەب یەکێکە لەو حەوت قەزایەی کە پارێزگای بەسرە پێکدێنێت. دەکەوێتە خاڵێک کە ڕووباری فورات و دیجلە لێی کۆدەبنەوە، ئەمەش وایکردووە ببێتە دەمارێکی سەرەکی ئاو بۆ باشووری عێراق. جگە لە ناوەندی قەزاکە، ئەم قەزا لاوەکیانەی خوارەوە پێکدێت: ئەلتەنومە، ئەلفەیحە، ئەلنەشوا و ئەلکەباسی. ژمارەی دانیشتووانی بە نزیکەی ٢٨٩ هەزار کەس مەزەندە دەکرێت، کە ناسنامەی خێڵەکی نیشاندەری سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە. هۆزە پێشەنگەکانی قەزاکە بریتین

لـە بەنـی تەمیـم، ئەلعەتــەب، ئەلعیــدان، بەنــی مەنکـۆر، عوبـادە ، ئەلهەفـە، شـەممەر، و بەنــی مالـک. چالاکییـە کشـتوکاڵییەکان لـە قەزاکـەدا دیـارن، کشـتوکاڵ و ماسیگرتن و مـەڕداری لـە ناوچـە گوندنشـینەکاندا زیاتـر ئەنجـام دەدرێـت. قەزاکـە لێشـاوی ئـاوارە ناوخۆییەکانـی ناوچەکانـی دیکـەی نـاو پارێـزگا و دەرەوەی پارێـزگا بەخۆیـەوە بینیـوە؛ هەندێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی ئاوارەبوونیـان ململانێـی خێڵەکـی و قەرەباڵغـی ناوچەکانیانــن.

قەزاکـە بەدەسـت سسـتی پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری و شـێوازەکانی حوکمڕانییــەوە دەناڵێنێـت، کـە سـەرچاوەی گـرژی و بێزارییـە لەنێـو دانیشـتواندا. هەروەهـا ڕکابەریـی خێڵەکـی و کێبڕکێ بـۆ دەستڕاگەیشـتن بـە دەسـەڵات و سـەرچاوەکان هـۆکارن بـۆ هاندانـی ململانێ لـە قەزاکـەدا، هەروەها گرژییەکانـی نێـوان دانیشـتوانی ڕەسـەنی قەزاکە و ئەو دانیشـتووانەی کـە لـە بەشـەکانی دیکـەوە کۆچیـان کـردووە بـۆ قەزاکـە جۆرێکـی دیکـەی گرژییـە. ئـەم گرژییانـە بەهـۆی کاریگەرییەکانـی گۆڕانی کەشـوهەوا توندتـر بـوون.

## ڕێگاکانی کەشوهەوا

**سـەرچاوە سروشـتییەکان.** ئـاوی خواردنـەوە و بەکارهێـنراو لـە ڕووبـار و کەناڵەکانـدا نەمـاوە بەهـۆی کەمبوونــەوەی ئاسـتی ئـاوی شـیرین و زۆربوونـی سـوێری ئاوەکـە بەهـۆی دیاردەی شـەپۆلی خوێیـەوە. لەگـەڵ کەمبوونـەوەی ئاسـتی ئـاوی شـیرین لـە ڕووبارەکـەدا، ئـاوی سـوێری کەنـداوی عەرەبـی دەڕژێتـە ناو ڕووبارەکـەوە، ئەمەش سـوێری ڕووبارەکە زیـاد دەکات (لـە دەرەوەی سـنوورە ڕێگەپێـدراوەکان بـۆ ئاودێـری یـان زۆر سـوێرە بـۆ ئـەوەی ئاژەڵـەکان بیخۆنـەوە)، و بەمـەش زیانـی زیاتـر بـە سیسـتەمی ژینگەیـی دەگەیەنێـت لـە قەزاکـە. بـڕی ئـاوی ئاودێـری بەشـێوەیەکی بەرچـاو کەمیکـردووە بەهـۆی دابەزینـی ئاسـتی ئـاوی کەناڵـەکان و کەمبوونـەوەی قەبـارەی ئـاو لـە ڕووبـاری شـەت العـرب،[٤٣] هەروەهـا بەهـۆی بڕیارێکـی وەزارەتـی کشـتوکاڵ لـە سـاڵی ٢٠٢١ کـە بـڕی ئـاوی بەردەسـتی بـۆ ئاودێریکـردن کەمکردووەتـەوە. لـە ئەنجامـدا، زۆرێـک هەوڵیانـداوە سـەرچاوەی ئـاوی نـوێ بدۆزنـەوە لـە ڕێگـەی لێدانـی بیـر بـۆ مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی ئـاوی پێویسـت بـۆ ئاودێریکردنـی کێڵگەکانیـان. زۆرێـک لـە هاوڵاتیانـی قەزاکـە، بـە دەسـەڵاتدارە حکومییەکانیشـەوە، پەنایـان بـردووە بـۆ کڕینـی ئـاو لـە فۆرشـیارە ئەهلییەکانـەوە. قورسـی بوونـی لـەوەڕگا بـۆ ئاژەڵـەکان کەمبوونـی بەرهەمهێنانـی دانەوێڵـە وایکـردووە کـە هەندێـک لـە جوتیـاران زەویەکانیـان بفرۆشـن بـە فرۆشـیاری خانوبەر(قۆنتەراتچییـەکان)، کـە ئـەوەش بووەتەهـۆی ئـەوەی کێشـەکانی پەیوەسـت بـە خاوەنـداری موڵکـەکان زیاتـر بـکات، چونکـە دانیشـتووانی ناوچەکـە داوا دەکـەن کـە قازانجیـان بدرێتـێ لـەو وەبەرهێنانـەی کـە لەسـەر زەویەککانیـان دەکرێـت. بەرزبوونـەوەی ئاسـتی خوێـی خاکەکـە و تایبەتمەندییـە هایدرۆلۆجـی و ژینگەییەکـەی بووەتـە هـۆی ئـەوەی خاکەکـە لـە ڕوانگـەی بەپیتییـەوە لاواز بێـت. لـە ئەنجایشـدا ژینگـەی ناوچەکـە نەگونجـاو بـووە بـۆ بەرهەمهێنانـی سـەوزە و دانەوێڵـە لـە پارێـزگای بـەسرە.[٤٤] تێکچوونـی بـاری کۆمەڵایەتـی و ئابووریـی جووتیـاران و ئاژەڵـدارەکان وای کـردووە کـە زۆرێـک بـۆ ناوەنـدی پارێـزگای بـەسرە کـۆچ بکـەن.

**نائاسایشـی بژێـوی ژیـان و خـۆراک.** کێشـەکانی دەستڕاگەیشـتن بـە ئـاوی پێویسـت و پـاک بەهـۆی کاریگەرییـە بەرفراوانەکانـی گـۆڕانـی کەشـوهەوا و تێکچوونـی ژێرخانـی ئابـووری و کەمبوونـەوەی ئـاوی ڕووبـارەکان خراپـتر بـوون. گـۆڕانـی کەشـوهەوا بـە شـێوازی جیـاواز کاریگـەری لەسـەر بژێـوی زۆرێـک لەهاوڵاتیانـی قەزاکـە هەبـووە. بـۆ نمونـە بووەتـە هـۆی لەدەسـتدانی دەرفەتـی ئابـووری بـۆ جووتیـاران

٤٣ قەزای شەتولعەرەب بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ڕوباری دیجلە دەبەستێت وەك سەرچاوەی سەرەکی ئاو. لە ساڵی ٢٠١٤ ڕێژەی ئاو لە ٢٠٧/مەتری سێگۆجا لە چرکەیەکدا لـە سـاڵەکانی حەفتـاکان نزمبـووەوە بـۆ ٦٠/ مەتـری سـێگۆجا لـە چرکەیەکـدا. هەروەهـا ئـاوی ئـاوەڕۆکان ئاسـتیان نزمبوەتـەوە بـەراورد بـە سـاڵەکانی شەسـت و حەفتـا (ناوەنـدی ڕێکخـراوی ئامار،وەزارەتـی پلاندانان،کۆمـاری عێراق،ئامـاری ژینگەیـی عێـراق بـۆ سـاڵی ٢٠١٣، تشرینـی یەکـەم ٢٠١٤).

٤٤ A. A. Lafta، مۆدێلکردنی تاقیکاری و کۆمپیوتەریی بۆ حیسابی درێژی دزەکردني ئاوي سوێر لە دەریاچەی دەریاکان، دەریاچەی شەت ئەلعەرەب وەک نموونە، گۆڤاری توێژینەوەی ئەلبەسرە (زانست)، ٤٠.( ٤)، ٢٠١٤، ٢٧ -٣٦.

و ئەوانی تر کە پشتیان بە کەرتی کشتوکاڵی بەستووە. هەروەها بەرهەمی دانەوێڵەکان کەمیکردووە کە دوو کاریگەری لاوەکی هەبووە: یەکەم، ئەو دانەوێڵانەی پێشتر لە قەزاکەدا ڕوێنراون، ئێستا هاوردە دەکرێن، هەروەها نرخی دانەوێڵە سەرەکییەکان بەرزبووەتەوە کە ئێستا هێندە گران بوون دانیشتووان ناتوانن بە ئاسانی بیانکڕن. تەنانەت لەگەڵ ئەوەش کە حکومەت یارمەتی هاوڵاتیان دەدات لە شتە سەرەکییەکاندا، هێشتا بەرزبوونەوەی نرخەکان مەترسی لەسەر ئاسایشی خۆراکی زۆرێک لە خێزانەکان دروستکردووە. لەگەڵ ئەوەی خێزانەکان و خاوەن کارەکان لە ڕووی داراییەوە خۆیان خراپتر دەبیننەوە، هەندێک پەنا بۆ بڕینی دارەکان دەبەن بۆ گەرمکردنەوە وبۆ مەبەستی دیکە بەکاریان دەهێنن، ئەمەش تێکچوونی ژینگەی ناو قەزاکەی زیاتر کردووە. ئەمەش تارادەیەکی زۆر سیفەتی ئەو کەسانەیە کە تازە هاتوونەتە قەزاکە لە پارێزگاکانی میسان و زیقارەوە و نەک بۆ دانیشتوانی ڕەسەنی شەت ئەلعەرەب کە دەوترێت هاوسۆزی زیاتریان لەگەڵ ئەو زەوییە هەیە. لە ئەنجامدا گرژییەکانی نێوان ئەم دوو گرووپە زیادی کردووە.

هەروەها بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی ئاوی پیسەوە دروست دەبن، بووەتە مەترسییەکی تەندروستی بۆ دانیشتووان. زۆرێک لە خێزانەکان توانای کڕینی ئاوی شیرینیان نییە بۆ خواردنەوە و کارەکانی ماڵەوەیان و ناچارن ئاوی ڕووبارەکان بکوڵێنن بۆ ئەوەی کەڵکی خواردنەوەی هەبێت. کاریگەرییە ئابوورییەکانی ئەم لەدەستدانی بژێوی ژیانە زۆرتر بووە، بەوەی کە زۆرێک لە دانیشتووان لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئاوی شیرین بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکانیان.

**حوکمڕانی لاواز.** قەزاکە گەشەیەکی خێرای لە ژمارەی دانیشتواندا بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ژێرخانی گشتی و خزمەتگوزارییەکان لەگەڵیدا زیادی نەکردووە. ڕێگاوبانەکان، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، سیستەمی ئاوەڕۆ و هێڵەکانی دابینکردنی کارەبا کۆنن و پێویستیان بە نوێکردنەوەی بەرچاو هەیە. سیستەمی ئاوەڕۆی قەزای شەت العرب لە دۆخێکی خراپدایە و دانیشتووان ڕایانگەیاندووە کە ئاوەڕۆ تێکەڵ بە ئاوی خواردنەوەیان بووە. کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی لە قەزاکەدا لاوازتر کردووە و دانیشتوانی شەت ئەلعەرەب هەست دەکەن وەڵامی حکومەت بەپێی پێویست نەبووە. لە ئەنجامدا متمانەیان بە توانای حکومەت نەماوە بۆ چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی ئەم کێشانە. هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم نیگەرانیانە زۆرجار لەگەڵ دەسەڵاتە ناوخۆییەکان باس دەکرێن بەڵام پێناچێت بگاتە ئاستێکی باڵای حکومەت، لەئەنجامی ئەمانەشدا خەڵکی شەت ئەلعەرەب هەست بە پشتگوێخستن و بێ پشتیوانی دەکەن.

## لایەنە کاریگەرو سەرەکییەکان و وەڵامدانەوەی بەرنامەیی و سیاسەت

سەرکردە هۆزەکان و دەسەڵاتدارانی حکومەت وەک لایەنی سەرەکی لە چارەسەرکردنی ململانێکانی پەیوەست بە کەشوهەوا دەبینرێن. سەرکردەی خێڵەکان لە ڕێگەی دابونەریتی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ ململانێکان دەکەن و ئەگەر چارەسەریش نەکرێن، بابەتەکان دەبرێنە دەسەڵاتی دادوەری. بەڵام هەردوو سەرکردەی خێڵ و لایەنەکانی حکومەت وەک هۆکاری ناکۆکی هەست پێدەکرێن لەبری ئەوەی کە بە شێوەیەکی کاریگەر چارەسەری گرفتەکان بکەن. هەندێک لە دانیشتووان پێیان وایە سەرکردەی خێڵەکان لە بەرژەوەندی خۆیاندا مامەڵە دەکەن، لەکاتێکدا سەرکردەکانی حکومەت پلانێکی بەردەوامیان نییە بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان. هەروەها لایەنە حکومییەکان بە گەندەڵی و ئەولەویەتدان بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان تۆمەتبار دەکرێن. دانیشتووان هەست دەکەن حکومەت شکستی هێناوە لە هەوڵەکانی بۆ کەمکردنەوەی دەرەنجامە خراپەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و بەدوای هاوکاری دەگەڕێن لە کۆمپانیا نەوتییەکان بۆ پاراستنی

کۆمەڵگاکەیان. پێویستە بیر لە دەستپێشخەرییەکانی وەک زیادکردنی سەوزایی لە ڕێگەی چاندنی نەمام و کۆنترۆڵکردنی فڕێدانی پاشەڕۆی کارگەکان بۆ ناو ڕووبارەکە و دابینکردنی هەلی کارکردن بۆ هاوڵاتیانی ناوچەکە بکرێتەوە.

## قەزای ئەلزوبەیر (پارێزگای بەسرە)

### پڕۆفایلی قەزاکە و باکگراوندی

قەزای ئەلزوبەیر بەشێکە لە پارێزگای بەسرە و لە سێ ناحیە پێکهاتووە کە بریتین لە ناوەندی ئەلزوبەیر و ئوم قەسر و سەفوان. ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە ٤٥٠ هەزار کەسە و ناسنامەی خێڵەکی تایبەتمەندییەکی دیارە لەنێو دانیشتووانەکەدا. هۆزە سەرەکییەکانی قەزاکە دەتوانرێت بەسەر سێ بەشدا دابەشبکرێن: ئەوانەی لە پارێزگای میسانەوە هاتوون، وەک ابو محەمەد، ئەلسودان، بەنی مالیک. دووەمیان ئەوانەن کە لە پارێزگاکانی دیکەوە هاتوون وەک پارێزگای زیقار و کە ئەوانیش ئەلمونتەفیق، ئەلسەعدوون، ئەلسەڕافین، ئەلشورەیفات، ئەلبۆساڵح لەخۆ دەگرن. سێهەمیان ئەوانەن کە هۆزە ڕەسەنەکانی بەسرەن کە ئەونیش بەنی سەعد و بەنی تەمیم، شەمار، ئەلعیدان. قەزاکە وەک بەشەکانی دیکەی پارێزگاکە، زۆر پشتی بە کەرتی نەوت و گاز دەبەستێت، ڕۆژانە نزیکەی ٢ ملیۆن بەرمیل نەوت و ٩٠٠ هەزار پێ سێجا غاز بەرهەم دەهێنێت. هاوکات ٥٥٪ی کۆی یەدەگی نەوتی عێراقیش پێکدەهێنێت. سێکتەری گاز و نەوت لە ناوچەکە وایکردووە کە دانیشتوانی ناوچەکانی دیکە بۆ کارکردن کۆچ بۆ قەزای زوبێر بکەن، کە زۆربەیان لە پارێزگاکانی زیقار و میسان و ناوچەکانی دیکەی بەسرەوە دێن. کشتوکاڵ یەکێکی ترە لە کەرتە ئابوورییە گرنگەکانی قەزاکە. ئەلزوبەیر وەک خاڵێکی سەرەکی هاتنەناوەوەی کاڵاو شمەک و خزمەتگوزای دادەنرێت چونکە چەند بەندەرێکی گرنگی تێدایە لە ناوچەکانی (خۆر ئەلزوبێر) و سنوری وشکاییشی لەگەڵ خاکی کوەیت هەیە.

سەرچاوەکانی ناکۆکی لە قەزاکەدا بریتین لە لێشاوی کۆچبەرانی ئابووری بۆ ناو قەزاکە کە دەبێتە هۆی گرفتەکانی پەیوەست بە قەرەباڵغی و فشار لەسەر خزمەتگوزارییە هەبووەکان کە خۆیان لەخۆیاندا خراپن. هەروەها ململانێی پەیوەست بە زەوی پرسێکە هەروەک ململانێ سیاسییەکان. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی خێڵەکی قەزاکە، زۆرجار ململانێ تاکەکەسییەکان دەگۆڕدرێن بۆ ململانێی خێڵەکی گەورەتر. سەرەڕای دەوڵەمەندبوون بە سامانە سروشتییەکان، دانیشتووان هەست بە پشتگوێخستن و پەراوێزخستن دەکەن لەلایەن حکومەتەوە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و دەرفەتی ئابووری گونجاو. هەروەها کۆمپانیاکانی نەوت وەک کێشەیەک لە قەزاکەدا سەیر دەکرێن: نەک هەر پیسکەری ژینگەن بەڵکو زیاتر هەلی دامەزراندن بۆ ئەوانە دەڕەخسێنن کە لەدەرەوەی قەزاکەوە هاتوون، کە ئەمەش دانیشتوانەکەی توڕەکردووە . جگە لەوەش، کاتێک ئەم کۆمپانیایانە تەندەر بۆ گرێبەستەکان دەکەن، بەپێی زانیارییەکان دەبێتە هۆی ناکۆکی لە نێوان ئەو بازرگانانە و لایەنە سیاسییانەی کە بەدوای گرێبەستەکان و قازانجە داراییەکانیانەوەن. کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا - بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، وشکەساڵی، بیابانبوون - ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ئەم پرسانە هەیە.

### ڕێگاکانی کەشوهەوا

**سەرچاوە سروشتییەکان.** گۆڕانی کەشوهەوا بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و وشکەساڵی و بیابانبوون. ئەمەش کاریگەری لەسەر بەردەستبوون و کوالیتی ئاو لە قەزاکەدا هەبووە. لە ڕووی کوالیتی ئاوەوە، ئاستی سوێری یەدەگی ئاوی ژێر زەوی قەزاکە زیادی کردووە، ئەمەش وایکردووە کە بەکارنەهێنرێت و وایکردووە دانیشتووان پشت بەو سەرچاوە ئاوە شیرینانە ببەستن کە سەرچاوەیان لە ناوچەی ئەلبیدعەدایە لە پارێزگای زی قاری دراوسێیە. جگە لەوەش، شوێنە سەوزەکان و لەوەڕگاکان بەهۆی کەمی ئاوەوە بچووک

بوونەتـەوە، ئەمـەش لـە بەرامبـەردا کاریگەری لەسـەر مـەڕدارەکان دروستکردووە. هەروەهـا بەهـۆی کەمـی ئاودێـری کـە بەهـۆی کەمـی ئـاوەوە دروسـت بـووە، کاریگـەری لەسـەر بەرهەمـی دانەوێڵـە هەبـووە. بەهـۆی ئـەوەی زەوی کشـتوکاڵی چیتر ناتوانێـت ئـەو سـودانەی هەبێـت کـە لێچاوەڕواندەکرێـت، زۆرێـک لـە جووتیـاران و خـاوەن ئاژەڵـەکان زەویەکانیـان گۆڕیـوە بـۆ مەبەسـتی نیشـتەجێبوون کـە ئەمـەش بووەتـە هـۆی هەندێـک گـرژی لـە قەزاکـەدا لەئەنجامـی سـەرپێچیکردن لـە سـنورەکانیاندا. لـە کاتێکـدا کـە ئاوەکـە کەمیشـە و بەشـی پێویسـت نـاکات، هەندێـک لـە قەزاکـەدا پێیان وایـە نایەکسـانی هەیـە لـە دەستڕاگەیشـتن بـە ئـاو، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە کـە بیـرە سـەرەکییەکان و ئـاوی بنـزەوی لـە سەرانسـەری قەزاکـەدا بڵاوبوونەتـەوە. ئـەوان ئـەم نایەکسـانییە دەگەڕێننـەوە بـۆ خراپـی بەڕێوەبردنـی ئـاو لـە نێـوان دەسـەڵاتدارانی قەزاکـە و هەروەهـا ئیعتباراتـی سیاسـی کـە هەندێکیـان لـە بەرژەوەنـدی هەندێـک کەسـی تردایـە.

**نائاسایشـی بژێـوی ژیـان.** بژێـوی ژیانـی قەزاکـە بەهـۆی کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا کاریگەرییـان لەسـەر بـووە. نـەک هـەر بووەتـە هـۆی لەدەسـتدانی ئامـرازە ئابوورییـەکان بـۆ ئەوانـەی وابەسـتەن بـە کەرتـی کشـتوکاڵەوە – هـاوکات ڕێـژەی بـەرزی بێـکاری زیاتـر کـردووە کـە خـۆی لـە خۆیـدا خراپـە، بـە تایبـەت لـە نێـوان گەنجانـدا – بەڵکـو بووەتـە هـۆی بەرزبوونـەوەی نرخـی کاڵاکان بەهـۆی ئـەوەی ئێسـتا هـاوردە دەکرێـن بـۆ قەزاکـە لەبـری ئـەوەی لـە ناوخـۆدا بەرهـەم بهێنرێـن. جگـە لـەوەش ئەوانـەی لـە پیشـەی کشـتوکاڵدا ماونەتـەوە، ناچـار بـوون بودجـەی خۆیـان زیاتـر بەکاربهێنـن بـۆ ئـەوەی ئامێـری پاککردنـەوەی سـوێری ئـاو و پێوانـەی تایبـەت بـە تێچـووی زۆر بەدەسـتبهێنن بـۆ ئـەوەی بتوانـن بەرگـەی کاریگەرییەکانـی وشکەسـاڵی بگـرن. بەهـۆی زۆری سـوێری ئـاوی بیـرەکان و نەبوونـی پاککـەرەوەی ئـاو کـە لەلایـەن حکومەتـەوە پاڵپشـتی دەکرێـت، دوودڵییەکـی ڕوون لەلایـەن خـاوەن کێڵگەکانـەوە هەیـە بـۆ مانـەوە و بەردەوامبـوون لـە پرۆسـەی جوتیاریکردنـدا. هەروەهـا ئاژەڵـدارەکان بـە تایبەتـی ئەوانـەی کـە وشـتر و مەڕیـان هەیـە، بەهـۆی کەمـی ئـاوی شـیرین و شـوێنی لەوەڕاندنـەوە ناچاربـوون ئاژەڵەکانیـان بفرۆشـن. لـە مانگەکانـی زسـتاندا دانیشـتووان گەڕاونەتـەوە بـۆ بڕینـی دارەکان بـۆ ماڵەکانیـان؛ هەروەهـا دار بـۆ چێشـت لێنـان بەکاردەهێنرێـت چونکـە هاوڵاتـی کـەم هەیـە توانـای کڕینـی سـۆبەی غازیـان هەبێـت. هەمـوو ئەمانـە بوونەتـە هـۆی سـەختی دارایـی زیاتـر لـە قەزاکـەدا. خراپبوونـی دۆخـی ئابـووری بووەتـە هـۆی بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی تـاوان. خەڵـک تـاوان ئەنجام دەدەن بـۆ بەدەسـتهێنانی پـارە بـۆ کڕینـی ئامێـری سـاردکەرەوە بـۆ مانگـە گەرمەکانـی هاوینـدا.

**نائاسایشـی خـۆراک.** کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوا لەگـەڵ هۆکارەکانـی دیکـەی وەک ناسـەقامگیری دراو و قۆرخکردنـی بازرگانـان بـۆ کاڵا سـەرەکییەکان تێکـەڵ بـووە و بووەتەهـۆی بەرزکردنـەوەی نرخـی پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی وەک خـۆراک لـە قەزاکـەدا. ئەمـەش کێشـەی دارایـی زیاتـری بـۆ ئـەو دانیشـتووانە دروسـتکردووە کـە دەناڵێنـن بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییە سـەرەتاییەکانیان. بـە گشـتی دانیشـتوانی قـەزای ئەلزوبەیـر بەهـۆی کەمـی سـەرچاوە داراییەکانیانـەوە لە هەوڵـدان بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی دەرئەنجامەکانی گۆڕانـی کەشـوهەوا.

**حوکمڕانـی لاواز.** خزمەتگوزارییـەکان لـە قـەزای ئەلزوبەیـر و قەزاکانـی دیکـەی بـەسرە، کەموکـوڕی زۆریـان پێوەدیـارە. زۆرجـار گەندەڵـی دەسـتوەردان دەکات لـە هەوڵەکانـی چارەسـەرکردنی کێشـە ڕیشـەییەکان. بۆ نمونـە، بەڵێندەرەکان دەسـت دەکەن بـە دروسـتکردنی پـڕۆژەی ژێرخانـی و دواتـر لەپـڕدا دیـار نامێنـن بەبـێ ئـەوەی پرۆژەکانیـان تـەواو بکـەن. لـە ڕابـردوودا، هاوڵاتیانـی ناوچەکـە خۆپیشـاندانیان ئەنجامـدا لـە دژی خراپـی کوالیتـی بنکـە تەندروسـتییەکان کـە پێداویسـتییە پزیشـکییەکانیان کەمـە، بەکارهێنانـی نایاسـایی تـۆڕی ئـاوی نیشـتمانی و دەسـتوەردانی دەسـەڵاتدارە گەندەڵـەکان لـە پـڕۆژە ژێرخانەییـەکان. سـەرەڕای ئـەم ناڕەزایەتیانـە، تێڕوانینێـک لـە نێـو دانیشـتوواندا هەیـە کـە ئـەو

پڕۆژانــەی کــە ســوود بــە کۆمپانیــا نەوتییــەکان دەگەیەنـن، هێشـتا ئەولەویەتیـان پێدەدرێـت بەسـەر بوارەکانــی پێویســتەکانی دیکــەدا.

لایەنــە کاریگــەر و ســەرەکییەکان و وەڵامدانــەوەی بەرنامەیــی و سیاســەت

لایەنــە ئەمنــی و دادوەرییــەکان، ســەرکردەی هــۆزەکان و دەســەڵاتدارانی کارگێــڕی وەک لایەنــە پەیوەندیــدارە ســەرەکییەکان ســەیر دەکرێــن کــە توانــای چارەســەرکردنی ئــەو گرژییانەیــان هەیــە کــە بەهــۆی کاریگەرییەکانــی گۆڕانــی کەشــوهەوا دروســت دەبـن. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا تێڕوانینێکـی گشـتی هەیـە کـە لایەنـەکان ناتوانـن ئـەو کارە بکـەن بەهـۆی سـنوورداری تواناکانیـان، ئینتیـما و کاریگەریی سیاســی و گەندەڵــی، کــە هەمــوو ئەمانــە بوونەتــە هـۆی تێکدانـی دابینکردنـی خزمەتگـوزاری و شـێوازی بەڕێوەبردنــی کەرتــی گشــتی و جێبەجێکردنــی یاســا و ڕێســاکان. ڕێکخــراوە ناحکومییــەکان وا دەبینرێــن کـە بەشـێک لـە بۆشـاییەکان پڕدەکەنـەوە بـەڵام ئەمـە زیاتـر لـەڕووی دابینکردنـی خزمەتگوزاری تەندروسـتی و پەروەردەییەوەیـە بـۆ ئەوانـەی زۆرتریـن پێویسـتیان پێیەتــی و نــەوەک ڕاســتەوخۆ چارەســەرکردنی ئــەو کێشــانە بێــت کــە کاریگەرییەکانــی گۆڕانــی کەشـوهەوا دروسـتی کـردوون. بـە کورتـی، پێناچێـت هیـچ کام لـەو لایەنانـە کـە دەستنیشـانکراون ڕۆڵێکـی بنیاتنـەر بگێـڕن لـە یارمەتیدانـی کەمکردنـەوەی ئـەو کێشــەکانی کــە بــە هــۆی گۆڕانــی کەشــوهەواوە دروســت بــوون.

# ٥.پێشنیارە سەرەکییەکان

ئـەم توێژینەوەیـە تیشـکی خسـتۆتە سـەر چەنـد ئاڵنـگاری و بۆشـاییەکی هاوشـێوەو پەیوەسـت بـە وەڵامدانـەوەی ململانـێ و گرژییەکانـی پەیدابـوو بەهـۆی گۆڕانـی کەشـوهەواوە. بـۆ نموونـە، هۆشـیارییەکی کەم لەبارەی سـتراتیژییە نیشتمانییەکان هەیـە کـە ئامانجیـان یارمەتیدانـی کەمکردنـەوەی کاریگەرییەکانـی گۆڕانـی کەشـوهەوایە: جگـە لـە هەندێـک ڕێسـا سـەبارەت بـە پرسـەکانی بەکارهێنانی ئـاو کـە سـەرچاوەیان گرتـووە لـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ یـان وەزارەتـی سـەرچاوە ئاوییەکانـەوە، ئەم سـتراتیژیا و هەوڵانـە لـە قەزاکانـدا بەدینەدەکـران. لـە هەمـان کاتـدا، حکومـەت و لایەنـە سـەرەکییەکانی دیکـە کـە دەستنیشـان کـراون لـە هەمـوو ئـەو قەزایانـەی لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر کـراوە، وا دەرناکەوێـت کـە بـە یـەک دەنـگ یـان لـە ڕێگـەی سـتراتیژییەکی هەمەهەنگـەوە وەڵامـی ئاڵنـگاری گۆڕانـی کەشـوهەوا بدەنـەوە کـە لەلایـەن هاووڵاتیانـەوە لێـی ئاگادارکراونەتـەوە. دەرئەنجامەکـەی ئەوەیـە کـە هەوڵەکانـی وەڵامدانـەوە لـە باشـترین حاڵەتـدا ناتەبـا دەبـن. وە لـەو شـوێنانەی کۆششـیش هەبێـت، ئـەوا لـە ئاسـتی چاوەڕوانـی زۆربـەی دانیشـتواندا نابێـت. بـۆ نموونـە جوتیـاران گلەیـی ئـەوە دەکـەن کـە پێویسـتیان بـە یارمەتـی ڕاسـتەوخۆی زیاتـری وەزارەتـی کشـتوکاڵە، لـە کاتێکـدا دانیشـتوانی دیکـەش بـاس لـە نەبوونـی چاودێرییەکـی دروسـتی پۆلیـس و جێبەجێکردنـی ڕێسـاکانی هەنووکەیـی ئـاو وەک کێشـەیەکی سـەرەکی بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ گرژییەکانـی دەوروبـەری دەسپێڕاگەیشـتن بـە ئـاو دەکـەن. لای خۆیانـەوە، لایەنـە حکومییەکانـی قـەزاکان و دانیشـتووان بـە هەمـان شـێوە گلەیـی لـە نەبوونـی بودجـەی گونجـاو و پشـتگیریی دارایـی بـۆ بەرێوەبەرانـی قـەزاکان دەکـەن بـۆ ئـەوەی بتوانـن ڕووبـەڕووی ئـەو ئاڵنـگاری و ململانێیانـە ببنـەوە کـە بەهـۆی گۆڕانـی کەشـوهەواوە دروسـت دەبـن و هاوکاتیـش پێویسـتیی دامـەزراوە و لایەنـە حکومییـە نیشـتمانییەکان بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـە سـەرەکییەکان کـە لـە دەرەوەی دەسـەڵات و مـەودای دەسـەڵاتدارانی قەزاکانـن. بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەم پرسـانە، وە هەروەهـا بـە پشتبەسـتن بـە ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکـە و ڕاوێـژی تاکەکەسـی لەگـەڵ لایەنـە پەیوەندیـدارەکان، توێژینەوەکـە ئـەم پێشـنیارانەی خـوارەوە پێشـکەش دەکات.

**پێشنیاری یەکەم:**

**بەهێزکردنی پرۆسە گشتگیرەکان**

**ئاسـانکاری بـۆ پرۆسـەکانی گفتوگـۆی چارەسـەرکردنی کێشـەکان کـە لایەنـە ناوخۆیـی و پارێزگایـی و نیشـتمانییەکان بەیەکەوە دەبەسـتنەوە و بەشـدارییان تێـدا دەکـەن.** پێویسـتییەک بـە ئاسـانکاری بـۆ پرۆسـەکانی گفتوگـۆی چارەسـەرکردنی کێشـەکان لـە هەمـوو ئـەو قەزایانـەی لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر کـراوە هەیـە کـەوا هەڵدەسـتێت بـە یەکخسـتنی سـەرکردەکانی هـۆزەکان و دەسـەڵاتدارانی حوکمڕانـی شـارەوانییەکان، لەناویانـدا نووسـینگەی پارێـزگار، بـۆ چارەسـەرکردنی ئاڵنـگاری کەمـی ئـاو و پرسـەکانی دیکـە کـە بەهـۆی گۆڕانـی کەشـوهەوا یـان پەیدابـوون یـان بەهێزتـر بـوون. هەروەهـا دەبێـت ئـەم پرۆسـانە بەشـداریکردنی خەڵکـی گشـتی و ئەوانـەی زۆرتریـن کاریگەرییـان لەسـەرە بەهـۆی گۆڕانـی کەشـوهەواوە وەک جوتیـاران لەخـۆ بگرێـت، هەروەهـا دەبێـت ئامانجـی ئـەوە بێـت کـە بکاتـە لوتکـە لـە پلانـی وەڵامدانـەوەی گۆڕانـی کەشـوهەوا کـە دەتوانرێـت لەلایـەن دەسـەڵاتدارانەوە بەکاربهێنرێـت بـۆ یارمەتیدانـی سەرپەرشـتی کردنـی هەوڵـەکان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی دەرئەنجامەکانـی قەیرانـی کەشـوهەوا. بـۆ نموونـە، ئـەو قەزایانـەی بەدەسـت بەبیابانبوونـەوە دەناڵێنـن - عەفـەک، بێجـی، چەمچەمـاڵ، حەمـزەی ڕۆژهـەڵات، حەویجـە، کفـری و زوبەیـر - ڕەنگـە دەستنیشـانی پێویسـتی بـۆ بەشـداریکردن لـە پرۆژەیەکـی سـەوزاییدا بکـەن کـە تێیـدا ڕووەک و نەمـام بـە ژمارەیەکـی زۆر دەنێژرێـن بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئـەم کێشـەیە، هـەروەک

دەڵێن لە قەزاکانی دەرەوەی بازنەی ئەم ڕاپۆرتەدا تا ڕادەیەک بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراوە.

ئەم پرۆسە گفتوگۆییانە پێویستە تا ئەو شوێنەی دەتوانرێت گشتگیر بن و کۆمەڵێک لایەنی بەرفراوان بەشداربن، کە هەموویان پێویستن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر چارەسەری ئەو کێشانە بکەن کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە سەرهەڵدەدەن و خراپتر دەبن، وە هەروەها پێشنیاری ڕێگەچارە ڕێتێچووەکانیش بکەن. لەوانە:

- بەڕێوەبەرانی قەزا و پارێزگاکان، لەوانەش قایمەقام، بەڕێوەبەری ناحیەکان، موختارەکان، بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەت، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، نوێنەرانی نووسینگەی پارێزگار، و میکانیزمەکانی ئاشتی ناوخۆیی کە هەن ، وەک لیژنەکانی ئاشتی ناوخۆیی و گروپەکانی ناو قەزاکان.[٤٥]

- دەسەڵاتە حکومییە نیشتمانییەکان لە هەردوو لقی جێبەجێکردن و یاسادانان، لەنێویاندا وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، وەزارەتی ژینگە، پەرلەمانتارانی قەزاکان، و ڕاوێژکارانی ئاسایشی نیشتمانی، لەنێو ئەوانی تردا؛ و

- لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەوانەی کە دەکەونە ناو ناوچە جێناکۆکەکانەوە، پەیوەندی بەستن لەگەڵ دامەزراوە هاوشێوەکانی حکومەتی هەرێم لە هەردوو لقی حکومەتدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێوەستییەکی زۆر هەیە بە هەر یەک لە ئامۆژگاری بۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کەشو هەوا، وە بۆ وەڵامەکان کە زیاتر هەستیار بن بەرامبەر گرژی، وە هەروەها بە ڕەچاوکردنی هیچ-زیان-مەگەیەنە وەک یەکێک لە ڕێگا تێکەڵکراوەکان. خاڵە سەرەکییەکانی دەستپێک بۆ بنیاتنانی پرۆسەکانی گفتوگۆ بریتین لە نووسینگەکانی قایمەقامێت، کاربەدەستانی قەزاکان، میکانیزمەکانی ئاشتی ناوخۆیی هەنووکەیی وەکو لیژنەکانی ئاشتی ناوخۆیی و گروپەکانی کاری قەزاکان، و سەرکردەکانی هۆز و پێکهاتەکان. ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان کە ئەزموونی بنیاتنان و ڕێخۆشکردنی پرۆسەی ئاشتی و گفتوگۆی ناوخۆییان هەیە بریتین لە ڕێکخراوی ڕێگاکانی ئاشتی (PPO)، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP)، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچکردن (IOM)، پەیمانگای ئاشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (USIP)،ڕێکخراوی ئەڵمانی بۆ هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی (GiZ)، و دامەزراوەی تەحریر بۆ گەشەپێدان.[٤٦]

**پێشنیاری دووەم:**

## بەهێزکردنی هاوبەشی و هەماهەنگی لە ناو وە لە نێوان ئاستە ناوخۆیی و نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان

**پێکەوەبەستنەوەی پرۆسە ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی.** هەردوو پرۆسەی سیاسەتی نیشتمانی و ئۆپەراسیۆنی وەڵامدانەوە کە لە کاردان - پلانی نیشتمانی گونجاندن و کاغەزی سەوز - بواری بەشداریکردنی کۆمەڵگا لەخۆدەگرن، بەڵام وەک پێشتر باس کرا، سەرکردەکانی قەزاکان یان ئەو پێکهاتانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا باسکراون ئاگاداری ئەم پرۆسانە نین. لە کاتێکدا ئەم پرۆسە نیشتمانیانە پێویستن،

---

٤٥ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میکانیزمەکانی ئاشتی ناوخۆیی لە عێراق، بڕوانە Mac Skelton and Osama Gharizi ."Relationship Between Local Peace Mechanisms in Iraq and Other Governance Structures", Chemonics International, April ٢٠٢٠

٤٦ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەکانی ئاشتی و دانوستانی ناوخۆیی لە عێراق و چۆنیەتی داڕشتن و جێبەجێکردنیان، بڕوانە "Local Peace Processes Toolkit", International Organization for Migration and Peace Paradigms Organization, October ٢٠٢٢ .https://iraq.iom.int/sites/g/files/tmzbdl1316/files/documents/Local%20Peace%20Processes%20Toolkit%20%28final%20version%29.pdf

دەبێت لەلایەن پرۆسەکانی وەڵامدانەوەی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ئاستی کۆمەڵگا زانیارییان پێ بدرێت و تەواو بکرێن کە ئەویش بە بوونی پلان بۆ سەرکردەکانی قەزاکان بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن و پێوەی پابەندبن سەرکەوتوو دەبێت بۆ ئەوەی ئەو ململانێیانە کەمبکەنەوە کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا دروست دەبن و خراپتر دەبن (پێشنیازی یەکەم).

زۆر گرنگە کە پرۆسەکان و پلانەکانی وەڵامدانەوە کە لە کۆمەڵگاوە سەرچاوەیان گرتووە، زانیاری بە پرۆسە نیشتمانییەکان و هەوڵەکان بدەن کە ئامانجیان دارشتنی وەڵامێکی حکومی یەکگرتووە بۆ ئەو ململانێیانەی بەهۆی کەشوهەواوە دروستبوون- هەر شتێک کەمتر لەمە دۆخێک دروست دەکات کە پلانە نیشتمانی و کۆمەڵگەییەکان بە هەڵە ڕێکبخرێن، کە وادەکات پلانەکانی ئاستی کۆمەڵگا بەبێ بوونی ئەو سەرچاوانەی کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنیان سەرنەگرن. لە هەمان کاتدا، ئەم پرۆسانە دەبێت یارمەتیدەر بن بۆ کەمکردنەوەی کێبڕکێی هەنووکەیی لە نێوان لایەنە حکومییەکان، بەتایبەتی لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، وە لە نێوان ئەمانەو لایەنە فیدراڵیەکانی تر و حکومەتەکانی پارێزگاکان، بەتایبەتی لەسەر ڕێساکانی بەکارهێنانی ئاو. بۆ بەدەستهێنانی ئەمە، دەبێت ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان هەوڵبدەن هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتە سەرەکییەکان بکەن، بەتایبەتی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی ژینگە، لەسەر پرسی یارمەتیدانی بەیەکەوەبەستنەوەی ئەو پرۆسانەی کە لەسەر ئاستی نیشتمانین لەگەڵ ئەوانەی سەر ئاستی شارەوانییەکان.

بە شێوەیەکی تایبەت، ئەم چەند هەنگاوە بەرجەستانەی خوارەوە دەتوانن پاڵپشتی هاوبەشی وهەماهەنگییەکان بکەن و پتەوتریان بکەن:

- دامەزراندنی مەکۆی بەردەوام بۆپەیوەندیکردن و هەماهەنگی لە نێوان کاربەدەستە ناوخۆیی و ناوچەیی و نیشتیمانییەکانی کار لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا دەکەن. ئەمە دەتوانێت کۆبونەوەی مانگانە، سەکۆیەکی سەر هێڵ، وە هەروەها لووتکەی ساڵانە لە خۆوە بگرێت بۆ تاووتوێکردنی هەوڵەکان.
- پێکهێنانی لێژنەی ڕاوێژکاری گۆڕانی کەشوهەوا کە هەموو چینەکانی حکوومەت و کۆمەڵگا ناوخۆییەکان و مەدەنییەکان لەخۆبگرێت. ئەم کۆمەڵانە دەتوانن ئامۆژگاری تایبەت بە سیاسەتە هاوتەرییەکان و ئەولەوییاتەکان پێشکەش بکەن.
- پەرەپێدانی ڕێنووێنی ڕوون و کەناڵ بۆ گەشەپێدانی زانیاری ناوخۆیی و تێڕوانینەکان بە مەبەستی پێدانی زانیاری لە هەڵسەنگاندنەکانی گۆڕانی کەشوهەوای نیشتیمانی و پلانی کار و چاکسازی سیاسەتەکان.
- ڕەخساندنی ڕاهێنان و پاڵپشتی سەرچاوەکان بۆ ستاف و کۆمەڵگا نیشتیمانییە حکوومیەکان بۆ بەدواداچوون و بە بەڵگەکردن و ڕاپۆرت ئەنجامدان لەسەر کاریگەرییەکانی کەشوهەوا و پێداویستییەکانی خۆگونجاندن بە شێوازێکی کاریگەر.
- لەخۆگرتنی سەرکردایەتی پارێزگایی و نیشتیمانی لە هێزەکانی ئەرکی نیشتیمانی گۆڕانی کەشوهەوا و کۆبوونەوە ستراتیژی و کۆنفرانسەکانبۆبەدەستهینانیداهێنانەکانیان.
- سەرپەرشتیکردنی دارایی پرۆژە تاقیکارییە هاوبەشەکان لە نێوان ئاژانسە نیشتیمانییەکان و ناوچە ناوخۆییەکان بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگاکانی خۆگونجاندنی کەشوهەوا کە دەتوانێت زیاد بکرێت، وە هەروەها پەرەپێدانی هاندەرەکان بۆ هەماهەنگی کردن لە دەستپێشخەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا وەک سەرپەرشتیکردنی دارایی پرۆژە هاوبەشەکانی خۆگونجاندن.

- کاریگەریکردنـە سـەرئەو پێکهاتانـەی کـەوا لـە ئـارادا هـەن وەک لێژنـە پارێزگاییەکانـی وەڵامدانـەوەی کارەسـاتە لێکەوتووەکانـی کەشـوهەوا.

- پاڵپشـتی کردنـی هەڵسـەنگاندنی هەماهەنـگ بـۆ لاوازی کەشـو هـەوا و پلانەکانـی خۆگونجاندنن لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی کـە هاوشـانی ئەولەویات و چوارچێوە نیشـتیمانییەکانە.

- هاندانـی ئـەو سیاسـەتە نیشـتیمانییانەی کـەوا نـەرم و نییانـی دەسـتەبەر دەکـەن بـۆ ڕێگەچـارە ناوخۆییەکانـی کەشـوهەوا لـە میانـەی تاووتوێکردنـی سـتراتیژییە فراوانـترەکان.

- بەهێزکردنـی سیاسـەت و دامـەزراوەکان بـۆ شـەفافیەت و پەیوەنـدی و گفتوگۆکـردن و تەرخانکردنـی سـەرچاوەی دادپەروەرانـە بـۆ بنیادنانـی متمانـە لـە نێـوان لایەنـەکان.

- پشـتیوانی کردنـی دەستپێشـخەرییە هاوبەشـە ناوخۆییـەکان وەکـو مۆدێلـی دووبـارە. دەسـتەبەرکردنی سـەکۆ بـۆ پارێـزگاکان/ پارێـزگارەکان بـۆ هاوبەشـیکردنی باشـترین پراکتیـزەکان.

- بەرەوپێشـبردنی هاوبەشـی و ئاڵوگـۆڕی زانیـاری لـە نێـوان دەسـتە جیاوازەکانـی بەڕێوەبـردن کـەوا بـە ئامانجـی ئامادەپێکردنـی پرسـەکانی گۆڕانـی کەشـوهەوان لـە عێراق ئەمەشـیان بـە مەبەسـتی ڕێگریکـردن لـە دووبـارە بوونـەوە و بەسـەریەکداکەوتنی ئاسـتەکانی بەرنامەڕێـژی لـە ڕێـگای پلاتفۆڕمێـک بـۆ هەماهەنگـی و ئاڵوگـۆڕی کـەوا بەخشـەرە سـەرەکی و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان وە هەروەهـا ئاژانسـەکانی UN و هاوتـا حکومیەکانیـان لـە یـەک نزیـک دەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانـن گفتوگـۆ لەسـەر ئەولەویەتـە ستراتیژیەکان و ئاراسـتەکان بکـەن لەسـەر ئاسـتی هـەردووک سیاسـەت و بەرنامەڕێـژی.

- جەخـت لەسـەر ئـەوە بکرێتـەوە کـەوا هەوڵەکانی دەسـتە جیـا جیاکانـی بەڕێوەبـردن یەکگیرکـراون بـە مەبەسـتی زیادکردنـی کاریگەری ئـەو هەوڵانە، بـۆ دڵنیابـون لـەوەی کـەوا ئـەو ڕێگایانـەی گیراونەتـە خـۆ لـە لایـەن ئـەو دەسـتانەوە پاڵپشـتن بـە زانیـاری لەسـەر چوارچێـوەکان، هەسـتیارن بەرامبـەر بـە گـرژی و کەشـو هـەوا، بەشـداری لـە خـۆ دەگـرن، وە هەروەهـا گشـتگیرن.

- بەردەسـتکردنی ئاسـانکاری زیاتـر بـۆ هەماهەنگـی و ئاڵوگـۆڕی زانیـاری بـە مەبەسـتی بەهێزکردنـی توانسـتی بەکارهێنانـی زانیـاری.

- پشـتگیریکردن لـە گواسـتنەوە و هاوبەشـیپێکردنی چوارچێوەکانـی هەماهەنگـی و ئاڵوگـۆڕی بـۆ ئاسـتە ناوخۆیـی و سـەر ئاسـتی شـارەوانییەکان بـۆ دڵنیا بـوون لـەوەی کـەوا هەماهەنگـی بەدەسـت هێـنراوە هـەر لـە ئاسـتی نیشـتیمانییەوە تاوەکـو ناوخۆیـی، وە هەروەهـا بـۆ دڵنیابـوون لـەوەی کـەوا وەڵامدانـەوەی ناوخۆیـی هاوتەرییـە لەگـەڵ سیاسـەتەکانی ئاسـتی ناوخۆیـی و ئاراسـتە سـتراتیژیەکان وە هەروەهـا تەواوکەریشـیانە.

- پەرەپێدانـی سـتراتیژیەکانی پەیوەندیکـردن و بڵاوکردنـەوە بـە مەبەسـتی پشـتگیریکردنی هۆشـیاری بەرفراوانـتر و خاوەندارێتـی ناوخۆیـی لـە ڕێـگای ئـەو سیاسـەت و وەڵامانـەی کـە بـە چوارچێوەیـەک پەرەپێـدراون کەوا لـە هەماهەنگی و هاوکارییـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە.

**پێشنیاری سێیەم:**
## ڕەچاو کردنی وەڵامەکانی کەش و هەوا بۆ ناو پلانەکانی بودجە

**داکۆکیکردن لە زیادکردنی تەرخانکردنی بودجە بۆ قەزاکان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە کە بەلایەنی کەمەوە ڕەنگدانەوەی لایەنە هەرە دیارەکانی پلانی وەڵامدانەوەی کەشوهەوا بێت.** بودجەی قەزاکان ئامرازێکی سەرەکیین بۆ یارمەتیدان لە بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. هێشتاش وەک ئەم ڕاپۆرتە ڕۆشنایی خستوەتەسەر، زۆرێک لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی قەزاکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بودجەکانیان کورت دەهێنن، بەمەش ڕێگری دەکات لەوەی چارەسەرە سەرەکییەکان و هەوڵەکان بە بەرهەم بگەن. هەرچەندە ڕێی تێ ناچێت کە دەسەڵاتدارانی قەزاکان هەموو ئەو شتانە وەرگرن کە لە بودجەکانیاندا دەیانەوێت، بەڵام دەشێت پشتگیری و بەشدارییپێکردنی لایەنە نیشتمانی و قەزایی و پارێزگاییەکان لە پرۆسەی پەرەپێدانی بودجەدا بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەلایەنیکەم هەندێک پرسە سەرەکییەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا پارەیان بۆ دابین بکرێت.

- پشتگیریکردنی کۆمیسارانی قەزاکان (قایمەقامەکان) لە کاتی بەشداریکردنیان لەگەڵ بەرپرس و دەستە ناوخۆییەکان بە مەبەستی دەستنیسانکردنی پێویستییە هەرە گرینگەکانی قەزاکە بۆ دڵنیابوون لەوەی کەوا کەلوپەل و پێداویستییە هەرە پەیوەندیدارەکان بە ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە قەزاکان دەستنیشانکراون و داکۆکییان بۆ کراوە لە کاتی پرۆسەی پەرەپێدانی بودجە.
- پەرەپێدانی ئەو میکانیزمانەی کەوا پشتگیری لە بەڕێوەبەری قەزاکان دەکەن لە کاتی بەدواداچوونیان بۆ پێداویستییە سەرەکییەکان لەگەڵ پارێزگارەکان و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی، و پەرلەمانتارانی قەزاکان.
- پاڵپشتیکردنی پارێزگاکانی قەزاکان، ئەوانەی کە ئەرکی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ڕەشنووسێکی بودجەیان هەیە بۆ پارێزگا کە ئەویش دواتر دەنێردرێت بۆ وەزارەتەکانی پلاندانان و دارایی بە مەبەستی پێداچوونەوە، بۆ داکۆکیکردن لە پێداویستییە ناوخۆییەکان وە هەروەها بۆ زانیاریپێدان لەسەر گەشەپێدانی بودجەی کۆتایی پارێزگاکان.
- داکۆکیکردن لە پرۆسەیەکی گشتگیر کەوا ڕەچاوی ئەو زانیاریانە دەکات کە لە لایەن کۆمیسیاران و پارێزگاکانی قەزاکان دابین کراوە هاوکات لەگەڵ بەهێزکردنی میکانیزمە بەرجەستەکانی داکۆکیکردن کە پشتیوانی لە بەکارهێنانی زانیاری دابینکراوی ناو ڕەشنووسی ئەو پێشنیارانەی بودجەدا دەکەن کەوا بەرهەم هێنراوە لە لایەن وەزارەتەکانی پلاندانان و دارایی.
- بەهێزکردنی ڕۆڵی پارێزگار لە پرۆسەی بودجەدانانی نیشتیمانیدا کە لە لالەیەن دوو وەزارەتی سەرەکی نیشتیمانی بەڕێوەدەبرێن، وەزارەتی پلاندانان و وەزارتی دارایی. ئەم دوو وەزارەتە بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی وەزارەتەکانی دیکەو دەسەڵاتدارانی پارێزگاکان پێشنیاری بودجە دادەڕێژن. سەبارەت بەوەی دووەمیان، کۆمیسارانی قەزاکان (قایمەقامەکان) ئەرکی بەشداریکردنیان لەگەڵ بەرپرسانی ناوخۆیی و پێکهاتەکانیان بۆ دەستنیشانکردنی پێویستییە هەرە گرنگەکانی قەزاکە پێ سپێردراوە. پاشان ئەم برگانە دەنێردرێن بۆ پارێزگاری پارێزگاکە، کە ئەرکی نووسینی ڕەشنووسێکی بودجەی هەیە بۆ پارێزگاکە کە دواتر ئەمەش ڕەوانەی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی دەکرێت بۆ پێداچوونەوەو بەکاردەهێندرێت بۆ ئاگادارکردنەوەی پەرەپێدانی بودجەی کۆتایی پارێزگاکان. لە کۆتاییدا ئەم دوو وەزارەتە لەسەر بنەمای سەرچاوە بەردەستەکان بڕیار

لەسەر تەرخانکردنی بودجەی کۆتایی دەدەن. پارێزگارەکان هەندێک دەسەڵاتی سەرپشکانەیان هەیە لەسەر ئەوەی دەستنیشانکراوە کاتێک بودجەی کۆتایی وەردەگرن و قایمەقامەکان ڕۆڵی چاودێری سەرەکی و سەرپەرشتیکردنیان هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بودجەی قەزاکان بەپێی پلانی بودجە پەسەندکراوەکان جێبەجێ دەکرێن.

زۆر گرنگە کە زۆرترین بابەتی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە قەزاکاندا دەستنیشان بکرێن و داکۆکییان لێبکرێت لە کاتی پرۆسەی پەرەپێدانی بودجەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، تەرخانکردنی بڕێکی گونجاوی بودجە بۆ پرسی مەترسییەکانی ئاسایشی کەشوهەوا دەبیت بە پشتبەستن بە ویستی سیاسی و خاوەنداریتی بێت. ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری یارمەتیدانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی قەزاکان دەکات بۆ پەرەپێدانی پلانی وەڵامدانەوەی گۆڕانی کەشوهەوا کە لە ناو کۆمەڵگاوە هەڵقوڵا بێت (پێشنیازی یەکەم). بەبێ تەرخانکردنی بودجە بۆ ئەو پرسە هەرە گرنگانەی کە لە پلانەکانی وەڵامدانەوەی گۆڕانی کەشوهەوای قەزاکاندا دەستنیشانکراون، پێشکەوتنێکی کەم بەرەو گۆڕینی پلانەکان بۆ دەستکەوتی ڕاستەقینە لەسەر ئاستی قەزاکان وەچنگ دەخرێت.

**پێشنیاری چوارەم:**

## پەرەپێدانی توانای کاربەدەستە سەرەکییەکان و کارامەیی تەکنیکییان

**بەرزکردنەوەی توانای لایەنە حکومییەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان و وەڵامدانەوەی سیاسەتی خۆڕاگری کەشوهەوا، شتێک کە پێویستە هاوشان لەگەڵ هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئیداری ئەنجام بدرێت.** پێویستە پشتگیری توانایی و تەکنیکی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت دابین بکرێت، بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان، و نووسینگەکانی پارێزگارەکان، بە مەبەستی زیادکردنی تواناییان بۆ جێبەجێکردنی کاریگەرانەی ئەرکەکانیان. بە تایبەتی پشتگیری بۆ ئەم لایەنانە پێویستە بۆ:

- پەرەپێدان و پاراستنی ژێرخانی ئاو، کە پێویستییەکی ئەوتۆی بە چاککردنەوە هەیە لە سەرانسەری وڵاتدا.٤٧ یارمەتیدان لە باشترکردنی ژێرخان و شێوازەکانی بەڕێوەبردن یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کەمی ئاو لەسەر کۆمەڵگاکان.

- چاکسازی و بەرزکردنەوەی چاودێری و جێبەجێکردنی ڕێساکانی دەسپێڕاگەیشتن بە ئاو لە ڕێگای دەستەبەرکردن و ڕەچاوکردنی پێشبینییەکانی کەشوهەوا بۆ بەردەستبوونی ئاو لە داهاتوودا، دامەزراندنی سیستەمەکانی چاودێریکردنی ئاو (بەلەخۆگرتنی بنیادنانی زانیاری و توانای جێبەجێکردن) وە هەروەها پشتگیری لایەنە هەبووەکان یاخود تازە دامەزراوەکانی نێوەندگیری و هەماهەنگی بکرێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کێشە و گرژی و ناکۆکییەکانی تایبەت بە ئاو.

- هاوکاریکردنی جوتیاران، لەوانەش لەسەر شێوازە مۆدێرنەکانی ئاودێری و دابینکردنی تۆو بۆ ئەو بەرهەمانەی کە کەمتر ئاویان دەوێت. بەربەستەکانی دوورکەوتنەوە لە شێوازی بەکارهێنانی چڕی ئاو و ڕۆیشتن بەرەو تەکنیکە مۆدێرنەکان کە کەمتر ئاو بەفیڕۆ دەدەن- پێوستییان بە تێچوو و توانای جێبەجێکردنی شێوازە نوێیەکان هەیە. پێویستە پشتگیری زاڵ بوون بەسەر ئەم بەربەستانەدا بکرێت.

٤٧ بڕوانە، بۆ زیاتر لەسەر ئەم بابەتە: Shwan, Mohammed: The Importance of Fixing Iraq's Irrigation.
Link: https://1001iraqithoughts.com/2018/07/06/ the-importance-of-fixing-iraqs-irrigation; and FAO: Restoration of agriculture and water systems sub-program ٢٠١٨ – ٢٠٢٠. Link: https://www.fao.org/3/ca1511en/CA1511EN.pdf.

- پشـتگیریکردن لـە چاکسـازییەکانی خاوەندارێتـی زەوی و ڕێکخسـتنی شـێوازەکانی لەوەڕانـدن، کـە هەردووکیـان دەتوانـن کەرتـی کشـتوکاڵ بەرهەمدارتـر بکـەن و گـرژی لـە نێـوان خـاوەن زەوی و مەڕدارەکانـدا کـەم بکەنـەوە کـە هەمیشـە بەشـوێن لەوەڕگـەن کـە بـەردەوام لـە بچووکبوونـەوەدان بـۆ لەوەڕاندنـی ئاژەڵەکانیـان.
- پشـتگیری ناوچـە شـارییەکان بکـەن بـۆ ئـەوەی باشتر ئامادەبـن بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ لێشاوی کۆچبەرانـی کەشـوهەوادا لـە لایەنـی ڕاهاتـن لەگـەڵ هەلەکانـی کار، تێکەڵبـوون، میکانیزمەکانی دامرکاندنـەوەی ناکۆکـی و سـەرچاوە و خزمەتـە کەمبووەوەکان لـە ڕێـگای پێشخسـتنی حوکمڕانـی و پتـەو کردنـی دامـەزراوەکان.

هاوشـان لەگـەڵ ئـەم هەوڵانـە، پێویسـتە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و ڕێکخـراوە نیشـتمانییەکان یارمەتـی ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی کارگێـڕی لەنـاو کەرتـی گشـتیدا بـدەن، بەتایبەتـی لەنێـو ئـەو دامەزراوانـەی کـە لـە پێشـەنگی ڕووبەڕووبوونـەوەی قەیرانـی کەشـوهەوا و کاریگەرییـە تێکدەرەکانـی لەسـەر وڵاتـن. بەبـێ ئەمـە، بەدیهێنانـی ئـەو پێشـنیارانەی لـەم ڕاپۆرتـەدا باسـکراون، ئەسـتەم دەبێـت.

**پێشنیاری پێنجەم:**
**بەرزکردنەوەی حوکمڕانی کاریگەر**

**پشـتگیریکردن لـە هەوڵەکانـی نێوەندگیـری بـۆ چارەسـەرکردنی تەنگژەکانی حوکمڕانـی کـە بەهـۆی پرسـی ناوچـە جێناکۆکەکانـەوە دروسـت بـووە کـە هەروەهـا ڕێگـری لـەو چارەسـەرو و کردارانـە دەکـەن کـە یارمەتیـدەر دەبوون لـە کەمکردنـەوەی کاریگەرییەکانـی قەیرانـی کەشـوهەوا.** هەرچەنـدە حوکمڕانی ناکاریگەر - کە بەهۆی دەستبەسـەرداگرتنی دەوڵـەت و سـنووردارکردنی تواناکان و گەندەڵـی ئیداریـی بەربـڵاوەوە سـەریهەڵداوە- تایبەتمەنـدی زۆربـەی دامـەزراوە حکومییەکانـی وڵاتەکەیـە، بـەڵام دیاردەکـە لـەو ناوچانـەدا زەق دەبێتـەوە کـە لەلایـەن حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی هەرێمـەوە کێبڕکێیـان لەسـەرە، وەکـو چەمچەمـاڵ و کفـری و کـەلار. لێـرەدا بڕیـاردان لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی جیاوازییەکـی بەرچـاوی هەیـە، ئەمـەش وایکـردووە زۆر قـورس بێـت دەسـەڵاتدارانی حوکمـڕان بتوانـن چارەسـەری بەردەوامی ژینگەدۆسـت بەرهـەم بهێنـن کـە بتوانێـت گرژییەکانـی بەهـۆی کەشـوهەواوە پەیدابـوو چارەسـەر بـکات یـان کەمیان بکاتـەوە.

بـۆ ناوچـەی لـەم جـۆرە، پێویسـتە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی پشـتگیری لـە هەوڵەکانـی نێوەندگیـری بـکات کـە یارمەتیـدەرن لـە هەماهەنگـی و چەسپاندنی پرۆسـەکانی بڕیـاردان کە پەیوەندییان بە پرسـەکانی حوکمڕانـی ناوخۆییـەوە هەیـە، لەوانـەش ئـەو پرسانەی پەیوەسـتن بـە کاریگەرییەکانـی گـۆڕانی کەشـوهەوا. نابێـت ئـەم نێوەندگیرییـە بـاس لـە دۆخـی کۆتایـی ئـەم ناوچانـە بـکات، واتـە پرسـی هەسـتیاری مـادەی ١٤٠، بەڵکـو زیاتـر سـەرنجی لەسـەر زیادکردنـی هـاوکاری و هەماهەنگـی نێـوان هـەردوو لایـەن بێـت لەسـەر ئـەو پرسە تایبەتانـەی کـە تووشـی کۆمەڵگاکانـی ناوچـە جێناکۆکـەکان بوون.

**پێشنیاری شەشەم:**
**پشـتگیریکردن لـە هەوڵەکانـی نێوەندگیـری لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی**

**پشـتیوانی و داکۆکیکـردن لـە نێوەندگیـری حکومەتـی عێـراق لەگـەڵ وڵاتانـی ئێـران و تورکیا بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی کـە عێـراق وەرگـری لای خـوارەوەی ئـاوی ڕووبارەکانـە.** لـە کاتێکـدا وشکەسـاڵی هۆکارێکـی سـەرەکییە کـە کاریگـەری لەسـەر گرژییەکانـی کەمـی ئـاو هەیـە، لـە هەمـان کاتـدا ئـەو ڕاسـتییەش هەیـە کـە عێـراق پشـت بـە هاتنـی ئـاو لـە سـەرچاوە ئاوییەکانـەوە دەبەسـتێت کـە لـە تورکیـا و ئێرانـەوە سـەرچاوە دەگـرن. لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی گرژییەکانـی نێـوان عێـراق و دراوسـێکانی، هـەردوو وڵاتـی تورکیـا و ئێـران گـۆڕانی کەشـوهەوا بـە هـۆکاری کەمبوونـەوەی هاتنـی ئـاو بـۆ عێـراق دادەنێـن. ئـەم دۆخـە ئاڵـۆزە پێویسـتی

بە ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی دادپەروەرانەی سەرچاوەکانی ئاوی سنووربەزێن لە نێوان وڵاتانی عێراق و تورکیا و ئێراندا هەیە، ئەمەش شتێکە کە پێویستە حکومەتی عێراق لە خولی ئێستای خۆیدا ئەولەویەتی پێبدات.

لە میانەی پێشخستنی هەوڵەکانی تیمی نێوەندگیری عیراقی لە لایەنی دانوستاندن لەسەر ئاستێکی جیهانی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییە درێژخایەنەکانی کەمی ئاو لە عێراقدا، زۆر گرنگە ڕێبازێکی هەمەلایەنە و بەردەوام بۆ بەڕێوەبردنی ئاو بگیرێتەبەر. ئەمەش وەبەرهێنان لە شێوازەکانی پاراستنی ئاو دەگرێتەوە، وەکو کۆکردنەوەی ئاوی باران و سیستەمی ئاودێری کارا، هەروەها ژێرخانی پاککردنەوەی ئاو و پاکوخاوێنی. هەروەها پێویستی بە باشترکردنی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی ئاو هەیە، لەوانەش ڕێکخستنی کاریگەر و تەرخانکردنی سەرچاوەکانی ئاو (پێشنیازی چوارەم).

**پێشنیاری حەوتەم:**
## لەخۆگرتنی توێژینەوەی گشتگیر

**پاڵپشتیکردن لە تێڕامانێکی بەهێزتر لەسەر مەترسییە ئاسایشییەکانی ئێستا و داهاتوو کەوا پەیوەستن بە گۆڕانەکانی تایبەت بە کەشوهەوا، لێکۆڵینەوە لە بابەتە زیاتر بەیەکەوەبەستراوەکان وەکو کارلێککردنی نێوان کەشوهەوا، ململانێ، وە ڕەگەز یاخود سامان، وە هەروەها فەراهەمکردنی ڕێگا شیکارییە بەردەستەکان بە میتۆدۆلۆژیای زیاتر بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتنێکی گشتگیر بۆ بابەتەکە.** ڕوانگەیەکی گشتگیر و ئاوێتەیی بە گشتی، و ڕەچاوکردنی ڕەگەزی بە تایبەتی، هەتاوەکو ئێستا ڕۆڵێکی پەراوێزییان گێڕاوە لە توێژینەوەی نێوانی کەشوهەوا- ناکۆکی. لەگەل ئەمەشدا، لەبەرگرتنی ڕێبازێک لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە و ڕێبازێکی گشتگیر یەکجار گرینگە بۆ وەدەست هێنانی تێگەشتنێکی فرەلایەنەی داینامیکەکان و ئاسایش یاخود نائاسایشی ناکۆکی پەیوەندیدار بە کەشوهەوا. لەگەڵ ئەوەسدا، دانپێدانانێکی تێگەشتووانە بۆ داینامیکەکانی هێزی ڕەگەز، چین/سامان، ڕەچەڵەک یاخود ئایینی زانیاری دەخاتە بەردەست بۆ ڕێگاکانی ئاسانکاری، کەمکردنەوە، یاخود ڕێگریکردن لەو ناکۆکیانەی پەیوەستن بە کەشوهەواوە، وە هەروەها پەرە بە خۆڕاگری دەدات سەبارەت بە هەردوو لایەنەکانی ناکۆکی و گۆڕانی کەشوهەوا. بۆیە ڕێبازێکی گشتگیر و ڕەچاوکەری ڕەگەزی وا پێویستە کە پێگەیەکی دیاری هەبێت لە توێژینەوە ناوخۆییە سەرپەرشتیکراوەکان و دارشتنی سیاسەت لە چوارچێوەی بەیەکگەیشتنی گۆڕانی کەشوهەوا و ناکۆکی. لەمە زیاتریش، میتۆدۆلۆژیایە کارەکییەکە تەواو گشتگیر بووە لە هاوڵەکانی بۆ لەخۆگرتنی چوارچێوە جیاجیاکانی ڕێڕەوەکانی ئاسایشی کەشوهەوا و مەترسییە پەیوەستەکانی. بەڵام ئەوەش گرنگە کە دانپێدابنرێت کەوا چوارچێوەی شیکاری بێ سنوورداریە سرووشتییەکانی خۆی نییە. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر پەنجە بخرێتە سەر سرووشتە فرەلایەنەکەی بابەتەکە، هەمەچەشنکردنێکی ستراتیژی بۆ ڕێبازە شیکارییەکان دەبێت ڕەچاوبکرێت. لەم چەشنە فراوانکردنە میتۆدۆلۆژیاییە ڕێگە بە ڕادەستکردنی تێڕوانینێکی زێدە گشتگیرتر و ڕێک و ڕوونتر دەدات.

ڕێکخراوی ڕێگاکانی ئاشتی
شەقامی ئەلقادیسیە، ناوچەی ٦٠٦
کوچەی ١٤، خانووی ژمارە ٣٣,
بەغدا، عێراق

بەختیاری وەزیران، MNW
بینای B٣، نهۆمی ٨، شوقە ٤-١
هەولێر، عێراق

www.ppo-iq.org

peaceparadigms@
peaceparadigms/
peaceparadigms/

دامەزراوەی مرۆیی بێرگۆف
لیندێن ستراس ٣٤
بەرلین ١٠٩٦٩
ئەڵمانیا

www.berghof-foundation.org
info@berghof-foundation.org

BerghofFnd@
BerghofFoundation/
berghof-foundation/
berghoffnd@